WARVIN.ORG




رەوشەن وەردی:
زۆربەی ژنانی کورد لە ئەورووپا زمان نازانن 7

لەجیاتی داگیرساندنی مۆم بە فیشەک تەمەنی کۆژاندنەوە 16

لە کوردستان ١٤٨٧٨ منداڵ کاردەکەن 30

دوازدە ئامۆژگاری بۆ ئەو ژنانەی پیاوەکانیان سەیری مۆندیال دەکەن 36

نەبوونی تاقیگەیDNA چەند کەیسێکی دادگای دواخست 38

ئەو ژنەی لەتۆڵەی هەڵبجەدا ڤان ئالرتی ١٦ساڵ زیندانی کرد 58



**خاوەن ئیمتیاز و سەرنووسەر:** لەنجە عەبدوڵڵا Lanjaebdulla@yahoo.com

**سەرپەرشتیاری رۆژنامەوانی:** عەبدولڕەحمان عەلی ebdulrehmaneli@yahoo.com

**جێگری سەرنووسەر:** تەنیا کوردی tanya_kurdy@yahoo.com

**بەڕێوەبەری نووسین:** بەهرە حەمەڕەش behre2009@yahoo.com

**راوێژکاری یاسایی:** فەوزیە فەقێ رەشید

**راوێژکاری دەروونی:** د. توانا عەبدولڕەحمان

**راوێژکاری کۆمەڵایەتی:** م. هەتاو کەریم

**فایلەکان**

**تەندروستی:** شیلان یاسین shelan_yasen@yahoo.com

**کۆمەڵایەتی:** ئاڤان فارس جاف avanfarsjaf@yahoo.com

**وەرزش:** ئەرسەلان عەبدوڵڵا arsalansport@gmail.com

**هونەری:** رۆشنە عومەر roshnawarvin@yahoo.com

**ناونیشان:** هەولێر - شاری خەونەکان

warvin.press@yahoo.com

**نووسینگەکان**

**ئامەد:** دیلار سەولەدار

**قامیشلۆ:** لاڤە خالید

**بەغدا:** حەلا ناسر

**دوبەی:** سەنا کوردی

**بەڕێوەبەری کارگێری**

رێباز عەبدوڵڵا

07504624506

بۆ ریکلام پەیوەندی بەم ژمارە بکەن:

mob:07504624506

Normal: 0662647813

**Designed by** - Wshyar Muhammad mustafa

Mob: 0750 -794-38-38 Email: m.wshyar@yahoo.com


www.netwe.com

# دەلاقەیەک بـ


## سووتانی ژن لە کوردستان بەردەوامە

وارڤین – تایبەت:

سەرچاوەیەک لەنەخۆشخانەی فریاکەوتنی هەولێر بە وارڤینی راگەیاند کە کچێک بە ئاگربەردانە جەستەی ویستوویەتی کۆتایی بە ژیانی بێنێت.

ئەو سەرچاوەیە بە وارڤینی گوت کە رۆژی ٢٥-٥-٢٠١٠ کچێکی تەمەن ١٦ ساڵان بەناوی (ئ.م) لە گوندی کەڵاتی سەر بەناحیەی بجیلی نزیک قەزای ئاکرێ بەهۆکارێکی نادیار ئاگری لەجەستەی خۆی بەرداوە. بەپێی زانیارییەکانی نەخۆشخانەی فریاکەوتن بەهۆی بەرزی رێژەی سووتانەکەی پێدەچێت گیانی لەدەست بدات. لەلایەکی دیکەوە رۆژی ٢٣-٥-٢٠١٠ لە قەزای کۆیە ژنێک بەناوی نێرگز، سووتاوەو لەرێگەی گەیاندنی بۆ نەخۆشخانەی فریاکەوتنی هەولێر گیانی لە دەست داوە. بەپێی سەرچاوەیەکی ئاگادار لەبنەماڵەی نێرگز هێشتا دیار نییە کە نێرگز خۆی ئاگری بەرداوەتە جەستەی یان سووتێندراوە.

جێی ئاماژەیە، دوای ئەو دوو رووداوە پۆلیس دەستی بەلێکۆڵینەوە لەهەر دوو کەیسەکە کردووە. بەپێی زانیارییەکانی وارڤین، زۆربەی ئەو ژنانەی کە لەرێگای سووتانەوە کۆتایی بە ژیانیان دێت، مەرج نییە خۆیان ئاگریان بەردابێتە جەستەیان.



## زاخۆ: زیاتر لە ٤٥٠ ژن لە کارگەکان کار دەکەن

وارڤین – زاخۆ:

بەرپرسی سەندیکای کرێکارانی کوردستان رایگەیاند کە زیاتر لە ٤٥٠ ژن لە زیاتر لە ٢٥ کارگەی زاخۆ دا کار دەکەن و رێژەی ژنانی کرێکاریش ساڵ بە ساڵ زیاد دەبێت.

بەرپرسی سەندیکای کرێکارانی کوردستان لەزاخۆ، سەربەست سوری لەلێدوانێکی تایبەتدا بەوارڤینی راگەیاند کە ساڵانی رابردوو رێژەی ژنی کرێکار لە زاخۆ زۆر کەم بوو، بەڵام ئێستا هۆشیاری کۆمەڵایەتی بەرزبووەتەوەو بەهۆیەشەوە ئەو رێژەیە لەهەڵکشاندایە.

هەر لەو پەیوەندییەدا مامۆستای ئایینی مەلا محەمەد، بە وارڤینی راگەیاند کە پێشتر خەڵکی وەها تێگەیەندرابوون کە ئیسلام کاری ژنی حەرام کردووە، بەڵام لەراستیدا هیچ بنەمایەکی شەرعی بۆ رێگرتن لە کارکردنی ژن نییە.»بۆ نموونە، خەدیجەی هاوسەری پێغەمبەر د.خ بەرلەوەی شوو بە پێغەمبەر بکات کاری بازرگانی دەکرد».

سەربەست سوری هەروەها گوتی کە ئەوان بەشێوەیەکی تۆکمە پشتگیری لەو ژنانە دەکەن کە لە دەرەوەی ماڵ کار دەکەن.

سەندیکای کرێکارانی کوردستان تائێستا لەرێگەی کردنەوەی ورکشۆپ و سیمینار و بڵاوکردنەوەی هۆشیارییەوە ژنی هانداوە تا بچنە گۆڕەپانی کارەوە.



www.netewe.com

## باکووری کوردستان: ٣ ژن بە هەڵواسراوی دۆزرانەوە

وارڤین — ئاگری:

لە گوندی یولچۆپیناری سەربە شارۆچکەی گیادینی شاری ئاگری تەرمی دوو ژن لەخانوویەکی چۆڵدا بەهەڵواسراوی دۆزرایەوە. بەپێی زانیارییەکان، پاش ئەوەی لەناوەڕاستی مانگی رابردوودا دوو ژن بەناوەکانی ئوزلەم (١٨) و شەهریبان.د (٢١) شوێنبزر دەبن و ماوەی ١٥ رۆژ کەس ئاگای لێیان نابێت، بەڵام پاش گەڕانێکی زۆر تەرمەکانیان بەهەڵواسراوی لەگوندی یولچۆپینار دۆزرایەوە. لەلایەکی دیکەوە، ژنێکی دیکەی خزمی ئەو دوو ژنە بەناوی سانیە (٢٠) ساڵ کەلە گوندێکی دیکە بەناوی یانیکچوکور نیشتەجێیە رۆژێک پاش دۆزرانەوەی تەرمی ئەو دوو ژنە، ئەویش لەماڵەکەی خۆیدا بەهەڵواسراوی دۆزرایەوە.


بەپێی زانیارییەکانی وارڤین جەندرمە دەستی بەلێکۆڵینەوە لەرووداوەکە کردووە، بەڵام تائێستا هۆکاری ئەو رووداوانە دیار نییە.



## تۆپبارانی ئێران کچێکی ١٤ ساڵانی شەهید کرد

وارڤین — هەولێر:

رۆژی ٣٠ مانگ لە میانەی تۆپبارانکردنی دۆڵی سەکرانی دەڤەری باڵەکایەتی لەلایەن تۆپخانەکانی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە کچێکی تەمەن ١٤ ساڵ، بەناوی (بەسۆز جەبار ئاغا) شەهید بوو. لەوبارەیەوە گوتەبێژی حکوومەتی هەرێمی کوردستان د.کاوە مەحمود لەلێدوانێکی تایبەتدا بە وارڤینی راگەیاند، ئەو تۆپبارانکردنەی کۆماری ئیسلامی ئێران لەگەڵ پرەنسیپەکانی دراوسێیەتیدا ناگونجێت و دژ بەبنەماکانی مافەکانی مرۆڤە. د.کاوە، ئەوەشی خستەڕوو کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئەو بارودخەۆ هەڵدەسەنگێنێت و هەنگاوی پێویستی بۆ دەنێت. وەک گوتی حکوومەت بەردەوام سەرکۆنەی ئەو تۆپبارانەی کردووە. گوتەبێژی حکوومەت گوتی، حکوومەتی کوردستان لەگەڵ پتەوکردنی پەیوەندی بازرگانی نێوان هەرێم و ئێراندایەو ئەو جۆرە تۆپبارانکردنە هیچ قازانجێک بەپەوەندییە بازرگانییەکانی نێوانیان ناگەیەنێت. جێی ئاماژەیە، کۆماری ئیسلامی ئێران لە ٢٩ ئەو مانگە دەستی بە تۆپبارانکردنی ناوچەی باڵەکایەتی کردووەو بۆ ماوەی هەفتەیەکە تۆپبارانەکە بەردەوامە.



www.netewe.com



ئاسمانی بەغدا- ٢٠٠٨. ستافی حکوومەتەکەی مالکی سەیری فیلمی میستەر بین دەکەن

فۆتۆ: جەمال پێنجوێنی

www.netewe.com



کوردستان هەولێر ٢٠١٠. کوردە عومەر

فۆتۆ: رەفیق شوکری

## کوردە عومەر:

# نزیکەی ١٠٪ی ژنانی هەرێم سووتێندراون

ئامەد

بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی گشتی توندوتیژی دژ بەژنانی وەزارەتی ناوخۆی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەهەڤپەیڤینێک لەگەڵ وارڤیندا ئاشکرای دەکات، کە مانگی شەش ئامارێکی سەرتاسەری لەبارەی کوشتن، خۆکوشتن، سووتان و توندوتیژی دژ بەژنان رادەگەیەنێت و هەروەها نایشارێتەوە کە نزیکەی ١٠٪ی ژنان لەهەرێمی کوردستاندا سووتێندراون.

بەڕێوەبەرایەتی گشتی توندوتیژی دژ بەژنان، سەر بەوەزارەتی ناوخۆی حکوومەتی هەرێمی کوردستانەو لە ٤ بەڕێوەبەرایەتی (هەولێر، سلێمانی، دهۆک و گەرمیان) پێکهاتووەو لەسنووری پارێزگای سلێمانی، دهۆک، هەولێر و گەرمیانیش نووسینگەی هەیە. هەروەها بەنیازن نزیکەی ٧ نووسینگەی تر لە سۆران، کفری، کەلار، رانیەو ناوچەی پشدەر و بیتوێن و دهۆک، زیاد بکەن. ئەو بەڕێوەبەرایەتییە، کاری بەدواداچوونی توندوتیژی و کۆکردنەوەی ئامارە لەبارەی کەیسەکانی کوشتن، خۆکوشتن، سووتان، لێدان و هەڕەشەکردن لەژن، ئامانجیشی نەهێشتنی توندوتیژییە. وەک بەڕێوەبەری گشتی ئەو بەڕێوەبەرایەتیە کوردە عومەر، دەڵێ، تازە دەستیان بەکارەکان کردووەو بودجەکەیشیان لەلایەن وەزارەتی ناخۆی حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە بۆ تەرخانکراوە. کوردە دەڵێ، کاری جیدیان لەمانگی شەشەوە بەئامار و راگەیاندنی راپرسیەک لەسەر خەتەنەکردنی ژنان، دەست پێدەکات ((لەسەرەتای رێکخستنەوەی هەیکەلی ئەو بەڕێوەبەرایەتیەین و ئامانجمان رێکخستنی ئاماری سەرجەم بەڕێوەبەرایەتییەکانە)). کوردە

نایشارێتەوە، کە پێشتر فۆرمی ئامارەکان کەموکورتی تێدا هەبووە، بەڵام ئەوان بەنیازن لەمانگی شەشدا ئامارێکی توندوتیژی دژ بەژنان کە سووتان، سووتاندن، خۆکوشتن و خنکاندن لەخۆدەگرێت، بڵاوبکەنەوە. لەبارەی راپرسییەکەی خەتەنەکردنی ژنانیشەوە گوتی کە ئەو راپرسییە بە ١٠ هەزار فۆرم ئەنجامدەدەن و هۆکاری چارەسەرکردنیش دەخەنە بەردەست وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان. ئەو گلەیی لەهەندێ کەناڵی راگەیاندن دەکات و دەڵێ کە ئەو راپرسیانەی بڵاویانکردووەتەوە کەموکورتی زۆری تێداهەبووەو نموونەش بەراپرسیەک دەهێنێتەوە کە تێیدا هاتووە ٧٣٪ی ژنانی فەرمانبەر لەفەرمانگەکانی حکوومەتی هەرێمدا تەحەروشیان پێکراوەو ئەمەش وەک مەترسییەک بۆ وازهێنانی ژنان لەکاری فەرمانبەرێتی دادەنێت. لەبارەی ئەو ئامارەی کە بەنیازە مانگی شەش بڵاوی بکاتەوە، دەڵێ ((ئامارەکەمان لەپۆلیس و دادگاو بەڕێوەبەرایەتییەکانی دەستخستووە)). هەرچەندە هیچ زانیارییەکی لەبارەی ئامارەکەوە رانەگەیاند، بەڵام ئەوەندەی گوت کە لەڕووی توندوتیژی سووتان و کوشتن، رێژەکە بەبەراورد لەگەڵ پارساڵ، کەمی کردووە. ((ئەو ئامارە بەبێسانسۆر دەرەنجام و رێژەکەی رادەگەیەنین. هیچ ژمارەیەکیش ناشارینەوەو لەهەموو کوردستان چۆنە وا بڵاوی دەکەینەوە)).

زۆرجار نەبوونی دادوەری ژن وایکردووە کە کەیسەکانی تایبەت بەژنان لەلایەن دادوەری پیاو یەکلایی بکرێتەوەو ئەمەش بەلای چالاکوانانی ژن لەهەندێک حاڵەتدا جێگەی گومانە، چونکە رەنگە دادوەری پیاو شەرعیەتی زیاتر بەپیاو بدات. لەوبارەیەوە کوردە عومەر، ئەوەدەخاتەڕوو کە ئێستا پەرلەمانی کوردستان پرۆژەیاسایەکی لەبارەی توندوتیژی دژ بەژنان لەبەردەستدایەو لەو یاسایەدا ئەوە چارەسەرکراوە کەلەنێو دادگاکانی هەرێمدا بەشێکی تایبەت بەبەدواداچوونی کەیسی ژنان هەبێت، ئەوکات دادوەری ژن دەتوانێت مامەڵە لەگەڵ کەیسی ژن بکات ((لەگەڵ ئەوەدام کە دادوەری ژن بڕیار لەبارەی کەیسی ژنانەوە بدات. ئامانجی ئێمە ئەوەیە ئەو ژنەی تووشی توندوتیژی بووە، دووبارە نەچەوسێندرێتەوە. هەرچەندە لەسلێمانی و هەولێر دوو دادوەری ژن هەیە، بەڵام دەبێ لەدامودەزگاکانی دادگاکاندا بەشێکی تایبەت بەتوندوتیژی ژنان هەبێت و لەوێدا دەتوانرێت کەیسەکان بەرێکی چارەسەر بکرێت)). بەپێی زانیارییەکان، مانگی رابردوو چەند کەیسێک لەدادگاکان یەکلاکراونەتەوەو پیاوەکە بەبێ رەزامەندی هاوسەرەکەی، ژنی دووهەمی هێناوە، لەوکاتەی کێشەکە چووەتە بەردەم دادگا، دادەوەر بڕیاری ئازادکردنی پیاوەکەی داوە، لەکاتێکدا ئەو بڕیارە پێچەوانەی یاسای باری کەسێتییە. کوردە، لەوبارەیەوە روونیدەکاتەوە کە ئەو حاڵەتە بوونی هەیەو زۆرجار ژنەکە بەرێگەی توندوتیژی ناچار دەکرێت کە بۆ هێنانی ژنی دووهەم رەزامەندی بۆ پیاوەکە بنوێنێت، یان مەرجەکانی یاسای باری کەسێتی جێبەجێنەکرێت. بۆ چارەسەری ئەو حاڵەتەش بەپێویستی دەزانێت کەلە دادگاندا بەشی بەدواداچوونی کەیسەکانی ژن بکرێتەوەو دۆسیەکان لەوێدا یەکلایی بکرێنەوە. بەپێی ئەو ئامارانەی لەبەردەستدان رێژەی سووتان لەهەرێمی کوردستان زۆرەو تائێستاش پلانێکی تۆکمە بۆ چارەسەرکردنی سووتان دانەنراوە کە بتوانێت ئەو حاڵەتە بوەستێنێت. لەماددەی١٤ ی پرۆژەیاسای توندوتیژیی خێزانی پەرلەمانی کوردستاندا ئاماژەیەک بەوەکراوە کە ئەو کەسەی دەبێتە هۆکاری سووتاندنی ژنێک، ئەوا بەبژاردنی مادی و زیندانیکردن سزادەدرێت؟ بەڵام تائێستا ئەو پرۆژەیاسایە لەچوارچێوەی پرۆژەدایەو نەخراوەتە واری جێبەجێکردنەوە؟ کوردە عومەریش جیا لەوەی باس لەهۆکاری دەرنەچوونی ئەو یاسایە بکات، دەڵێ، دەبێت ئەوکەسەی هۆکاری سووتاندنی ژنێکە بەتوندی سزا بدرێت، بەڵام وەک باسی لێوەکرد کێشەکە لەوەدا دەبینرێت کاتێ گوتەی کەسووکاری ئەو ژنەی سووتاوە وەردەگیرێت، گوتەی خۆیان دەگۆڕن، یان هۆکارەکەی ئاشکرا ناکەن ((ئێمە جەخت لەوەرگرتنی یەکەم گوتە دەکەینەوە)). رێژەی سووتان هەرچەندە بەبەراورد لەگەڵ مانگەکانی پێشوو کەمتربووە، بەڵام هێشتان رێژەکە زۆرەو دەبێ حیسابی بۆ بکرێت)). بەپێی توێژینەوەیەکی ئەمریکی دەرکەوتووە ئەگەر ژن، لایەنی دەروونی تەواونەبێ خۆی ناسووتێنێت، بەڵکو پیاو لەو حاڵەتەدا پەنا بۆ خۆسووتاندن دەبات؟ بۆیە گومان لەوەدەکرێت کە هەندێک لەحاڵەتەکانی سووتان لەهەرێمدا سووتێندراون و راستییەکە بۆ رای گشتی حەشاردرابێت؟ لەوبارەیەوە، کوردە نایشارێتەوە کە لەو چەند مانگەدا دوو حاڵەتی سووتاندنی ژن هەبووەو ئاماژەش بەوەدەکات کە نزیکەی ١٠٪ی ژنان دەسووتێندرێن. ئەو بۆ چارەسەری ئەو حاڵەتە دەڵێ، بەنیازن پێشنیاری کردنەوەی چەند سەنتەرێکی دەروونی لەسەرتاسەری شاروشارۆچکەکانی هەرێم بکەن، تا بەهۆی هۆشیاری کاری ئەو سەنتەرانەوە خەڵک لەوە ئاگادار بکرێتەوە کە کێشەکان بەسووتاندن یان خۆسووتاندن چارسەر ناکرێن. ((ئەو ژنەی خۆی دەسووتێنێ و نامرێ پەشیمانە لەوکارەی کردوویەتی، بۆیە دەبێ ژن رەچاوی ئەوە بکەن کە سووتاندن کێشەکانیان چارەسەر ناکات.

رانیەو قەڵادزێ و سنووری ناوچەی پشدەرو بیتوێن، یەکێکە لەوناوچانەی کە رێژەی خۆسووتان و سووتاندن و کوشتنی ژنانی تێدا زۆر بەرزە، کەچی تائێستا شەڵتەرێک بۆ داڵدەدانی ژن لەو ناوچەیەدا نییە؟ کوردە، دەڵێت لەهەوڵی کردنەوەی شەڵتەرێکدان بۆ ئەو ناوچەیەو لەبارەی رێژەی زۆری کوشتنیش دەڵێ ((شێوەی کوشتنی ئەو ژنانە لەجۆری خنکاندن، سووتان و لێدان لەناوچەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان جیاوازە))، بەڵام وەک ئاشکرای کرد کە لەو دوومانگەی رابردوو ئەو رێژەیە لەو ناوچەیەدا کەمیکردووە. ژن کوشتن، لەهەموو شارەکانی کوردستان هەیەو شێوازی کوشتنیش لەناوچەی بیتوێن و پشدەر مەترسیدارە. ئەو ژنە بەرپرسەی وەزارەتی ناوخۆ، ئاماژە بەوەدەکات کەلە هەوڵی ئەوەدان لەسۆران، رانیەو ناوچەی پشدەر و بیتوێن شەڵتەر دابمەزرێنن. لەکاتێکدا سەرجەم بەڕێوەبەرەکانی توندوتیژی دژ بە ژنان، پیاون و ئەمەش بووەتە جێگەی نیگەرانی چالاکوانانی بواری ژنان، کوردە عومەر لەگەڵ ئەوەی بەباشی دەزانێت کە ئەو بەڕێوەبەرانە بکرێنە ژن، بەڵام دەستخۆشی لەو پیاوانە دەکات کە زۆر بەجیدی کارەکانیان ئەنجامداوە. هەروەها ئەوەش دەخاتەڕوو ئەگەر ژنی شیاو بۆ ئەو پۆستانە هەبێت، بەدڵنیاییەوە حەزدەکات ئەو پۆستانە بۆ ژن بێت. لەگەڵ دانانی ئەنجوومەنی خانمان کە بەبڕیارێکی سەرۆکوەزیرانی کوردستان دادەمەزرێت، بەڵام تائێستا ئەو ئەنجوومەنە دەستی بەکارەکانی نەکردووە؟ کوردە عومەر، دەڵێ ((لەگەڵ دروستبوونی ئەو ئەنجوومەنەدام، بەڵام تێیدا ئەندام نیم)). ئاماژە بەوەش دەکات کە ئەو لەگەڵ وشەی خانم نییە، چونکە ئەو چەمکە گوزارشت لەچینێکی ئاریستۆکرات دەکات.

www.netewe.com

# ڕەوشەن وەردی:

# زۆربەی ژنانی کورد لە ئەورووپا زمان نازانن

ئامەد



دیلار سەولەدار

مافناسی کورد ڕەوشەن وەردی کەلە ئەنستیتۆی کورد لە پاریس کار دەکات، ڕایگەیاند، ئەورووپییەکان کورد وەک (کوردی باش) و (کوردی خراپ) ناودێر دەکەن، بەڵام پاش ڕزگارکردنی باشووری کوردستان لە ئەورووپا قورسایی کورد زیادی کردووە. وەردی، لە وتووێژێکدا لەگەڵ وارڤین، ئاماژەی بەوەدا کە ئەوانەی کار بۆ لۆبی کورد دەکەن لەئەورووپا زۆر کەمن و دەستنیشانی کرد کە تا کورد لۆبی نەبێ ناتوانێت دەردەکانی خۆی بەجیهان بگەیەنێت. مافناس ڕەوشەن وەردی، ٢٧ ساڵە لە ئەورووپا دەژی و ئێستا لە شارەوانی پاریس، وەک پارێزەر کار دەکات.

**وارڤین:** کێشەی ژنی کورد لە ئەورووپا چییە؟

**ڕەوشەن:** لە ئەورووپا ئێمە وەک ژنی کورد گەلەک کەموکورتیمان هەیە. زۆربەی ژنە کوردەکان کێشەی زمانیان هەیە. چونکە بەهۆی کێشەی زمانەوە کێشەی کاریش دێتە ئاراوە، ئەگەر زمان نەزانێت ناتوانێ کار پەیدا بکات. ئەگەر ئێمە ژنی کورد و عەرەب پێکەوە بەراوورد بکەین، دەبێ کورد لەئەورووپا، لە فەڕەنسا کێشەی تێکەڵبوونی نەبێت.

**وارڤین:** بۆچی؟

**ڕەوشەن:** چونکە لەنێوان فەڕەنسا و کورد دا هیچ کێشەیەک نییە. بۆیەش پێویستە کورد بەگشتی و ژنی کوردیش بەتایبەتی لەو دەرفەتە کەڵک وەربگرێت.

**وارڤین:** ڕەوشی ژنی کورد لەئەورووپا چۆنە؟

**ڕەوشەن:** ژنی کورد زۆر شەرمنن، لەزۆربەی بوارەکاندا داخراون. سەیری کەناڵە لەتەلەفزیۆنە کوردی یان تورکی دەکەن. بە کوردی یان تورکی قسە دەکەن. زۆر فەڕەنسی نازانن و بەباشی ناتوانن بە زمانی فەڕەنسی قسە بکەن. لەبەرئەوەش وەک ژنی کورد هێشتا ڕێگەمان زۆر دوور و درێژە.

**وارڤین:** ڕەوشی ژنی کورد لە ئەورووپا لەناو خێزاندا چۆنە؟

**ڕەوشەن:** ژنانی کورد لەئەورووپا لەناو ماڵەکانی خۆیاندا بندەستن. پیاوان بەمزووانە نایانەوێت دەسەڵاتداری خۆیان لەدەست بدەن. ژن زۆرجاران وەک بینەرن بەس ڕووداوەکان دەبینن. لەبەرئەوەی ناتوانن هیچ شتێک لە منداڵە کوڕەکانیان بکەن، زیاتر کۆنترۆڵی خۆیان دەخەنە سەر کچەکانیان. زیاتر کچەکانیان تەنگاو دەکەن، ناهێڵن کچەکانیان ئازادانە هەناسە هەڵمژن.

**وارڤین:** هەندێکجار لەڕێگەی پەیامنێرەکانمان یان ڕۆژنامەو بڵاوکراوەکانەوە دەبیستین کە ژنی کورد لە ئەورووپا لەناو خێزانەکانیاندا توندوتیژییان بەرامبەر دەکرێت. ئەوە چۆنە؟

**ڕەوشەن:** ڕاستە ژنی کورد لەئەورووپایش لەلایەن خێزانەکانیانەوە توندوتیژییان بەرامبەر دەکرێت. بەڵام ئەگەر سەیری فەڕەنسا بکەین. بەپێی لێکۆڵینەوەکان هەر هەفتە ٣ ژن لەلایەن مێردەکانیانەوە دەکوژرێن. ژنی کورد لە فەڕەنسا کێشەی ئینتگراسیۆنی (تێکەڵبوون) هەیە. پێویستە ئێمەی کورد بەشێوەیەکی توند ڕەخنە، لەبەکارهێنانی توندوتیژی لەدژی ژن بگرین. لە وڵاتانێکی وەک فەڕەنسا و بەلجیکا کاتێک ڕووداوێک بەسەر عەرەبەکاندا دێت، زووبەزوو باسی لێوە ناکرێت یان ڕەخنەی لێناگیرێت. چونکە ئەوان کارتی هەڵبژاردنیان هەیە. مافی بەکارهێنانی دەنگەکانیان هەیە. بۆیە کاتێک دەیانەوێ ڕەخنە لەموسوڵمانان بگرن، یان ڕەخنە لە چیچانیەکان دەگرن یان لە کورد. ئەوەش لەبەرئەوەیە کە لۆبییان نییە. لەبەرئەوەی لەگۆڕەپانی سیاسیدا ئامادە نین، لەناو کۆمەڵەو ڕێکخراوەکاندا نین، لەناو لۆبییەکاندا نین. بەڵام عەرەبەکان وەها نین، لەگۆڕەپانی سیاسیدا هەن و لەهەموو دامەزراوەو دەزگاکاندا جێی خۆیان کردووەتەوە. بۆیە کاتێک شتێکیان پێدەگوترێت، بەزوویی دەنگی خۆیان هەڵدەبڕن و لەدژی ئەو قسانە کاردانەوە نیشاندەدەن. ڕای خۆیان دەردەبڕن و دەردی خۆیان باس دەکەن.

**وارڤین:** ئاستی خوێندەواری ژنی کورد لە ئەورووپا چۆنە؟

**ڕەوشەن:** ئێمە وەک ئەنستیتۆی کوردی پاریس بورس (زەماڵەی خوێندن) بەهاووڵاتیانی هەر چوار پارچەی کوردستان دەدەین. ئێمە تائێستا بورسمان داوەتە ٤٠٠ خوێندکاری کورد. لەناو ئەو خوێندکارانەشدا ئێمە زیاتر ئەولەوییەتمان بە کچان داوە. چونکە ژن زیاتر لە سەختیدا دەژین. بۆیەش ئێمە جیاکاری ئەرێنیمان بۆ ژنان پێڕەو کردووە. لەڕاستیشدا هەم ژنان و هەمیش ئەو کوڕە کوردانەی کە بۆ خوێندن هاتوون لەخوێندندا زۆر سەرکەوتوون. ئەوانە بۆ خوێندنی ماستەر یان دۆکتۆرا دێن.

**وارڤین:** ئەو بورسە تەنیا بۆ خوێندنی ماستەر و دکتۆرایە؟

**ڕەوشەن:** بەڵێ وایە. پاش ئەوەی باشووری کوردستان ئازادبوو، ئەو خوێندکارە باشوورییانەی کە ئێمە بورسمان پێدابوون، هەموویان گەڕانەوە وڵات و ئێستا لە زانکۆکاندا وانە دەڵێنەوە.

**وارڤین:** سیاسەتی ئەنتگراسیۆن لە فەڕەنسا چۆن

www.netewe.com

دەبینیت؟

رەوشەن: ئێستا فەڕەنسا هەوڵدەدات ئەو ژنە بیانییانەی کەلە سیاسەتدا کار دەکەن پێش بخات. بۆ نموونە، ژنێکی بیانی کە باوکی خەڵکی وڵاتێک و دایکی خەڵکی ئەلجەزایەرە وەک وەزیری داد هەڵبژێردرا. وەزارەتی داد لە فەڕەنسا وەزارەتێکی زۆر گرنگە. بۆ وەزارەتی بەرگریش هەمان سیاسەتیان بەڕێوە برد. لەگەڵ ئەوەدا کە ئەو وەزارەتانە وەک وەزارەتی پیاوان دەبینرێت، ژنێکی فەڕەنسییان کردە وەزیر. لەبەرئەوەش هەموو ئەو پارتە سیاسییانەی کە چوونە هەڵبژاردن ناچار بە کەڵکوەرگرتن لە ژنانی بیانی بوون. بۆ ئەوەی لەهەڵبژاردنەکاندا بیانپاڵێون بەدوای ژنانی چالاک و بەتواناادا گەڕان. بەڵام بەداخەوە ژنانی کورد زۆر شەرمن و داخراون و تەنیا لە دەزگاو رێکخراوە کوردییەکاندا ئەندامن.

وارڤین: خەباتی لۆبی کورد چۆن دەبینی؟

رەوشەن: کورد هیچ خەباتێکی لۆبی نییە. کاتێک لۆبیش دەکەن لەناوخۆیاندا دەیکەن. بۆیەش زۆرمان ماوە فێری لۆبی بین. بۆ نموونە، پاش ئەوەی پارتی دادوگەشەپێدان لە تورکیا هاتە سەر کار، لەئەورووپا لۆبی خۆی بەباشی پێش خست. ئەوان لۆبییەکی بەهێزیشیان لە فەڕەنسا هەیە. بۆ ئەوەی دەنگمان ببیستن ئێمە پێویستییەکی زۆرمان بە لۆبی هەیە. بەڵام تا دەچێت کورد لە ئەرووپا لەو شتانە دوور دەکەوێتەوەو خۆی لەهەموو شتێک دوورەپەرێز دەگرێت. ئەڵبەت کەسانێکی وەک (فەلەکناس ئۆجا)ش هەن کە دەنگی کوردیان لە ئەورووپا داوەتە ناساندن. بەڵام لە ئەڵمانیا لانیکەم ٥٠٠ هەزار کورد و لە فەڕەنساش لانیکەم ١٥٠ هەزار کورد هەیە. ئەوەش شتێکی زۆر گرنگە. ئێستا لانیکەم ٨٠٠هەزار کورد لە تاراوگە هەیە. بەڵام کەم کەس لەوانە لەهەڵبژاردنەکاندا هەڵبژێردراون.

وارڤین: فەڕەنسا لەمدواییانەدا قانوونێکی وشکی سەبارەت بە پەنابەران دانا. تۆ چۆن سەیری ئەو قانوونە دەکەی؟

رەوشەن: راستە. هەموو قانوونەکان لە ئەورووپا سەبارەت بە پەنابەری وشکتر بوونەتەوە. سێ مانگ لەمەوپێش کەشتییەک هاتە فەڕەنسا. لەو کەشتییەدا گەلەک کوردی رۆژئاوای کوردستانیش هەبوون. فەڕەنسییەکان بەخۆشبینی لە کورد دەڕوانن. بەهاتنی ئەو کەشتییە لەرەوشی کورد لە سوریا تێگەیشتن. لەڕاستیدا فەڕەنسییەکان نەیاندەزانی کە کورد لە سوریا ناسنامەیان نییە، بەهاتنی ئەو کەشتییە ئاگاداربوونەوە. بۆیەش ئەوانی نەگەڕاندەوە بۆ سوریا.

وارڤین: سیاسەتی فەڕەنسا بەرامبەر بە کوردی باکوور چۆنە؟



مافناس رەوشەن وەردی

فۆتۆ: وارڤین

رەوشەن: بەهۆی لۆبی پارتی داد و گەشەپێدانەوە، ئێستا روانینی ئەوان بۆ تورکیا بەتەواوەتی گۆڕاوە. ئێستا تورکیا ئیتر لە لیستی وڵاتانی یەکەمدایە. لەبەرئەوەش هاووڵاتیانی تورکیا چ کورد چ تورک لە فەڕەنسا بۆ وەرگرتنی مافی پەنابەری زۆر زەحمەتی دەکێشن. واتە بەسەختی پەنابەرییان پێدەدرێت.

وارڤین: ئایا پێگەی هەرێمی کوردستان کاریگەری لەسەر قورسایی کورد لە ئەورووپا داناوە؟

رەوشەن: ئازادی باشووری کوردستان قورسایی کوردی لە ئەورووپا زیاتر کردووە. هەرچەندە بەرەوپێشتر دەچین زیاتر هەست بەو قورساییە دەکرێت. بەڵام ئەورووپی هێشتا وەک ((کوردی باش)) و ((کوردی خراپ)) سەیرمان دەکەن.

وارڤین: کێ ((کوردی باشە)) و((کێ کوردی خراپە))؟

رەوشەن: کوردی باشوور وەک کوردی باش و کوردی باکووریش وەک کوردی خراپ ناودێر دەکرێن. ئێمە دەبێ ئەو سیاسەتە بشکێنین، لۆبی خۆمان بەهێز بکەین و بتوانین دەردی خۆمان لەهەر شوێنێکی ئەورووپا دەرببڕین.

وارڤین: لۆبی کوردی باشوور لە ئەورووپا لە چ ئاستێکدایە؟

رەوشەن: لە فەڕەنسا زۆر لاوازە. باشوورییەکان زیاتر لە ئەڵمانیا، بەریتانیا و هۆڵەندا کار دەکەن. بەڵام بەهۆی ئەوەی لەئێستادا لە فەڕەنسا پارتە راستگەراکان لەسەرکارن بۆچوونیان لەسەر باشوور باشە.

## رەوشەن وەردی کێیە؟

کچێکی کوردە، لەساڵی ١٩٧٢ لەناوچەی (دەپێ)ی سەر بە پارێزگای ئەلعەزیزی باکووری کوردستان لەدایکبووە. ٢٧ ساڵە لە فەڕەنسا دەژی. وەردی پاش ئەوەی بەشی مافی تەواو کردووە، لە پاریس نیشتەجێ بووە. رەوشەن، ئێستا ئەندامی بارۆی مافپەروەرانی پاریسەو هاوکاتیش لەئەنستیتۆی کوردی پاریس کار دەکات.

www.netewe.com

# تیرۆری سیاسی لەهــەرێمی کوردستان بوونی هەیە؟

هەولێر

چاودێرانی سیاسی جەخت لەوەدەکەنەوە کە تیرۆری سیاسی لەهەرێمی کوردستاندا بوونی هەیەو ڕێگە چارەی بنبڕکردنیشی بەرێکخستنەوەی سیستەمی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووری دەزانن.

> ئەو رێکخراوە تیرۆریستیانەی لەجیهانی عەرەبی دروستبوون، ئەنجامی ئەوەیە کە لەبەشداری سیاسی دوورخراونەتەوەو رێگە بەئۆپۆزسیۆن بوونیان نەدراوە

### تیرۆری سیاسی چییە؟

بەپێی پێناسەیەکی گشتی، تیرۆر بریتییەلە بەکارهێنانی هێز و توندوتیژی لەپێناو دروستکردنی دۆخێکی مەترسیدار و نانــەوەی دڵەڕاوکێ لەکۆمەڵگا بۆ گەیشتن بەمەرام و ئامانجێک کە لەوانەیە ئامانجەکە سیاسی، ئایینی، یان شەخسی بێت. لەگەڵ دروستبوونی مێژووی مرۆڤایەتی، تیرۆر هەبووەو لەپێش زایین و سەردەمی یۆنان، تیرۆر ئاماژەی پێکراوە، بەڵام بەپێی سەردەمەکان، فۆرمی جیاوازی وەرگرتووە. بەشێوەیەکی گشتی لەدوای جەنگی جیهانی دووهەم، پەرەی سەندو دوای ١١ سێپتێمبەر جارێکیتر ئـەو چەمکە سەریهەڵدایەوە.

### جۆرەکانی

١. تیرۆری دەوڵـەت: ئەو تیرۆرەیە کە دەوڵەت بەرامبەربە هاووڵاتییانی ئەنجامی دەدات. رژێمی بەعس، یەکێک لەو رژێمانەبوو کە تیرۆری بەرامبەر بەهاووڵاتییان ئەنجامدا وەک، لەسێدارەدان، زیندانیکردن و تۆقاندن. واتــە دروستکردنی دڵەڕاوکێ لای خەڵک. دەسەڵاتی نازییەکان و ستالین، نموونەگەلی تری ئەمجۆرە تیرۆرەن.

٢. لۆکالّی: ئەو تیرۆرەیە کە هاووڵاتییان دەیکەن، لەوانەیە باندێک بێت دژی داموودەزگاکانی دەوڵەت، وەک رێکخراوی ئێتا، ئێرلەنداو قاعیدە.

٣. نێودەوڵەتی: لەئاستی نێودەوڵەتی و نەتەوەیی کاردەکەن، لەهەموو جیهاندا، بنکەیان هەیە وەک، رێکخراوی قاعیدە.

٤. ئایدۆلۆژیک: وەک تیرۆری ئیسلامی، مەسیحی. ئەمجۆرە ئامانجی سەپاندنی ئایدۆلۆژیایەکە بەهۆی هێزەوە. یاخود بەهۆی جیاوازی بیروڕا، نووسین و قسەکردن دەکرێت، وەک، تیرۆرکردنی رۆژنامەنووسان.

٥. زۆرجــار تیرۆر لەگەڵ هەندێ بزووتنەوەی ئــازادیـخـوازی تێکەڵ دەکرێت کە مەبەستیان بــەدەسـتـهـێـنـانـی ئامانجێکی نــەتــەوەیـی و نیشتیمانییە. بۆنموونە وەک، پڵنگەکانی تامیل کە بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی و بەڕێوەبەردنی وڵاتی خۆیان تێدەکۆشن.

### هۆکارەکان

بەپێی ئـەو لێکۆڵینەوانەی لــەبــارەی تیرۆر خــراونــەتــەڕوو هــۆکــاری ســەرهــەڵـدانـی تیرۆر لەجیهاندا بۆچوونی جیاوزای دروستکردووە. بەتێڕوانینی وڵاتــە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ئەورێکخراوەتیرۆریستیانەی لەجیهانی عەرەبی دروستبوون، ئەنجامی ئەوەیە کە لەبەشداری سیاسی دوورخراونەتەوەو رێگە بەئۆپۆزسیۆن بوونیاننەدراوە، بۆیە پەنا دەبەنەبەر تیرۆر. نموونەی ئەوەش رێکخراوی ئەلقاعیدەیە کە سەرەتا لەرەخنەگرتن لەسیستمی سعودیەوە دەستی پێکرد. لەئێران، تیرۆری دەوڵــەت، بەهۆی ئەو ئایدۆلۆژیا تۆتالیتارییانەیە کە دەوڵەت، لەسیستەمە تۆتالیتارەکان بەرهەمی دێنێت. تیرۆر لەرای جیاواز و بەشداریکردنی خەڵکیتر کە لەسیستمە تاک حیزبییەکاندا زیاتر بەرچاودەکەوێت. بەپێی هەندێ

www.netewe.com



فۆتۆ: وارڤین

لێکۆڵینەوە ئەو خەڵکانەی پەنا دەبەنەبەر کرداری تیرۆریستی، خەڵکانێکی ناهۆشیارن و زیاتر ئەوانەن لەدەورووبەرەوە هاتوونە ناوشارەکان، بەژیان و کەلتووری شار، نامۆن. باشترین ڕێگا بۆ ڕزگاربـوون لـەو نامۆبوونە گەڕانەوەیە بۆ ناسنامەی خود. لەوانەیە ناسنامەکە سیاسی یان ئایینی بێت، بەو مەرامەی لەکۆتاییدا دنیایەکی زۆرجوان هەیە. ئابووریناسان پێیانوایە، زۆربەی ئەو خەڵکانەی کە پەنادەبەنەبەر تیرۆر لەئەنجامی خراپی بارودۆخی ئابورییە. نموونەی ئەوەش ئەو تیرۆرەیە کە بەهۆی خراپی بارودۆخی ئابورییەوەیە لەئەفغانستان هەیە. زۆربەی ئەو خەڵکانەی کە لەگەڵ ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان کاردەکەن، بۆ مەرامی ماددییە. نموونەی ئەوە لەعێراقیشدا هەبوو کە بۆ بەدەستهێنانی ٥٠ دۆلار تەقینەوەیان ئەنجامداوە یان کەسێکیان کوشتووە. مامۆستای یاسای زانستە سیاسییەکان لەزانکۆی سەلاحەدین، زوبێر ڕەسـوڵ، لەوبارەیەوە دەڵێت: ((زۆرجار دەسـەڵاتـی تۆتالیتاری، دەنگورەنگی جیاواز قبووڵ ناکات و تیرۆر ئەنجامدەدات. بەپێچەوانەوە زۆرجـار گرووپـی نـاڕازی لەدەسەڵات، ئەنجامی دەدات)). بەڵام لەهەموو حاڵەتێکدا پێویستە ڕێ بۆ ئەوەخۆش بکرێت کە ئۆپۆزسیۆن، دەنگە ناڕازییەکان ڕێکبخات و نەهێڵێت نارازیبوون بۆ توندتیژی بگوازرێنەوە)). مامۆستا زوبێر، هۆکاری پەنابردنەبەر تیرۆری تـاک، بەوەدەستنیشان دەکات کە جیاوازی چینایەتی و کۆمەڵایەتی، هۆکارێکی سەرەکی چوونی خەڵکە بۆ ڕیزەکانی گروپە تیرۆریستییەکان. بۆنموونە ((زۆرجار قوتابییەک، قوتابییەکییتر دەبینێت کە هەموو پێداویستییەکانی ژیانی بەئاسانترین شێوە بۆدابینکراوە، بەڵام ئەو دەستی ناکەوێت. یاخود بەهۆی تەکنۆلۆژیاوە، ژیان و خۆشگوزەرانیتر دەبینێت. بۆیە دەگەڕێتەوە ئایدۆلۆژیایەک، بەو ئامانجەی کە لەجیهانێکیتر، ئەو ژیانەی لەخەیاڵیدایە، بۆی فەراهەم بکرێت)). ئەندامی سەرکردایەتی حیزبی شیوعی کوردستان، دلێر محەممەد، هۆکارەکانی بوونی تیرۆر، بۆ سروشتی کۆمەڵایەتی و سیاسی وڵات و ئینتیمای تاکەکان بۆ گرووپ و ڕێکخراو و حیزبە سیاسییەکان و ڕۆڵی حیزبەکان، لە بەکاریزماکردنی سەرکردەو پیرۆزکردنی حیزبی سیاسیدا، دەبینێت. ئەوەش زەمینە بۆ قبووڵکردن و ئاراستەبوونی تیرۆر، دەخوڵقێنێت ((بەبەردەوامی جۆرێک لەتیرۆری فکری ناراستەوخۆ لەڕێگەی حیزبە سیاسیەکان، یان کۆمەڵگاوە ڕووبەڕووی حیزبەکەمان کراوەتەوە. هەڵبەتە بەدرێژایی مێژووی سیاسی لەعێراقدا تـیـرۆری سیاسی ڕووبـــەڕووی شیۆعییەکان، بووەتەوە)).

### تیرۆری سیاسی لەکوردستان هەیە؟

چاودێری سیاسی، دکتۆر مەحمود عوسمان، دەڵێت ((لەکوردستان تیرۆری سیاسی، هەیە. هەرچەندە بەپێی یاسا ڕەتدەکرێتەوە، چونکە دەسەڵاتەکان جیاکراونەتەوەو پەرلەمان هەیە. بەڵام جارجار تیرۆر ئەنجامدەدرێت)). هاوکات ئاماژە بەسەردەمی شاخیش دەکات کە ((لەنێوان حیزبە سیاسیەکاندا، تیرۆر هەبووەو زۆرجاریش، بێ دادگاییکردن، خەڵک لەسێدارەدراوە)). د. مەحمود، ئاماژە بەئەزموونی تاڵی شەڕی ناوخۆ دەکات کە ((تیرۆر تێیدا، گەیشتبووە لوتکە)). چاودێری سیاسی فەرید ئەسەسەرد، شەڕی ناوخۆ، بەهۆکارێکی پەرەسەندنی تیرۆر، لەکوردستان دەزانێت و ئاماژە بەوەدەکات کە ئیسلامی سیاسی تیرۆری هێنایە هەرێمی کوردستان. ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان، زانا ڕۆستایی جەخت لەوەدەکاتەوە کە لەکوردستان تیرۆری سیاسی هەیەو لەبارەی ئەو بۆچوونەی کە دەڵێن ((گرووپە ئیسلامییەکان، هۆکاری سەرەکی سەرهەڵدانی تیرۆرن، دەڵێ ((حیزبە ئیسلامییەکان، یەکەم قوربانی تیرۆری سیاسین لەکوردستاندا)). تۆقاندن لەئیسلامدا نییە، خوا دەفەرمێت ((لااکراهە فی الدین))، واتە زۆرکردن لەئیسلامدا نییە. ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی لەکوردستان، مەولود بـاوەمـراد دەڵێت لەبنەڕەتدا تیرۆری سیاسی پەیوەندی بەکێشە سیاسییەکانەوە هەیە، حیزبە سیاسییەکان بۆ خۆیان بەشێکن لەو تیرۆرە سیاسییەی کە ڕوودەدات و بەرامبەر نەیارەکانیان ئەنجامیدەدەن. ((ئەوەش بووەتە میکانیزمێک بۆ گەیشتن بەمەرامە سیاسییەکان)). هەندێ ڕا هەن کە پێیانوایە ((توندوتیژی لەئیسلامدا هەیە، ترساندن بەجەهەننەم، دەکەنە نموونەی ئەوە)). مەولود باوەمراد، لەو بارەیەوە ڕوونیدەکاتەوە



www.netewe.com

که کەترس و توندوتیژی لە ئیسلامدا نییە. باسکردنی ترسی قیامەت پەیوەندی بەتیرۆرەوە نییە. باسکردنی جەهەننەم، بۆ ئەوەیە کە مرۆڤ کاتێک لە دادوەر و یاسا دوورە، خۆی چاودێری خۆی بێت و لەدنیادا کەسێکی ساڵح بێت ((لەهەموو حاڵەتەکاندا، تیرۆر بەرهەمی بیرکردنەوەی ناتەندروستە)). ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لەفراکسیۆنی گۆڕان، حاکم لەتیف، بەرتەسککردنەوەی تیرۆر، لەکوشتندا، بەڕاست نازانێت، و دەڵێ، خۆی لەمانادا، واتە تۆقاندن لەسەر سیاسەت، یان هەرشتێکی تر. واتە گوشارخستنەسەر هەر کەسێک بۆ مەرامێکی سیاسی، بیروڕا، لەچوارچێوەی تیرۆردایە. زۆرجار ئەو تیرۆرە دەسەڵات و زۆرجاریش، نەیارانی دەسەڵات دەیکەن. ئێمە یاسایەکمان بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر، لەپەرلەمانی کوردستاندا هەیە کە ((کەموکورتی تێدایە. هەرکەسێک بیخوێنێتەوە یەکڕاست فکری بۆ لایەنە ئیسلامییەکان دەچێت، کە لەڕاستیدا تەنیا لایەنی ئیسلامی، تیرۆر ناکات)).

هەریەک لە مەلا عەبدوڵڵای قەسرێ، حەمەی حەلاق، ڕێناسی زەحمەتکێشان، نوری نانەکەلی، مامۆستا ئەمین، سەلاح هەورامی، د.محەمەد قەرەداخی، سەربەست مەحمود و سۆرانی مامەحەمە نموونەی قوربانی تیرۆری سیاسین، لەکوردستان.

## ڕاگەیاندن و تیرۆر

شارەزایان، جەخت دەکەنەوە کە زۆرجار کەناڵەکانی ڕاگەیاندن، بۆ بڵاوبوونەوەو پەرەسەندنی تیرۆر هۆکارێکن. بەپێی لێکۆڵینەوەکان، هەندێ کەناڵی ڕاگەیاندن، ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەخۆ، بەئاگایانە یان بێئاگایانە، خزمەت بەتیرۆر دەکەن. بەو مانایەی دروستکردنی هەر ترس و تۆقینێک و یارمەتیدان بۆ بڵاوکردنەوەی ترس، بەتیرۆر ئەژمار دەکرێت. هەربۆیەش زۆربەی جار گروپ و ئەنجامدەرانی تیرۆر، کەناڵی ڕاگەیاندنیان بۆ بارزکردنی خۆیان بەکارهێناوە. مامۆستا زوبێر ڕەسوڵ، نموونەی ئەوە بە کەناڵی ئەلجەزیرە، دەهێنێتەوەو دەڵێ کە ئەو کەناڵە کاری زۆری بۆ بارزکردنی ڕێکخراوی تیرۆریستی ئەلقاعیدە کردووە.

## یاسایەک بۆ بەرنگاربوونەوەی تیرۆر هەیە؟

د.مەحمود عوسمان، ئاماژە بەوەدەکات کە پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕێ لەتیرۆری سیاسی دەگرێت و مافە مرۆڤییەکانی تێدا پارێزراوە، بەڵام جێبەجێکردن و بڕیاردەرکردن جیاوازە. هەروەها ئاماژە بە هەڵوێستی ئەمریکا دەکات و دەڵێ کە ئەو وڵاتە جەنگی ستراتیژی دژەتیرۆری ڕاگەیاندووە بەڵام ((چاوپۆشی لەتیرۆری دەوڵەتانی هاوپەیمانی کردووە، وەک ئەو تیرۆرەی تورکیا بەرامبەر بە کوردی دەکات)). حاکم لەتیف، ڕوونیکردەوە کە ئێستا ئاڕاستەیەک لەکۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا هەیە کە ئەو دەوڵەتانەی توندوتیژی، لەگەڵ هاووڵاتییاندا بەکاردەهێنن، یاسای بۆ دابنرێت. فەرید ئەسەسەرد، دەڵێت، لەیاسای نێودەوڵەتاندا، کەمترین دەرفەت بۆڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆری دەوڵەت تەرخان کراوە. بەشێکی زۆر لەلێکۆڵەرەوان ڕایانوایە کە دەوڵەت ناتوانێ تیرۆر بکات، چونکە بەکارهێنانی زەبروزەنگ دژ بە هاووڵاتییانی خۆی، لەگەڵ یاسادا ناگونجێت، بەڵام ((لەوڵاتە دواکەوتووەکانداو ئەو وڵاتانەی کە دیموکراسییان تێدانییە، ئەنجامدەدرێت)). هاوکات بەکارهێنانی زەبرو زەنگی دەسەڵاتێک، لەگەڵ هاووڵاتییانی خۆیدا کە ((زۆرجار دەزگا ئەمنییەکانی وڵات، پەنای بۆ دەبەن. لەگەڵ خودی یاساکانی دەوڵەتدا، ناگونجێت)). هاوکات فەرید ئەسەرد، تیرۆرکردنی سەدر، بە ((تیرۆرێکی سیاسی، لەقەڵەم دەدات، کە کاریگەری لەسەر ڕەوشی سیاسی، هەبوو. دوای ٢٠٠٣ بەڵگەنامە فەرمییەکان، پیشانیاندا کە دەوڵەتی عێراق، دەستی لەو تیرۆرەدا، هەبوو)). بەڵام ئەگەر دەوڵەتێک باندی تیرۆریستی بۆ ناو دەوڵەتێکی تر، نارد. ئەو باندە لەوێ کردەی تیرۆریستی ئەنجامدا، دەکرێت ئەو دەوڵەتە، بەدەوڵەتێکی تیرۆرست لەقەڵەمبدرێت.

## کاریگەری

بوونی تیرۆر لەهەر وڵاتێک، کاریگەری نەرێنی لەسەر ڕەوشی ئابووری، کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیری، کۆمەڵگا دەبێت. تێکچوونی هەموو ئەو لایەنانە دەرئەنجامی بوونی تیرۆری سیاسین. پسپۆڕی نەخۆشییە دەروونییەکان، د.توانا عەبدولڕەحمان، دەڵێت، هەموو تاکێکی ئەو کۆمەڵگەیەی کە تیرۆری تێدا پراکتیزە بکرێت، کاریگەری دەروونی لەسەر دەبێت ((زۆرکەس هەیە بەو هۆیەوە تووشی نەخۆشی فۆبیا بووە، چونکە تیرۆر بریتییەلە ترس و تۆقاندن. بوونی تیرۆر، مرۆڤەکان تووشی ترس و دڵەڕاوکێ و قەتیسبوون لەبازنەیەکی دارخراودا دەکات)). هەروەها دەڵێ، هەموو مرۆڤێک کائینێکی سیاسییە. بۆی هەیە باس، لەبارودۆخی ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسی، وڵاتەکەی بکات و ڕەخنە بگرێت. د.توانا، ئاماژە بەوەدەکات کە بەهۆی ترس و دڵەڕاوکێیەوە مرۆڤ تووشی نەخۆشی سایکۆسی دەبێت کە ئەو نەخۆشییە هەندێجار وا لەمرۆڤ دەکات خۆی بکوژێت.

## کاریگەری ئابووری

شارەزا لەبواری ئابووری مۆستای زانکۆ ئەیوب سماقەیی، ڕوونیدەکاتەوە، کەمی دەرفەتی کارو خراپی بارودۆخی ئابووری لەوڵاتێکدا، دەبێتە هۆی ئەوەی خەڵک روو لەباندە تیرۆریستییەکان بکەن. هاوکات بوونی تیرۆر، لەهەر وڵاتێکدا کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر ڕەوشی ئابووری، ئەو وڵاتە هەیە. ئارامی سیاسی، مەرجی ئارامی و پەرەسەندنی ئابوورییە. ئەگەر توندوتیژی لەوڵاتێکدا هەبێت، سەرمایەداران ناوێرن ڕووبکەنە ئەو وڵاتە، ئەوەش کاریگەری لەئاستی وەبەرهێنان و گەشەسەندنی ئابووری دەبێت.

## کاریگەرییە کۆمەڵایەتییەکان

پسپۆڕ لەبواری کۆمەڵایەتی، د.چنار سەعد عەبدوڵڵا، کاریگەرییەکانی بوونی تیرۆر لەسەر کۆمەڵگا، بەهەموو شێوازەکانی، تیرۆری فکری، دەروونی، سیاسی، کۆمەڵایەتی، بە زیان بۆسەر گشت لایەنەکانی کۆمەڵگا، وەسفدەکات، چونکە هەر جۆرێک لەتیرۆر سەرهەڵبدات، زەمینەسازی بۆ سەرهەڵدانی جۆرەکانی تریش دەکات، کە زەرەرمەندی یەکەم ئەندامانی کۆمەڵگان. ((بەوپێیەی کۆمەڵگا، کۆمەڵێک بەش و دامەزراوەی بەیەکەوە گرێدراوەو بەردەوام لەگەڵ یەکتریدا لەکارلێککردن دان، بۆیە هەر گۆڕانکاری یا ڕووداوێک، ئەرێنی یان نەرێنی، کاردەکاتەسەر هەموو بەش و دامەزراوەکانی)). د. مەحمود، بۆچوونی وایە کە بۆ گەیشتن بەئامانجەکانی گەل، دەبێ لەهەوڵی بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی سڤیل و دیموکراسیدا بین و جیاوازییە ڕەگەزی و چینایەتییەکان نەهێڵین و ریفۆرمی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی، بکەین. ئەوەش دەبێتە هێزێکی دیموکراتیک بۆ سەرنجدانی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی، بەلای هەرێمی کوردستان دا.

## ڕێگاچارەی کەمکردنەوە

بۆ بنبڕکردنی تیرۆر، د. مەحمود عوسمان دەڵێ، پێویستە خەڵک لەچۆنیەتی و ئادابی خەباتی سیاسی، ئاگاداربکرێتەوەو هۆشیاری پێبدرێت و سیستمی دەزگاییبوون بەرەوپێشبچێت و دەرگای گفتووگۆکان بۆ یەکتر واڵا بکرێن. فەرید ئەسەسەرد، تۆکمەکردن و هۆشیاری کاری دەزگا ئەمنییەکان بەپێویست دەزانێت ((دابینکردنی ئاسایشی خەڵک، لەئەستۆی دەزگا ئەمنییەکاندایە)).

**بەهرە حەمەرەش**

www.netewe.com



بەغدا ٢٠٠٨ . ژنە کوردێکی فەیلی لە گەڕەکی سەدرییەکان

فۆتۆ: جەماڵ پێنجوێنی

### پاش لێکۆڵینەوەی پۆلیس دەرکەوت

# بۆکان زیندووەو شیلان بووەتە قوربانی

**دوای بەدواداچوونی پۆلیس لەبارەی کوشتنی بۆکان، پاش ٤٥ رۆژ لە لێکۆڵینەوە، دەرکەوت ئەو ئافرەتەی سووتێندراوەو بەشێکی جەستەی سەگ خواردوویەتی قوربانییەکیترە و بۆکان نییە. بۆکان، لەگەڵ خۆشەویستەکەی هەڵهاتووەو ئەو ژنە بووەتە خۆراکی سەگ شیلانە.**

تایبەت

لەکاتێکدا زۆربەی ئامارو لێدوانەکانی لایەنی پەیوەندیدار لە پۆلیس و بەڕێوبەرایەتی توندوتیژی، ئاماژە بەکەمبوونەوەی رێژەی کوشتن و سووتانی ژنان دەکەن، بەڵام تائێستا ئەوەی لەمیدیاکاندا بڵاودەکرێتەوە پێچەوانەی ئەم راستەیە دەردەخەن. هاوکات توێژەرێکی کۆمەڵایەتی رایدەگەیەنێت ئەو شێوازە تۆقێنەرانەی ژنانی پێدەکوژرێت لە کوردستان، جۆرێکە لە تیرۆری کۆمەڵایەتی و هەڕەشەیە لە ژیانی ژنانی وڵاتەکەمان.

رۆژی ١-٣-٢٠١٠ کاتژمێر،٦ و نیوی ئێوارە، کچێکی تەمەن ١٩ ساڵ بەناوی بۆکان کاکەشین محەمەد، دانیشتووی قەزای بنەسڵاوە، دوای ئەوەی لەماڵ دەچێتەدەرەوە، ناگەرێتەوەو رووداوەکەی دەبێتە مانشێتی هەندێک لە گۆڤارو رۆژنامەکان و دوای ٥ رۆژ لەونبوونی تەرمی کچێک دەدۆزرێتەوە بەسووتاوی و دواتر خێزانەکەی لەدادپزیشکی تەرمەکە دەبینن و دەڵێن کە تەرمی کچەکەیانە.

دوای لێکۆڵینەوەی وردی پۆلیسی بەرێوەبەرایەتی نەهێشتنی تاوان لە هەولێر، لەرۆژی ١٥/٤/ ٢٠١٠ بۆکان لەگەڵ ئەو کوڕەی کە لەگەڵی هەڵاتووە بەزیندوویی دەدۆزنەوە. ئەو پیاوەی بۆکان لەگەڵی هاڵهاتبوو ناوی (ە). (ە) کە خێزاندارەو خاوەنی ٣ منداڵە. بۆکان پلانی راکردنی لەگەڵ (ە) بۆ وارڤین گێڕایەوە. بۆکان لەسەر کورسییەک دانیشتبوو و دزداشەیەکی خەنەیی و لەچکێکی قاوەیی درێژیی لەسەری ئاڵاندبوو لەکاتی گێڕانەوەی بەسەرهاتی ئەو شەوە وەک ئەوەی نوکتەیەک بگێرێتەوە سەیری (ە)ی کردو دەستی بە پێکەنین کرد ((پێکەنینم بەوە دێت کە پێش ئەوەی رابکەین کەلوپەلی دۆڵمەکەم پەرش و بڵاوکرد بۆ ئەوەی واهەست بکەن کە رفێندراوم، ئێمە مانگێک بەرلەوە پلانی ئەوەمان دانابوو کە رابکەین ئەوەش مافی خۆمانە چونکە (ە) هاتە داوام، بەڵام (ئ) برام رازی نەبوو)).

بۆکان، سەبارەت بەبڵاوبوونەوەی هەواڵی مردنی دەڵێ ((کاتێک وێنەکەی خۆمم لەریکلامی گۆڤاری وارڤین لەتەلەفزیۆن بینی زۆرم پێ سەیربوو، بەڵام دڵیشم خۆش بوو گوتم تازە کەس ناماندۆزێتەوە، بۆ بەیانی کە (ە) گۆڤارەکەی بۆ هێنام وێنەکەی خۆمم بینی لێمکردەوەو هەڵمگرت چونکە زۆر جوان بوو هەرچەندە ناخۆشە هەست بکەن کە مردوویت، بەڵام بۆ من ئەوە باشتربوو)).

هەر لەوبارەیەوە (ە) بە وارڤینی راگەیاند کە ئەو بەهیچ شێوەیەک پەشیمان نییە لەهەڵگرتنی بۆکان و وەک خۆی باسیدەکات ئەوان پێشتر لەزەماوەندێک یەکتریان ناسیوەو دواتر بەڵێنی ئەوەی بە بۆکان داوە کە بیخوازێت. سەبارەت بە ژنی یەکەمی کە ٣ منداڵی لێی هەیە،(ە) دەڵێت: ((بۆکان یەکەم خۆشەویستمەو کەسم ئەوەندەی ئەو خۆشنەویستووە، راستە ژنی یەکەمم خزمی خۆمەو ٣ منداڵمان هەیە، بەڵام ئەو ناتوانێت واجبی خۆی جێبەجێ بکات، چونکە نەخۆشەو جەستەی تەواو نییە، بۆیە من هەر کە بۆکانم ناسی بڕیارمدا بیخوازم)).

سەبارەت بەچۆنیەتی دۆزینەوەی بۆکان و ئاشکراکردنی بکوژانی تەرمی ئەو ژنەی کە جەستەی سووتێندراوە، موقەدەمی مافپەروەر، جەمیل محەمەد ئەمین سلێمان، ئەفسەری نووسینگەی لێکۆڵینەوە لە تاوانی کوشتن لە هەولێر، بە وارڤینی راگەیاند کە ئەوان دوای ئەوەی ئاگادارکراونەتەوە بەبوونی تەرمێکی نەناسراو لەرۆژی ٥-٣-٢٠١٠ کەلە سنووری پارێزگای هەولێر فرێدرابوو، پرسیاریان لە بنکەکانی پۆلیسی هەولێرودەوروبەر کردووە بۆ ئەوەی بزانن کە ئایا لەو نزیکانەدا چ ئافرەتێک بزربووەو دیارنەماوە ((خێزانێک هاتن کە خێزانی بۆکان بوون و گوتیان کچەکەی ئێمە دیارنەماوە، کە سەیری تەرمەکەیان کرد لەگەڵ ئەوەی هیچ ئاسەوارێکی نەمابوو گوتیان ئەوە کچی ئێمەیە، بەڵام لەبەرئەوەی هەردوو رووداوەکە رێکەوت بوو دوای لێکۆڵینەوەیەکی ورد توانیمان بۆکان بدۆزینەوەو بکوژانی ئەو ژنەش ئاشکرا بکەین کە سووتێندراوە)).

موقەدەم جەمیل گوتی کە تەرمی ئەو ژنە سووتاوە تەرمی ژنێکە بەناوی، (شیلان عومەر خدر) تەمەن ٢٣ ساڵ، دانیشتووی کۆمەڵگەی بنەسڵاوە، کە ٢ شوویکردووەو لە شووی یەکەمی کوڕ و کچێکی هەیە، دواتر شووی بە

www.netewe.com



موقەدەمی مافپەروەر، جەمیل محەمەد ئەمین سلێمان، ئەفسەری نووسینگەی لێکۆڵینەوە لە تاوانی کوشتن لە هەولێر

پیاوێکیتر کردووە کەلە خۆی بەتەمەنتر بووە، بەڵام هەردوو جارەکە تەڵاقدراوە.

عومەر خدر، لەدایکبووی ساڵی ١٩٥٥، کە دەکاتە باوکی شیلان، وەک باسیدەکات کارمەندە لە پارکی منارەی شاری هەولێر، دانیشتووی گەرەکی بنەسڵاوەیەو ٤ منداڵی هەیە، شیلانی کچی تاقانە بووە تەنیا ئەو کچەی هەبووە.

عومەر، جامانەیەکی سپی لەسەر کردبوو بەو پەڕی باوەڕبەخۆبوونەوە باسی لە کوشتنی کچە تاقانەکەی دەکرد، وەک باسیدەکات شیلانی کچی بەهیچ شێوەیەک بەگوێی نەکردوون و دوای ئەوەی لەمێردی دووهەمی جیابۆتەوە ١٢ جار ماڵی بەجێهێشتووە ((کەس نەیدەزانی بۆ کوێ دەچوو، دەرۆیشت بە هەفتە نەدەهاتەوە کە لێماندەپرسی دەیگوت مافی خۆمە من ئازادم ئەوەش منی بێزار کرد ناچاربووم کە بیکوژم)).

وەک عومەر، باسیدەکات ئەو رۆژانەی شیلان، ماڵی جێهێشتووە چووەتە لای کچێکی هاوڕێ بەناوی بێگەرد، بەڵام ئەوان هیچ زانیارییەکیان دەربارەی ئەم هاوڕێیەی کچەکەیان نییەو ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی رووبەڕووی تانەو تەشەری خەڵکی گەڕەک ببنەوە.

باوکی شیلان بەتووڕەبوونەوە گوتی: ((خەڵک دەیانگوت کچەکەت لەگەڵ پیاوی خەڵکی دەروات، زۆرجار گوێم لێبوو پێیاندەگوتین ئەوە ماڵی (گ) کەیە. ژنەکەشم دەیگوت تۆ پیاو نیت، بۆیە ئەمە قبوڵ دەکەیت منیش لەوە زیاتر تەحەمولم نەما چونکە نامووس گرانە!!)).

وەک باوکی شیلان، باسیدەکات کچەکەی چەند جارێک سکاڵای دژی خێزانەکەی بەرزکردۆتەوەو خێزانەکەی چەندجارێک لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی توندوتیژی ئافرەتانەوە بانگکراون بۆ ئەوەی کێشەکەی چارەسەر بکەن. لەوبارەیەوە بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی نەهێشتنی توندوتیژی دژ بە ژنان لەهەولێر نەقیب ژیلەمۆ عەبدولقادر، بەوارڤینی راگەیاند کەلە رێکەوتی ٢٩-١٢-٢٠١٠، شیلان، لە بنکەی پۆلیسی بنەسڵاوە سکاڵای دژی خێزانەکەی تۆمارکردووەو دواتر کێشەکەی دراوەتە دادگاو پاشان رەوانەی بەڕێوەبەرایەتی کراوە. ((کاتێک خێزانەکەمان بانگ کرد، گوتیان کچەکەمان باری دەروونی تەواو نییەو نەخۆشە، بەڵام دوای ئەوەی رەوانەی لیژنەی دەروونی کرا دەرکەوت شیلان، هیچ کێشەیەکی نییە دواتر داوایکرد بگەڕێتەوە ماڵەوە ئێمەش بەڵێننامەمان بە کەسوکاری پڕکردەوە کە دەبێ ژیانی پارێزراو بێ ئەوانیش واژوویانکرد)).

دواتر نەقیب ژیلەمۆ، رایگەیاند، کە ئەوان تائێستا هیچ بەڵگەیەکی رەسمییان نییە کە ئەم کچەیان کاری لەشفرۆشی کردبێت. هاوکات هەریەک لەباوکی شیلان و براکەی دانیان بەوەدانا کە تائێستا هیچ بەڵگەیەکیان لەسەر شیلان نییە کە کاری لەشفرۆشی کردبێت و گوتیان تەنیا گوێیان لەقسەی خەڵک بووە.


شیلان، لەساڵی ٢٠٠٣ ژیانی هاوسەری لەگەڵ کابرایەک پێکدەهێنێت بەناوی (ع) دواتر کوڕ و کچێکی لەو پیاوەدەبێت و پاشان بەهۆی نەگونجانیان و هەبوونی چەند کێشەیەک لەنێوانیان جیادەبنەوە. (ئا) کە دەکاتە برا بچووکی شیلان و ئەویش هاوکاری باوکی بووە لە کوشتنی خوشکەکەی دەڵێ: ((شیلان، لەگەڵ مێردەکەی کێشەی زۆر بوو، بەردەوام ماڵی جێدەهێشت و تەلەفونی بۆ خەڵک دەکرد، بۆیە بەتۆمەتی خیانەی زەوجی تەڵاقدرا دواتر شیلان، لە رقی ئەو تۆمەتەی کە مێردەکەی بۆی دروستکردووە منداڵەکانی بۆ مێردەکەی گەڕانەوە)).

وەک (ئ) باسیدەکات شیلان، جارێکیتر شوو بەکابرایەک دەکاتەوە، بەڵام بەهەمانشێوە رێکناکەون و دواتر لەیەکتر جیا دەبنەوە.

سەبارەت بەشەوی کوشتنی شیلان، باوکی دەڵێ((کاتژمێر ٩ی شەو کوڕە بچووکەکەم و خێزانەکەمم ناردە ماڵی کوڕە گەورەکەم، چوومە سەرەوە زۆر قسەم لەگەڵی کرد، بەڵام سوودی نەبوو، بۆیە یەکسەر خنکاندم و هێنامەخوارەوە فرێمدایە ئۆتۆمبیلی (ئ)کوڕم و دەبەیەک نەوتم هەڵگرتو لەرێگای بنەسڵاوەو کەسنەزان فرێمدایە کەندێکەوەو نەوتم پێداکرد و سووتاندم بۆ ئەوەی نەناسرێتەوە)).

(ئ)، برای شیلان، وەک باسیدەکات ئەو ئاگای لەوە نەبووە کە باوکی خوشکەکەی خنکاندوە کاتێک تەرمەکەی هێناوەتە خوارەوە داوایکردوە کە بیباتە دەرەوەی بنەسڵاوە بۆ ئەوەی

www.netewe.com

کوردستان- هەولێر ٢٠١٠. عومەر خدر ئەو باوکوی بە دەستی خۆی کچە تاقانەکەی کوشت

فۆتۆ: وارڤین

تەرمەکەی فڕێیدات ((کە دەستم دا لە شیلان تەواو ببوو زۆر ترسام، بەڵام نەمتوانی قسەی باوکم جێبەجێنەکەم، تازە شتەکە روویدا زۆر پەشیمانم)).

عومەری باوکی شیلان، سەبارەت بەوەی کە ئایا تا چەند پەشیمانە لە کوشتنی کچەکەی بە پێکەنینەوە گوتی: ((من هیچ پەشیمان نیم کە کوشتوومە ئەگەر جارێکیتریش زیندوو بێتەوە دەیسووتێنم، بۆخۆم دەچمە سجنی مەحەتە هۆتێل بەلاش)).

لەوبارەیەوە موقەدەم جەمیل رایگەیاند کە هەریەک لە باوکی شیلان و براکەی بەپێی ماددەی ٤٠٦ دەستگیرکراون و چاوەڕێی بڕیاری دادگا دەکەن و سەبارەت بە راپۆرتی دادپزیشکیش گوتی کەلە راپۆرتەکەدا ئاماژە بەوەکراوە کە خنکێندراوەو پاشان سووتێندراوە.

توێژەری کۆمەڵایەتی رەمزیە عەبدولوەهاب، سەبارەت بەوەی کە ئایا دەورووبەری مرۆڤ تاچەند کاریگەری نەرێنی لەسەر ئەنجامدانی تاوانی لەمجۆرە هەیە، بە وارڤینی راگەیاند ((زۆرجار قسەی دەورووبەر کاریگەری زۆری لەسەر هەڵسووکەوت و کەسایەتی ئەو تاکانە هەیە کە نەخوێندەوارن یان لە شوێنی میللیدا دەژین و ئاستی خوێندەوارییان نزمەو خاوەن کەسایەتییەکی لاوازن. حاڵەت هەیە خێزانەکەی قبووڵی دەکات، بەڵام خزم و کەس، گەڕەک و دراوسێ لێکدانەوەی هەڵەیان بۆکردووەو ئەمەش بۆتە هۆی کوشتنی ژنەکە)).

پسپۆڕ لەبواری نەخۆشییە دەروونییەکان د.سیروان چیاوک، لەوبارەیەوە دەڵێ، کاتێک منداڵێک نازی زۆری دەدرێتێ یان پێداویستییەکانی بۆ جێبەجێدەکرێ، کە دەگاتە تەمەنی هەرزەکاری بۆی هەیە لەقسەی ماڵەوە دەربچێت یان کە ئەو ئیهتیمامەی نەما رەنگە تووشی شۆک ببێت، بەڵام ئەوەش نابێ ببێتە هۆی ئەوەی بکوژرێت.((لەهەرحاڵەتێک هەرکەسێک بتوانێت، منداڵی خۆی بکوژێت بەو شێوەیە، ٨٠٪ لەوانەیە حاڵەتی دەروونی بکەر تەواو نەبێت، ئەوە جۆرێکە لەتیرۆری کۆمەڵایەتی، ئەوەی تیرۆری کۆمەڵایەتی ئەنجامدەدات لەحاڵەتێکی دەروونیدایە)).


پێیدەڵێن (Psychotic)

وەک ئەم پزیشکە باسیدەکات، لەم حاڵەتەدا مرۆڤ ئاگای لەبۆچوون و کردەوەکانی خۆی نامێنێت و گومان لەوەدانییە کە دەوروبەریش کاریگەری لەسەر ئەو جۆرە کەسانە دەبێت، چونکە خاوەن راو بۆچوونی تایبەت بەخۆیان نین.((بەپێی هەندێ لێکۆڵینەوە ئەم حاڵەتە، حاڵەتی رقلێبوونەوە لەکۆمەڵگای پێدەڵێن، بیر لەئەنجامی کردەوەکانیان ناکەنەوە پەشیمانیش نابنەوە لەتاوانەکەیان، چونکە ئەوانەی ئەو جۆرە تاوانانە دەکەن، مرۆڤی ئاسایی نین. بەڵام بۆ دڵنیابوونی زیاتر پێویستە ئەو کەسانە پسپۆڕی تایبەت بیانبینێت)).

www.newewe.com

# کچێک بە دەمانچەیەکی تورکی خۆی کوشت

# لەجیاتی داگیرساندنی مۆم بە فیشەک تەمەنی کوژاندنەوە



بەهۆی بوونی چەک لەنێو ماڵیاندا، کچێکی تەمەن ١٣ ساڵی کە دوو رۆژی مابوو یادی رۆژی لەدایکبوونی بکاتەوە، خۆی کوشت و بووە یەکێکیتر لەو قوربانیانەی کە بەردەوام لەهەرێمی کوردستاندا لەرێگەی چەکەوە، ژیانیان کۆتایی پێ هاتووە.

ئاڤان فارس جاف

هەولێر

لەمانگی ئابی ٢٠٠٩، گۆڤاری وارڤین دۆسیەکی تایبەت بەچەکی بڵاوکردەوەو تێیدا زانیاری ئەوەی خستەڕوو کەلە هەرێمی کوردستاندا، سەرووی ملیۆنێک کەس چەکیان هەیە. لەو دۆسیەیەدا مەترسی ئەوەخرایەڕوو ئەگەر چەک لەنێوماڵدا بمێنێتەوە، قوربانیانی ژن بەچەک لەهەرێمدا بەبەردەوامی زیاتر دەبێت. چیرۆکی خۆکوشتنی کەوسەر محەمەد،ی تەمەن ١٣ ساڵ، لەگوندی حەسارۆکی سەر بەپارێزگای هەولێر، قوربانییەکی تری بەردەوامی خۆکوشتن و کوشتنی ژنانە بە چەک. بەڵام کەوسەر، منداڵ بوو. ٢ رۆژی مابوو مۆمی ١٤ ساڵی دابگیرسێنێت، کەچی لەجیاتی داگیرساندنی مۆم، چەکی کردە کۆتایی ئێوارەی تەمەنی و ماڵئاوایی لەخێزانەکەی کرد. باوکی کەوسەر، تەمەنی ٥٢ ساڵەو پاسەوانی بیری ئاوە. ماوەی ١٠ ساڵە دەمانچەیەکی جۆری تورکی لەماڵەو باجی چەکیشی نییە. ئەو باس لەوەدەکات، ئەو دەمانچەیەی بەمەبەستی پاراستنی گیانی کڕیووەو هەرگیز بیری لەوە نەکردووەتەوە رۆژێک



محەمەد باوکی کەوسەر

کچەکەی بەو دەمانچەیە کۆتایی بەژیانی بێنێت. کاتژمێر ٩:١٥ـخولەکی شـەوی ١٨ــی مانگی رابردوو کەوسەر، تەمەن ١٣ ساڵ، دەمانچەی باوکی لەکانتۆری ژوورەکەی دەرهێناوەو لەژێر پێخەفەکەی گوللەیەکی بەخۆیەوە ناوەو دوای نیوکاتژمێر لەنەخۆشخانە گیانی لەدەستداوە.

کەوسەر محەمەد، ٢٠-٥-١٩٩٦،لەدایکبووە، بەڵام بەرلەو رێکەوتەی کە یادی لەدایکبوونی بکاتەوە، بەو دەمانچەیەی کە ١٠ساڵە باوکی لەماڵەکەیدا دایناوە کۆتایی بەتەمەنی ١٣ ساڵی خۆی هێنا.

نیوەڕۆیەکی گـەرم، بـەرەو ماڵی کەوسەر، بەرێکەوتین. ماڵەکەیان لەگەڕەکی حەسارۆکی نـزیـک هـەولـێرە، ماڵـەکـەیان خانوویەکی گڵی بـوو. باوکی کـەوسـەر، ماندووبوونێکی زۆری پێوەدیاربوو. بـەدەم ریزکردنی دەنکی تەسبێحەکەیەوە گـوتـی: ((کـچـەکـەم هیچ کێشەیەکی نەبوو و کەس تووڕەی نەکردبوو)). بەقورگی پڕلەگریانەوە درێژەی بەقسەکانی داو باسی لەوەکرد کە رۆژێـک لـەرۆژان دڵی ئەو کچەی نەشکاندووەو نازانێت بۆ خۆی کوشتووە.

وەک (محەمەد)ی باوکی کەوسەر باسیدەکات، کـەوسـەر، هەشتەمین منداڵی ئـەو خێزانەیە

www.netewe.com



کوردستان هەولێر– ٢٠١٠ . ماڵی کەوسەر

کە کۆچی دوایی کردووە ((٤کچ و٣ کوڕم بەنەخۆشی و کارەساتیتر مردوون)). کەوسەر کچە بچووکی ئەو خێزانە بوو. تا قۆناغی٣ی سەرەتایی خوێندووە. بەگوتەی باوکی لەپۆلی سێهەمی سەرەتایی کەوسەر گوتوویەتی چیتر ناخوێنێت. باوکی دەڵێت داوای هەرشتێکی کردبێت بۆیان جێبەجێ کردووە ((ئەو ئێوارەیەی خۆی کوشت، هیچ تووڕەبوونێکی پێوە دیارنەبوو، زۆر ئاسایی بوو)). برای کەوسەر، بەناوی (ل.م) بەرلەوەی کەوسەر، خۆیبکوژێت بینویەتی و ماچی کردووە. بەگوتەی براکەی ((کەوسەر، ئەو ئێوارەیە زۆر ئاسایی بوو و تووڕەبوونیشی پێوە دیارنەبوو)).دایکی کەوسەر، بەناوی (ش.ل)جلێکی سادەو رەشی لەبەردابوو. لەسووچێکی ژوورەکە، بەدەنگێکی نزمەوە قسەیدەکرد ((کچەکەم هێشتا منداڵ بوو. نازانم بۆچی خۆی کوشت؟)). دایکی باسی ئەو ئێوارەیەی کرد کە کچەکەی ماڵئاوایی دوا ئێوارەی لێکرد ((دوای خواردنی میوە، گوتی دەچم دەخەوم، رۆشتە ژوورەوەو پاش کەمێک، گوێمان لەدەنگی تەقەیەک بوو کە چووینە ژوورەوە بینیمان لەژێر پێخەفەکەی گوللەیەکی لەسکی خۆیداوەو هاواریدەکرد (وەی دایکە گیان وەی باوکە گیان). باوکی لەوساتەدا لەهۆش خۆی دەچێت و زاواکەیان (ک)، دەیگەیەنێتە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی هەولێر و لەوێ دوای نیو کاتژمێر گیانی لەدەستدەدا.

کەوسەر، لەنەخۆشخانە، دانی بەوەداناوە کە کەس تاوانبار نییەو خۆی گوللەیەی لەخۆیداوە. مقەدەمی مافپەروەر، جەمیل محەمەد ئەمین، ئەفسەری نووسینگەی لێکۆڵینەوە لەتاوان و کوشتن لەوبارەیەوە وارڤینی راگەیاند، کەلە شەوی ١٨-٥-٢٠١٠ کاتژمێر ١١و چارەکی شەو، ئاگادار کراونەتەوە، بەبوونی ڕووداوێکی کوشتن لەگوندی حەسارۆکانی سەر بەپارێزگای هەولێر کە ٥ کیلۆمەتر لەهەولێرەوە دوورە.

((دوای ئەوەی پشکنین بۆ تەرمەکەی کرا، رەوانەی دادپزیشکی کراو تائێستا ئەنجامەکەی دەرنەچووە، بەڵام لەپشکنینە سەرەتاییەکاندا دەرکەوتووە، خۆی ئەو گوللەیەی لەخۆیداوە. لە دانپێدانانەکەی باوک و دایک و براکەشیدا دەرکەتووە ئەو کچە هیچ کێشەیەکی نەبووە. دکتۆر نەشمیل محەممەد، پسپۆڕی دەروونی منداڵان، لەوبارەیەوە دەڵێ، منداڵ زۆر بەکەمی بیر لەخۆکوشتن دەکاتەوەو ئەگەر بێت و بیریشی لێبکاتەوە، دەبێ پاڵنەرێکی بەهێز بۆ ئەو حاڵەتەی هەبێت. ئەو لەبارەی خۆکوشتنەکەی کەوسەرەوە دەڵێ، پەڕینەوەی تەمەن لەقۆناغێک بۆ قۆناغێکیتر زۆرکات کێشە بۆ تاکەکان دروست دەکات ((بەهۆی گۆڕانکاری هۆڕمۆنەکانی جەستەو مێشکی کەسەکە، بەتایبەت گۆڕانکارییە هۆڕمۆنییەکان لەکچ جیاوازترەو زووتر دەردەکەوێت. هەروەها بەهۆی هەڵچوونی لەناکاو، زۆرکات کەسەکە والێدەکات نەتوانێ بەئاسانی خۆی کۆنترۆڵ بکات)). بەگوتەی دایک و باوکی کەوسەر، کچەکەیان لەمنداڵییەوە کەسێکی تووڕە بووە. زۆرکات بەوهۆیەوە کەلوپەلی نزیکی خۆی شکاندووە. پسپۆڕەکەی بواری دەروونی منداڵانیش، باس لەوەدەکات تووڕەبوون پێویستی بەبەدواداچوون و لێکۆڵینەوە هەیە، نابێت تووڕەبوون و هەڵچوونی منداڵ پشتگوێبخرێت. باوکی کەسەر، دەڵێ، کچەکەیان کاتێکی زۆری بەسەیرکردنی تیڤییەوە، بەسەر بردووە ((زۆرکات تا ١ی شەو سەیری تیڤی دەکرد)). د.نەشمیل، ئاشکرای دەکات دراما و فیلمەکانی تەلەڤزیۆن زیاتر کاریگەری بەسەر کوڕانەوە هەیەو لەکردارە توندوتیژییەکان زیاتر کوڕان لاسایی دراماکان دەکەنەوە، بەڵام بۆ کچان درامای سۆزداری و خۆشەویستی، کاریگەرترن. وەک باسی دەکات کە زۆر حاڵەتی خۆکوشتن بەکاریگەری ئەو درامایانە روویداوە.

# چیرۆکی ئەو ژنەی بە پەتێکەوە خۆی هەڵواسی

دوای ئەوەی ژنێک، بەپەتێکەوە خۆی هەڵواسی و کۆتایی بەژیانی هێنا، پۆلیس هاوسەرەکەی دەستگیردەکات. هاوسەرەکەی هۆکاری خۆخنکاندنی ژنەکەی، بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە منداڵی نەدەبوو، لەکاتێکدا پۆلیس ئەو هۆکارە بە ڕاست نازانێت.

هەولێر

ڕێکەوتی٢٣-٥-٢٠١٠ ژنێک بەناوی شادومان ڕەشید، تەمەن ٢٧ ساڵ، دانیشتووی کۆمەڵگەی بنەسڵاوە، خۆی دەخنکێنێت. شادومان ژنی ماڵەوە بوو و تەنیا یەک منداڵی هەبوو. وەک هاوسەرەکەی دەیگێڕێتەوە ئەو منداڵەشی بەنەشتەرگەری بووە، ئیتر دوای ئەوە منداڵی نەبووە . شادومان، بە پەتێک خۆی بەبنمیچی ژوورێکی ماڵەکەیانەوە هەڵواسیوە، کاتێک هاوسەرەکەی پێیدەزانێت، گیانی لەدەستداوە.

شادومان ڕەشید، لەگەڕەکی شۆریجەی شاری کەرکووک ساڵی١٩٨٣ لەدایکبووەو قۆناغی سەرەتایی تەواو کردووە. ساڵی ٢٠٠٤ هاوسەرگیری لەگەڵ پیاوێکی ناسراوی خۆیان بەناوی (م.ع) پێکهێناوەو کچێکیان بەناوی (س) هەیە.(م.ع)ی هاوسەری بەهەمانشێوەی خێزانەکەی لەدایکبووی شاری کەرکووکە، بەڵام لەترسی ڕژێمی بەعس، لەدوای ساڵی١٩٩٠ کەرکووکی جێهێشتووە و ڕووی لە شاری هەولێر کردووە. هاوسەری شادومان، لەبارەی چۆنیەتی خۆکوشتنی خێزانەکەیەوە دەڵێت: (( لەوکاتەدا من لەدوکانی براکەم بووم، تا ئامێری جلشۆر بۆلای وەستایەک بنێرم و چاکی بکاتەوە، کاتێک گەڕامەوە ماڵ، بینیم منداڵەکەم لەماڵ نەبوو،منیش گوێم پێنەداو بیرم کردەوە ڕەنگە هاوسەرەکەم چووبێتە لای پزیشک. لەوکاتەدا دراوسێیەک پەیوەندی پێوەکردم و گوتی منداڵەکەت لە کۆڵانە، منیش گەڕامەوە ماڵ و هەموو شوێنێک گەڕام، تا چوومە نهۆمی سەرەوە، بینیم هاوسەرەکەم خۆی هەڵواسیوەو ڕووخساری ڕەش هەڵگەڕابوو. ئیتر دراوسێکانم ئاگادار کردەوەو هێزەکانی پۆلیس هاتنە شوێنی ڕووداوەکە)).

(م.ع) تەمەنی (٣٦) ساڵەو دەرچووی پەیمانگەی مەڵبەندی مامۆستایانە، ماوەی چوار ساڵە مامۆستایە. چۆنیەتی سەرەتای ناسین و هاوسەرگیری لەگەڵ خێزانەکەی باسدەکات و دەڵێ، لە بنەسڵاوە خوشکێکی شادومان دراوسێیان بووە. بەو هۆیەوە تێکەڵاوی و هاتووچۆ لەنێوانیاندا دروست بووە ((تا ڕۆژێک لەکەرکووک چووینە ماڵیان. سەرەتا بڕیاربوو داوای شادومان، بۆ برایەکم بکەین، بەڵام براکەم ڕازینەبوو لەگەڵی هاوسەرگیری بکات، چونکە دڵی بەکچێکی ترەوە بوو)). (م.ع)وەها درێژە بەقسەکانی دەدات و دەڵێ»دوای ئەوەی براکەم ڕازینەبوو هاوسەرگیری لەگەڵدا بکات، من داوام کرد و ئەویش قبووڵی کرد)). ئەو پیاوە نایشارێتەوە کەلە سەرەتای پرۆسەی هاوسەرگیری بەهۆی دەستکورتی و کەمی مووچەوە، ژیانیان کەمێک ناخۆش بووە ((لەژوورێکی قوتابخانەیەک دەژیاین کە وانەم تێدا دەگووتەوە، بەڵام دوای دوو ساڵ بژێوی ژیانمان گۆڕاو توانیم ببمە خاوەنی خانوو و قەرزەکانیشم بدەمەوە)). (م.ع) ئێستا لەبنکەی پۆلیسی بنەسڵاوە دەستبەسەرەو لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا دەکرێت، چونکە بەشێک لەگومانی خۆکوشتنی خێزانەکەی لەسەرە. ئەو هۆکاری خۆکوشتنی خێزانەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە نەیتوانیووە منداڵی ببێت ((ساڵی یەکەمی هاوسەرگیریمان کچێکی بەنەشتەرگەری بوو. دوای ئەوە نەیتوانی منداڵی ببێتەوە، چونکە ئەو نەشتەرگەرییە کاریگەرییەکی زۆری لەسەر منداڵدان و هێلکەدانی کرد. دوای ئەوەش چەندینجار بردمە لای پزیشک، تادواجار لەئەنجامی پشکنینێکدا دەرکەوت هێلکەدانی تووشی نەخۆشی بووەو قەبارەی هێلکەیەکی لەیەکێکیتر جیاوازترە)). لەبارەی هەڵسووکەوتی لەگەڵ خێزانەکەی (م.ع) دەڵێ، لەگەڵی باش بووم، هەندێکجار هەستم دەکرد بێتاقەتە، بەڵام هەرگیز باسی گرفتەکانی نەکرد. لەوبارەیەوە، بەڕێوەبەری پۆلیسی دەوروبەر عەمید خەیرەددین شەهاب، بە وارڤینی ڕاگەیاند: ((بەردەوامین لەلێکۆڵینەوەی ئەو ڕووداوەو مێردەکەشی لای ئێمە دەستبەسەرەو لێپێچینەوەی لەگەڵدا دەکرێت، چونکە گومان لەسەر مێردەکەیشی هەیە)). لەبارەی ئەو هۆکارەی (م.ع) ئاماژەی بۆ دەکات کە گوایە هۆکاری خۆکوشتنی خێزانەکەی لەبەر ئەوەیە کە منداڵی نەبووە، بەڕێوبەری پۆلیسی دەوروبەر قسەکانی (م.ع) ڕەتدەکاتەوەو ئاماژە بەوە دەکات: ((ئەو ژنە منداڵی هەبووەو بۆچی لەبەرنەبوونی منداڵێکیتر خۆی دەکوژێت))؟. لەبارەی ئەو گومانانەوە (م.ع) دەڵێ ((خۆم هاتوومەتە بنکەی پۆلیس و کەسیش بەئەندازەی من بەو کارەساتە نیگەران نییە)).لەگەڵ ئەوەی (م.ع) ئاماژە بەوەدەکات تا ئەوپەڕی باشی لەگەڵ خێزانەکەی باش بووە، بەڵام (ک.ر) برای شادومان، قسەکانی زاواکەی ڕەتدەکاتەوە ((هۆکاری خۆکوشتنی خوشکەکەم، مێردەکەی بوو، چونکە هەڵسووکەوتی زۆرخراپ بوو لەگەڵی و بەردەوام گرفتیان هەبوو و تا وایلێکرد خۆی لەو ژیانە ڕزگار بکات)).لەبارەی بوونی گرفت لەنێوان ئەو دوو هاوسەرە، (ک.ر) دەڵێ ((بەردەوام شەڕو گرفتیان هەبوو. تا کار گەیشتە ئەوەی جارێک تۆراو هاتەوە ماڵی خۆمان، بەڵام (م.ع) هەموو بنەماڵەکەی هێناو بەڵێنیدا جارێکیتر ئازاری خوشکەکەم نەدات)).

لەلایەکی دیکەوە، (ە.ع) کە دەکاتە برای (م.ع) ڕەتیدەکاتەوە کە براژنەکەی تۆرا بێت و گرفتێکی ئەوتۆیان هەبوو بێت، بەڵام نەیشاردەوە کە وەک هەموو خێزانێک هەندێک گرفتی بچووکیان هەبوو، بەڵام هۆکاری خۆکوشتنی تەنیا ئەوە بوو کە منداڵی نەدەبوو)).

**بۆکان هیوا**



www.netewe.com

# هاوسێکەمان



ئیمڕۆ ڕۆژی یەکشەممە. هاتوومەتە سەر بالّکۆنەکە. لاپۆتەپەکەم لەسەر باوەشم دایەو دەمەوێ شتێک بنووسم، بەڵام هیچ شتێک نایەتە بیرم.

هەرچەندە خۆم دێنم و دەبەم، هیچم بیر ناکەوێتەوە.

نامەوێ خۆم لەسیاسەتیش نزیک بکەمەوەو بەمرۆژی یەکشەممەیە سەری خۆم بەلایەن و ئەو لایەن بیەشێنم. دەزانم هەرچەندێک خۆت نزیکی سیاسەت بکەی، ئەوەندەیش سەرت دەیەشێت. نە تۆ دەتوانێ کەس قایل بکەی و نە بەهەر کەسێکیش قایلیت.

جارێکیان وتارێکم بەناوی ((پۆست)) نووسیبوو، من دەمویست شیوازێکی جودا بکەوێتە ناو ڕۆژنامەوانی و ئەدەبیاتی کوردییەوە. هەندێک کەس ڕەخنەیان لێم گرت و گوتیان: ((تۆ بۆ شتی جیدی نانووسیت، تۆ دەچیت لەسەر پێڵاوی ژنەکەی خۆت دەنووسیت...)) زۆریش بەبابەتێکی وەها خۆشحاڵ بوون و گوتیان بابەتی وەها جودابوون دەخەنە نێو ڕۆژنامەوانی کوردی.

من قاوەم لەبەردەم خۆم داناوە، لەم یەکشەممە بێدەنگەدا، جگە لەدەنگی بالّندەی سەر درەختەکانی حەوشە، هیچ دەنگێکیتر نابیستدرێت.

جارێکیتر بەنیازی ئەوەی شتێکم بیربکەوێتەوە سەری خۆم هەڵدەبڕم و لەبالّکۆنەکەی بەرانبەرم دەڕوانم.

وەکو هەمیشە، هاوسێکەمان تەنها شۆرتێکی لەبەرەو شەرابی سووری لەبەردەم خۆیدا داناوە. کتێبێکی بەدەستەوەیە، هێدی هێدی و بەکەیفەوە شەراب دەخواتەوەو بەدەمییەوە لاپەڕەی کتێب هەڵدەداتەوە.

ژووری دانیشتنی ئەو خانمەی هاوسێم و بالّکۆنەکەی بەسەریەکەوەن. ئەو ژوورە وەکو کتێبخانەیەک وایە. ڕەنگبێ هەزاران نەبێ، بەڵام بە سەدان کتێب لەو ژوورە بچووکەدا هەن.

هاوسێکەمان ئیمڕۆ خۆشحاڵ دیارە.

وەکو هەموو ڕۆژێک ئەو ئیمڕۆیش لەچاوەڕوانی میوان دایە. هەموو ڕۆژ کەسانێک دێنە سەردانی ئەم خانمە. جاری وایە بەگرووپ دێن و گوهداری ئەو خاتوونە دەکەن. جاری وەها هەیە: کەسانێک لەنێو میواناندا قەڵەم دەردەهێنن و تێبینی دەنووسنەوە. هاوسێکەمان وەکو مامۆستایەک بەرانبەریان هەڵسووکەوت دەکات.

هاوسێکەم ژنێکە سەرنجڕاکێش. هیچ کاتێک بێ کتێب نەهاتۆتە ئەو بالّکۆنە. هەمیشە یان کتێب یان ڕۆژنامەیەکی بەدەستەوە بووە. هەموو دوو یان سێ ڕۆژ جارێک خانمێک دێت و ماڵەکەی بۆ خاوێن دەکاتەوە، ئەو کاتی بۆ خاوێن کردنەوەی ماڵ نییە. خواردنیشی یان پارچەیەک دوو پارچە ماسییە، کە شەرابی سپی لەگەڵ دەخواتەوە، یان شتێکی سووکە، هەرگیز نەمبینیووە خواردنی زۆر و قورسی لەبەردەم بێت.

من هاوسێکەم ناناسم، بەڵام وەکو بۆم دەردەکەوێت، یان نووسەرە، یان پێشتر مامۆستای زانکۆ بووە.

من لێم نەپرسیووە، بەڵام تەمەنی دیارە لەخوار ٧٠ ساڵانەوەیە. بالّکۆنەکانمان بەرانبەر بە یەکن. هەمیشە کە دەچمە بالّکۆنەکە دەیبینم. زۆرجاران بێئەوەی خۆمان بخوازین، تەماشای یەکترمان کردووە. بەڵام نە من و نە ئەو تائێستا هیچ پرسیارێکمان لەیەکتر نەکردووە.

هەموو جارێک کە لەسەر بالّکۆنەکەی بینیومە، شتێکی سەرنجڕاکێشی هەبووە بە لامەوە.

من ئەوم بەگەنجی نەبینیووە، بەڵام وەها دیارە ئەو لەلاوێتی خۆیدا زۆر جوان بووە.

هەرچەندە تەمەنی لە ٧٠یش زۆرتر بێت، هێشتا گەنج دیارە. بەژن و باڵای هێشتا وەکو هی کچێکی ٢٠-٢٥ ساڵانە. ئەو جلانەی ئەو دیانکاتە بەر، جلی تەمەنی ئەو نین. ماکیاژی ئەو خانمە تایبەتییە، وەکو بەنیازبێ ٧٠ ساڵی تریش بژی.

هەموو جارێک کە من ئەو دەبینم، ژنانی کورد لە تەمەنی ئەودا دێنە بەرچاوم. ئەو ژنەی لە ٧٠ ساڵی خۆیدا بەڵکو ڕۆژێکیش وەکو ئەو هاوسێیەی ئێمە نەژیابێت، ئەو ژنەی هەموو ژیانی لەنێو ئێش و ئازاردا بەسەر بردووەو ئێستایش هەر ئازار دەچێژێت. بەداخەوە ڕۆژێک تێناپەڕێت و ئەو هەواڵە نەبیستین:

((لە فلان گوند ژنێک خۆی خنکاند. دایکی شەش منداڵ خۆی بەگوریس هەڵواسی...)).

هەموو جار کە هاوسێکەمان لەسەر بالّکۆن و لەو ڕەوشەدا دەبینم، ژنی کورد لەبەر چاوم گەورەتر دەبێت.

دلبخوین دارا

www.netewe.com

# لە 5 مانگی رابردوودا نزیکەی 25 حاڵەتی کوشتن و سووتان هەبووە

رانیە

**بەپێی ئامارێکی فەرمی کە گۆڤاری وارڤین دەستی خستووە، لەماوەی ٥ مانگی رابردوو لەناوچەی پشدەر و بیتوێندا ٢٥ حاڵەتی کوشتن و سووتانی ژن هەبووەو ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە تائێستا لەپرسی دەستدرێژی بۆ سەر ژندا ئەو ناوچەیە بەهێڵی سوور دادەنرێت.**



گوڵە ئەحمەد

توندوتیژی دیاردەیەکە لەهەموو وڵاتانی جیهاندا، بەتایبەت لەکۆمەڵگا رۆژهەڵاتییەکان دژ بەژن، ئەنجامدەدرێت. توندوتیژی دژ بەژنان کەلە سووتاندن، خۆسووتاندن و لێدان و چەندین جۆری وەک ئەشکەنجەی جەستەیی و دەروونیدا خۆی دەبینێتەوە لەهەندێ ناوچەی هەرێمدا لە زیادبووندایە. بەپێی ئامارێک کە وارڤین بەدەستی خستووە لەماوەی ٥ مانگی رابردوو، لە ناوچەی پشدەرو بیتوێن ٢٥ حاڵەتی کوشتن و سووتان، هەبووە کە تێیدا ٥ حاڵەتی خۆکوژی و٢٠ حاڵەتی سووتانی ژن بووە. لەلایەکی دیکەوە، بەپێی ئەو ئامارە ١٣ حاڵەت دەستدرێژی و لێدان هەبووە. (ە.ح) ژنێکی تەمەن ١٨ساڵەو دانیشتووی گەڕەکی ٥ی ئازاری سەنگەسەرەو کچی ماڵەوەیە. ئەو یەکێکە لەو قوربانیانەی چەک کە لەو ئامارەدا ئاماژەی پێکراوەو لە ٢٠-١-٢٠١٠ لەماڵی خۆیدا فیشەکێکی کلاشینکۆفی بەخۆیەوە ناوە. هۆکارەکەیشی هەبوونی کێشەیەک لەگەڵ زڕدایکەکەی بووە.(هـ.ح) بەوهۆیەوە گیانی لەدەستدا. هەروەها کەیسێکی تر کە لەو ئامارەدا ئاماژەی پێکراوە ژنێکە بەناوی (ل. ش) تەمەنی ٢٠ ساڵەو دانیشتووی قەلادزێیە. ئەو ژنە فەرمانبەر بوو و لە ٦ - ٢ -٢٠١٠ بەهۆی کێشەی خێزانی خۆی سووتاند و گیانی لەدەستدا. دادوەر بەپێی مادەی ٤٠٨ لەیاسای سزادانی عێراقی، بڕیاری دەستگیرکردنی باوک و برای (ل. ش)یان دا.

زۆرترین رێژەی توندوتیژی دژ بەژنان، لەلایەن پیاوانەوە ئەنجامدەدرێت و لەنێو هەندێ خێزانیشدا بووەتە شتێکی سروشتی و ئاسایی، تەنانەت وەک مافێکی پیاو بۆ مانەوەی دەسەڵات و زاڵبوونی، پەیڕەودەکرێت. لەوشوێنەی دەسەڵاتی عەشیرەت، جێی سەرەوەری یاسای گرتبێتەوە، ژنان زیاتر رووبەڕووی توندوتیژی بوونەتەوە، چونکە لەیاسای دیوەخان و عەشیرەتدا پیاو باڵادەستەو ژن یەکێک لەئامرازەکانی خۆشگوزەرانی و پاراستنی شەرەفی پیاوانە. پێشتر لەماددەی ٤٠٩ـی یاسای سزادانی عێراقی، تارادەیەک شەرعییەت بەکوشتنی ژن، بەبیانووی شەرەف درابوو. هەر پیاوێک ژنێکی کوشتبا، لەهەموو حاڵەتێکدا تەنیا ٣ساڵ زیندانی دەکرا. بەڵام دوای هەموارکردنی یاساکە لەپەرلەمانی کوردستان کوشتنی ژن بەبیانووی شەڕەف تارادەیەک کەمیکردووە،چونکە سزاکەی بۆ کەسی تاوانبار لە ١٥ تا٢٠ ساڵ کەمتر نییە. مافناس ئیسماعیل مستەفا، لەگەڵ ئەوەی باس لەوە دەکات کە ئێستا شێوازی کوشتنی ژنان بەخنکاندن و سووتاندن سەریهەڵداوە، بەڵام جێبەجێکردنی یاسای قەدەغەکردنی ژن کوشتن بەبیانووی شەرەف بەهەنگاوێکی باش دەزانێت.

ئەو مافناسە دەڵێ، زۆر حاڵەتی وا هەبووە بۆ سووتانی ژنێک بە بێئاگاداری ئەو، بەنزین کراوەتە ناو ئامێری سەماوەر و چێشتلێنان و لەو رێگەیەوە سووتێندراوە. ئیسماعیل مستەفا، هاوکات رەخنە لە ((بێتوانایی رۆڵی داواکاری گشتی دەگرێت کە نەیانتوانیوە بەشێوەی دروست بەدواداچوون لەکوشتنی ژن و هۆکاری سووتان ((یان بکەن. ئەو مافناسە دەڵێ، پیاوی وا هەبووە ژنەکەی کوشتووە، تا بتوانێت ژنێکیتر بهێنێت کەچی لەئێستادا یاسای باشتر لەجاران هەیە، بەڵام نەخراووەتە واری جێبەجێکردنەوە)).

سەرەڕای هەموارکردنی یاسای باری کەسێتی کە زۆربەی بڕگەکانی ئاماژە بەپاراستنی مافەکانی ژن، دەکات، بەڵام کەمتەرخەمی لەجێبەجێکردنی یاساکەدا هەیە، چونکە هەموو کاتێک شەرەف، پێناسەی ژن بووە، ئەوەش ژنی وابەستەی کۆمەڵێک دابوونەریت کردووە. لێپرسراوی لقی رانیەی یەکێتی ژنانی کوردستان، مریەم حەمە لەوبارەیەوە دەڵێ: (( لەبەر ئەوەی پیاوان داڕێژەری یاساکانن، یاساش لەبەرژەوەندی پیاواندا دەنووسرێتەوە)). مریەم، هەروەها دەڵێ، ناهۆشیاری تاک و تێڕوانینی کۆمەڵگە، هۆکاری درێژەپێدەری توندوتیژی دژ بەژنانن. تاکی کورد، لەژینگەی ئارام و ئاساییدا نەژیاوە، بۆیە

# 25 حاڵەتی کوشتن



بە»دەماغگەرمی مامەڵە لەگەڵ ژن، دەکات)). هاوکات پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیاو بەهەڵە بەکارهێنانی، یەکێک لەدەرئەنجامەکانی زیادبوونی ڕێژەی توندوتیژییە. چالاکوانی بواری ژنان، سازان حەمە عەلی، بوونی بۆشایی سۆز و راستگۆیی، لەنێوان ژن و مێرد دا، بەهۆکاری خیانەتکردن دەزانێت کە دواتر تاوانی کوشتنی لێدەکەوێتەوەو ئەوەش کاردانەوەی نەرێنی لەسەر کۆمەڵگا دروست دەکات. خەدیجە ئەحمەد، ٧٦ساڵ، دانیشتووی قەڵادزێ، باس لەوە دەکات کەلە سەردەمی گەنجێتی ئەواندا کوشتن و خۆسووتاندنی ژن نەبووە، ((کوڕ و کچ بەیەکەوە کاری هەرەوەزیمان دەکرد. دڵپیسی و کوشتنی ژن، مۆدێلی تازەیە. ئێستا منداڵیش دەتوانێت، خەڵک بکوژێت. هەر ڕۆژی هەواڵی کوشتنی ژنێک دەبیستین)). توێژەری کۆمەڵایەتی ڕێزان ئەحمەد، تێکەڵبوونی کەلتوورەکان و رەوشی ژیانی خەڵکی بەهۆی پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیاوە بەهۆکاری کوشتن و سووتانی ژن، دەزانێت)) راستە لەڕووی یاساوە سزاکە بۆ ئەوانەی کە ژن، دەکوژن قورسترکراوە. بەڵام بەتەواوی ئەو یاسایە جێبەجێناکرێت. زۆرجاریش پاڵنەری خۆسووتاندنی ژن ئاشکرایە، بەڵام لێپێچینەوەی جیدی بۆ ناکرێت)). ئەو توێژەرە بەباشی دەزانێت کە داواکاری گشتی ئەرکی خۆی جێبەجێ بکات و بە وردی لە کەیسەکان بکۆڵێتەوە. بەڕێوەبەری نووسینگەی توندوتیژی دژ بەژنان، لە رانیە، رائید حەسەن، دیاردەی توندوتیژی دژ بەژنان بەدیاردەیەکی جیهانی وەسفدەکات و دەڵێ، تەنیا لەکوردستان ژن ناکوژرێت. بەرپرسی لقی رانییەی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان مریەم حەمە، زیادبوونی ڕێژەی ژنکوشتن بۆ زیاتر ئاشنابوونی ژنان، بەمافەکانیان و ئەو جیاوازییە جێندەرییەی کە لەکوردستان دەکرێت دەگەڕێنێتەوە. سۆزان حەمە عەلی بۆ پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیاو بەکارهێنانی مۆبایل بەشێوازێکی ناهوشیارانە دەگەڕێنێتەوە. ئیسماعیل مستەفا، هۆکاری ئابووری بەسەرەکیترین هۆکار لە کوشتن و سووتانی ژن دەزانێت، ((کێشەی کۆمەڵایەتی، سەرقاڵی ژیان، کێشەی ئابووری و گرانی ژیان و نەبوونی یەکەی نیشتەجێبوون بۆ خێزانە تازەکان هۆکارە)). هاوکات مافناس ئیسماعیل، هەموارکردنی یاسای باری کەسێتی و سنووردارکردنی فرەژنی، بەباش نازانێت چونکە بەڕای ئەو ((پیاو هەیە بوختان بۆ ژنەکەی دەکات، یان دەیکوژێت تا بتوانێت، ژنی دووەم بهێنێت)). هەروەها دەڵێ، زوو چوونە نێو پرۆسەی هاوسەرگیری ئەو گەنجانەی کە تەمەنیان نەگەیشتووەتە لەگەڵ یەک نەگونجاوە کوشتنی ژنی لێکەوتووەتەوە. خەدیجە ئیسماعیل دەڵێت: ((هەموو ماڵێک چەکی تێدایە. پیاو دەتوانێت ژن بکوژێت و بەئاسانیش رابکات. یان بەرپرس و حیزبێک دەیپارێزێت)). لەبارەی دانانی ڕێگا چارەی گونجاو بۆ دیاردەی کوشتن، هەموان لەسەر، جێبەجێکردنی یاسا، هوشیاری ژنان، کاراکردنی داواکاری گشتی، قەدەغەکردنی چەک لەماڵەکاندا، کۆکن.



www.netewe.com

# حاڵەتی ئایدز تۆمارکراوە

# لەشفرۆشانی عەرەب لـــ



دیاردەی لەشفرۆشی لەکەرکووک هەڕەشەی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی ئایدز لەو شارە دەکات و پۆلیسی شارەکەش، لەگەڵ دەستگیرکردنی باندەکانی لەشفرۆشی، تائێستا نەیتوانیووە ئەو دیاردەیە کۆنترۆڵ بکات. بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی کەرکووکیش ئاشکرایکرد کە چەند حاڵەتێکی نەخۆشی ئایدز لە شارەکەدا تۆمارکراوە. بەپێی سەرچاوەیەکی پۆلیسیش، چەندین باندی لەشفرۆشی لەکەرکووکدا بوونیان هەیە.

کەرکووک

زیادبوونی دیاردەی لەشفرۆشی لەشاری کەرکووک، یەکێک لەهۆکارەکەی بۆ خراپی ئاستی بژێویی ژیان دەگەڕێتەوەو لەدوای پرۆسەی ئازادی عێراق، ئەو دیاردەیە تا دێت روو لەزیادبوون دەکات، بەتایبەت لەلایەن ئەو ژنە عەرەبانەی لەناوچەکانی دیکەی باشووری عێراقەوە روویان لەکەرکووک کردووە.(س.ع) ژنێکی تەمەن ٢٩ ساڵەو خەڵکی باشووری عێراقە، لەیەکێک لەسەنتەرەکانی پاراستنی ژنان لەکەرکووک، خۆی حەشارداوە. (س.ع) وەها باس لەسەرەتای فێربوونی کاری لەشفرۆشی دەکات((لەبەغداد لەترسی کوشتن رووم لەکەرکووک کردو لێرە کاری لەشفرۆشی دەکەم)). (س.ع) دەڵێ، کە لەڕێگەی مۆبایلەوە کوڕێکی کەرکووکی، ناسیووەو دوای ساڵێک قسەکردن، بەهۆی ئەو کوڕەوە هاتووەتە کەرکووک، بەڵام پاش مانەوەی بۆ ماوەی سێ ڕۆژ لەگەڵی، کوڕەکە خۆی لێ شاردووەتەوە((ئێستا ژمارەی مۆبایلەکەشی نەماوە، بۆیە ناچار چوومە لای ژنێک کە چەند لەشفرۆشێکی هەبوو. لەبەرامبەر حەواندنەوەدا، کاری لەشفرۆشی پێدەکردین)).

پاش تێپەڕبوونی چەند مانگ (س.ع) لەکاری لەشفرۆشی پەشیمان بووەتەوە، خۆی رادەستی پۆلیس کردووە((لەڕێگەی پۆلیسەوە هاتوومەتە سەنتەری پاراستنی ژنان و ئێستا لەگەڵ دەیان ژنی تری لەوشێوەیە بەترسێکی زۆرەوە، کات بەسەر دەبەین و ناوێرین بۆ ماڵەوە بگەڕێینەوە. ئەوانیش نازانن ئێمە لەکوێین)). بەپێی قسەی سەرچاوەیەک لەبەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی کەرکووک، لەشفرۆشان کەرکووکیان کردووەتە مەڵبەندی سەرەکی خۆیان. ئەو سەرچاوەیە کە نەیویست ناوی ئاشکرا بکرێت بەوارڤینی راگەیاند: ((دیاردەی لەشفرۆشی لەکەرکووک بەرەو زیادبوون چووەو بەدەیان باند بەتایبەت لەگەڕەکە عەرەبنشینەکانی کەرکووک خەریکی ئەو کارەن. هەرچەندە هەندێک لەو باندانە دەستگیرکراون، بەڵام ناتوانرێت، کۆنترۆڵ بکرێت)). لەبارەی چۆنیەتی دەستگیرکردنی ئەو باندانە، بەڕێوەبەری پۆلیسی عروبە شێرزاد مۆفەری دەڵێ: ((هەر کاتێک زانیاریمان پێبگات کە باندێکی لەشفرۆشی هەیە، دەستگیریان دەکەین و دواتر لەڕێگەی دادگاوە کەیسەکەیان یەکلایی دەکەینەوە. ئەوکەسانەی ئەو کارە دەکەن، ماوەی زیندانیکردنیان لەنێوان سێ بۆ شەش مانگ دەبێت)). بەگوتەی ئەو بەڕێوەبەرەی پۆلیس، زۆربەی ئەو باندانەی دەستگیرکراون ئەوکەسانەن کەلە باشوور و ناوەڕاستی عێراقەوە هاتوون)).

یەکێک لەو مەترسیانەی کاری لەشفرۆشی کە هاوکات دوورە لە چاودێری تەندروستی، بریتییەلە مەترسی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی ئایدز. بەپێی راپۆرتی بەڕێوەبەرایەتی تەندورستی کەرکووک کە وارڤین کۆپییەکی دەستخستووە، لەساڵی ٢٠٠٩ لەسنووری پارێزگای کەرکووک ٧ حاڵەتی ئایدز هەبووەو ئەگەری زیادبوونیشی لەئارادایە. یەکێک لە هۆکارەکانی بڵاو بوونەوەی ئەو نەخۆشییەش کرداری سێکسییە. لەبەرامبەر زۆربوونی دیاردەی لەشفرۆشی لەسنوورەکە، بەدەیان ڕێکخراوی تایبەت بەژنان بەتەنگ لەشفرۆشانەوە دێن،

www.netewe.com

# ـەکەرکووکدا خۆیان حەشارداوە

کاتی بەهۆی لەشفرۆشییەوە ژیانیان دەخرێتە مەترسی و هەڕەشەوە. ژیان محەممەد، بەرپرسی سەنتەری پەنا کە سەنتەرێکی تایبەت بەداکۆکیکردنە لەمافەکانی ژنان، بارەگاکەیان لەگەڕەکی ئیسکانە، دەڵێ: (( سەنتەرەکەمان لەلایەن ڕێکخراوێکی بیانییەوە، هاوکاری مادی دەکرێت، ئێستا بەدەیان ژن، دوای ئەوەی بەبیانووی لەشفرۆشییەوە هەڕەشەی کوشتنیان لێکراوە، لای ئێمە داڵدەدراون. دەمانەوێت بەشێوزایکی تەندروست جارێکیتر ئەوکەسانە بۆ نێو کۆمەڵگا بگەڕێنینەوە، بەڵام ئەوەش کارێکی زەحمەتەو ماندوومان دەکات، زۆری دەوێت تا ژنێکی لەشفرۆش بۆ نێو کۆمەڵگە بگەڕێنیتەوەو خەڵکیش بەچاوی ڕێزەوە تەماشای بکات)). ژیان، نیگەرانی خۆی بەرامبەر بەحکوومەتی عێراق و حکوومەتی هەرێم دەربڕی و گوتی کە وەک پێویست هاریکارییان ناکەن ((بودجەمان لەلایەن ڕێکخراوێکی بیانییەوە دابیندەکرێت، نەک حکوومەت هاوکاریمان بکات، بۆیە کارەکانمان سنووردارە. ناتوانین هاوکاری زۆربەی ئەو ژنانە بکەین، ئەگەر بێت و حکوومەت هاوکاریمان بکات، ئەوا دەتونین زۆر لەو ژنانەی کە لەشفرۆشی دەکەن لەو کارەیان دووربخەینەوە)). بوونی ئەو باندانە بەڕێژەیەکی زۆر، لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە کاریگەری خراپی بەدوای خۆیدا هێناوە. توێژەری کۆمەڵایەتی هێمن کامیل، مەترسی ئەو باندانە لەکاریگەری خراپیان بۆ سەر کۆمەڵگا دەخاتەڕوو و دەڵێ ((لەگەڵ زۆربوونی ئەو دیاردەیە، کێشە کۆمەڵایەتییەکان زیادیان کردووەو ئەمەش بۆ داڕووخانی شیرازەی خێزان و هەڵوەشاندنەوەی بنەماکانی خێزان، جێگای مەترسییە.


**زانا چەمچەماڵی**



# لەشفرۆشی لە شەقامە شاراوەکانی هەرێمدا

# ٨٠٪ی لەشفرۆشەکان لەدەرەوەی هەرێم هاتوون

پەرلەمانی کوردستان بۆ ڕێگرتن لە سەرهەڵدانی دیاردەی لەشفرۆشی لە هەرێمی کوردستان، پرۆژەیاسایەکی بۆ قەدەغەکردن و سزادانی لەشفرۆش و لەشکڕ، خستووەتە بەردەست پەرلەمانتاران. هاوکات مەترسی لەشفرۆشی لەهەرێمی کوردستاندا لەوەدایە کە لەشفرۆشەکان بەبێ چاودێری تەندروستی ئەوکارە دەکەن و ئەمەش بەلای توێژەرانەوە جێگەی مەترسییە.



ئاڤان فارس جاف

هەولێر

**لەشفرۆشی**

لەشفرۆشی دیاردەیەکی جیهانییەو لەهەندێک وڵاتدا ئـەم کـارە وەک پیشە حسابی بـۆکـراوەو قاڵبی بازرگانی، کڕین و فرۆشتنی وەرگرتووە. هەمیشە ئەو ژنانەی کە بۆ ئەو مەبەستەش قۆرخکراون ئەوانەن کە لەوڵاتە دواکەوتووەکاندا ژیاون. لەشفرۆشی وەک دیاردە کۆمەڵایەتییەکانیتر، لەگەڵ بوونی مرۆڤدا بەفۆرمی جیاواز بوونی هەبووە. لەسەردەمێکدا کە ڕێژەی دانیشتووان کەمبوون، ناهاوسەنگییەک لەنێوان ژمارەی ڕەگەزی نێرومێدا هەبوو و پێویستی حەزە سێکسییەکان وایکردبوو لەهەندێک حاڵەتدا وەک هەموو پێویستییەکانیتری ژیان چەند پیاوێک لەگەڵ یەک ژندا حەزە سێکسییەکانیان بگۆڕنەوە. بەڵام دوای پێشکەوتنی مرۆڤایەتی و دروستبوونی یەکەی خێزان لەکۆمەڵگەدا، ئەم دیاردەیە کەمبووەوە. لەشفرۆشی لەوڵاتێک بۆ وڵاتێکیتر، بەپێی باروودۆخی سیاسی، ئابووری، دەگۆڕێت. لەو وڵاتانەی جەنگ و پاشماوەی جەنگی تێدایە، لەشفرۆشی تێیدا وەک، دیاردە سەرهەڵدەدات.

**نهێنی کارەکەیان ئاشکرا ناکەن**

ژنێکی تەمەن ٣١ سـاڵ، بەناوی (ر.ک)٢ جار شوویکردوە، بـەڵام جیابووەتەوەو ئێستا لەگەڵ ٣منداڵەکەیدا دەژیت. ماوەی ٣ساڵ کاری لەشفرۆشی کـردووەو بەگوتەی خـۆی، ئێستا وازی هێناوەو هۆکارەکەیشی بۆ خراپی بژێوی دەگەڕێنێتەوە. بەگریانەوە باسی ئەوکاتانەی دەگێـڕایـەوە کە هەستی کـردووە، مانا مرۆڤایەتییەکەی خۆی لەدەستداوە ((وەک ئاژەڵ، دەکەونە گیانت، ئازارت دەدەن. هیچ مانایەک بۆ هەستی تۆ ناهێڵنەوە)).

کچێکی باڵابەرزی پێست ئەسمەر بەناوی گوڵستان، خەڵکی شاری هەولێرەو تەمەنی ٢٣ ساڵە. گوڵە، وەک خۆی گوتی٤ ساڵە کاری لەشفرۆشی دەکات ((دوای مردنی باوکم، دایکم شووی بەمامم کرد و ئەویش لەگەڵی خراپ بوو، بۆیە بڕیارمدا ماڵ بەجێبهێڵم. دواتر لەڕێگەی هاوڕێیەکەمەوە تووشی لەشفرۆشی بـووم)). ئـەو ئێستا لەگەڵ دوو ژنیتر خەریکی ئەو کـارەن. ((تائێستا ٢جار پـەردەی کچێنیم دووریووەتەوە، بۆ ئەوەی واز لەو کارە بهێنم، بەڵام تائێستا بەردەوامم)). ئەو مامەڵەی پیاوە لەشکڕەکان بەتوندوتیژی وەسف دەکات و دەڵێ: ((دەبێ هەموو داواکارییەکانیان جێبەجێبکەیت، پێماندەڵێن، خۆ بەخۆڕایی دەستمان نەکەوتوویت)).

**تووشبوون بەنەخۆشی**

بوونی دیاردەی لەشفرۆشی، کۆمەڵگا تووشی جۆرەها نەخۆشی دەکـات. خراپترین ئەو نەخۆشییانەی بەهۆی ئەم کردارەوە دروستدەبن، تریکۆمۆناسی زێ، کلامیدیۆز کە دەبێتە هۆی نەزۆکی، مایکۆپلایمۆز و هێرپس. بەشێکی زۆری ئەو نەخۆشیانە بێنیشانەن و کاریگەری زۆریان بەسەر کرداری سێکسەوە هەیەو زۆرکات دەبێتە هۆی ئازار لەکاتی کرداری سێکسیدا. پسپۆڕ لەبواری سێکسۆلۆژی، د.ئەکرەم عاسی، لەبارەی ئەنجامە نەرێنییەکانی لەشفرۆشییەوە دەڵێ، سەرەکیترینیان نەزۆکییە، ئەوەش لەئەنجامی کرداری سێکس لەتەمەنی بچووک و چالاکی سێکسی و گۆڕینی هاوبەشی سێکسی بەبەردەوامی، ڕوودەدات. ((ئەم حاڵەتانەش لە لەشفرۆش دەردەکەوێت. ئەو نەخۆشیانەی بەهۆی ئەو کـردارەوە دەگوازرێنەوە سادەو ساکارنین و چارەسەریشیان هەروا ئاسان نییە. باشترین چارەسەر بۆ دوورکەوتنەوە لەو نەخۆشیانە، دوورکـەوتـنـە لـەکـرداری سێکسیی لـەدەرەوەی هاوسەرگیری، پاککردنەوەی ئەندامی زاوزێ، بەبەردەوامی و دوورکەوتنەوە لەپەیوەندی سێکسی نازاوزێ، چونکە دەبێتە هۆی نەخۆشی و بڵاوبوونەوەی میکرۆب لەریخۆڵەوە بۆ نێو زێ)).

**کاریگەری کۆمەڵایەتی**

توێژەری کۆمەڵایەتی عەممار نەجمەدین، دەڵێ، هێشتا لەشفرۆشی لەهەرێمی کوردستان نەبووەتە دیاردە، بەڵکو لەپاڵ ئەم چەمکەدا دیاردەی خیانەتی هـاوسـەری و مومارەسەی سێکسی، بێبەرنامەو بازرگانیکردن بەجەستەی ژنـان بەشێوەیەکی نامرۆڤانە، بـووەتـە دیـاردەو پـەرەی سەندووە. لەشفرۆشی لەوڵاتانی دنیا یاساو ڕێسای تایبەت بەخۆی هەیە. دیارترینیان چاودێری تەندروستی، کۆمەڵایەتی و ڕەچاوکردنی ئاستی تەمەنی ئەو ژنانەیە کە ئەوکارە لەو شوێنە فەرمیانە دەکەن کە بۆیان دەستنیشانکراوە. بەڵام عەممار نەجمەدین دەڵـێ: ((لـە هەرێمی کوردستان جیا لـەوەی کە شوێنی تایبەت بەم کارە نییە، ئاوێتەی کۆمەڵێک دیـاردەی دیکەی وەک بازرگانیکردن بەجەستەی ژنان، بازرگانی مادە هۆشبەرەکان، کاری تیرۆرستی کراوە)). بەپێی توێژینەوەکان، دیارترین هۆکاری لەشفرۆشی باروودۆخی ئابورییە، بەڵام لەکوردستان، بەهۆی نەبوونی هۆشیاری سێکسی لای پیاوان، بەزۆر بەشودان، خیانەتی پیاو کە زۆرجار ژن وەک تۆڵەسەندنەوە، دەیکات، لەشفرۆشی هەیە. هەروەها کەبتی سێکسی و نەبوونی سۆز و خۆشەویستی، نەخۆشییە سێکسییەکان لای ڕەگەزێک، بەتایبەت مێ



کە خەتەنەکردن یەکێک لەهۆکارەکانی ئەو لاوازییەیە، هۆکاری ترن. ئەو توێژەرە کۆمەڵایەتییە، پێیوایە کە بوونی شوێنێکی تایبەت بەکاری لەشفرۆشی، لەژێر چاودێری لایەنی پەیوەندیدار، بۆ سنووردارکردنی لەشفرۆشی باشترە لەوەی کە لەشفرۆشی بەنهێنی هەبێت و زیانی تەندروستیشی لێبکەوێتەوە. هەروەها چالاکوانی بواری ژنان، خوناو عەلی، شاردنەوەی ئەو کارە، بەراست نازانێت، چونکە بەقسەی ئەو ((بوونی هەیەو ئەگەر رێی لێنەگیردرێت، زیاتر تەشەنە دەکات)). خوناو، دیارترین هۆکاریشی، بۆ هاتنی خەڵکی بێگانەو بوونی کەبتی سێکسی دەگەڕێنێتەوە. پێشیوایە، زۆربەی ئەو ژنانەی پەنا بۆ کاری لەشفرۆشی دەبەن، جەستەی خۆیان ناناسن، بۆیە نازانن رێزی لێبگرن. هاوکات بۆشایی خۆشەویستی و ئابووریی، بەهۆکارێکیتر دادەنێت.

### یاسا رێی لێناگرێت

لە دانیشتنی ژمارە ٧ـی ئاسایی، رۆژی ٢٠١٠/٥/٥، پەرلەمانی کوردستان، خوێندنەوەی یەکەمی بۆ پرۆژەیاسای نەهێشتنی لەشفرۆشی هەرێمی کوردستان کرد. پەیمان عەبدولکەریم ئەندامی فراکسیۆنی گۆڕان، لەلیژنەی کۆمەڵایەتی پەرلەمان، دەڵێ کە ئەوان پێیانوایە کە ئەو ((دیاردەیە)) پەرەدەسێنێت. ((لەشفرۆشی بەیاسا رێی لێدەگیرێت، سزاکان دیاریدەکەن ئەو کەسەی باندی لەشفرۆشی دروست دەکات، سزای لە سێدارەدانە)). پەرلەمانتار ناسک تۆفیق، لەفراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامی لەوبارەیەوە دەڵێ، لەیاسای سزدانی عێراقی، دوو مادده هەیە سزای ئەو کەسانەی دیاریکردووە کە پەنا بۆ لەشفرۆشی دەبەن، بەڵام لەو پرۆژەیاسایەی ئێستای پەرلەمانی کوردستان، هەموارکردنی چەند ماددەیەکی یاسای سزادانە کە ئەو یاسایە رێگە لەلەشفرۆشی دەگرێت. سەرۆکی لیژنەی کاروباری ئاینی لەپەرلەمان د.خەلیل بەشیر، دەڵێ ((ئەو پرۆژەیاسایە لەگەڵ یاسای سزادانی عێراقی بەراورد دەکەین، ئەگەر هاتوو لەو یاسایە جیاوازبوو، شتێکی باشە، ئەگەر وەک یەک بوو، تێکهەڵکێشی دەکەین)). د. بەشیر دەڵێ، ئەو لەشفرۆشی، دژی کەرامەت و کەسایەتی ژنە. ئیسلامیش دژی ئەوەیەو قبووڵی نییە.

### شوێنی نادیار هەن

گوتەبێژی ئەنجوومەنی دادوەری، عەبدولباست فەرهادی، دەڵێت، ئێمەو ئەنجوومەنی وەزیران لەسەر داوای وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی،داوای رەشنووسی پرۆژەیاسایەکیان بۆ قەدەغەکردنی لەشفرۆشی لە کوردستان کردو دوای بەدواداچوون و لێکۆڵینەوەو چەندین دیدار، لەگەڵ ئەو ژنانەی لەچاکسازین، رەشنووسێکمان دارشت و تێیدا چەندین خاڵمان خستووەتەڕوو. دەقی رەشنووسەکە بەمجۆرەیە ( دیاردەی لەشفرۆشی تەنیا ئەو ژنانە ناگرێتەوە کە گیراون یا لەسەر ئەوکارە حوکمدراون، بەڵکوو زۆر ماڵ و شوێنی نادیار هەن کە دەستی یاسا پێیاننەگات. زۆربەی ئەو ژنانەی لەشفرۆشی دەکەن لەتەمەنی ١٥ تا ٤٥ ساڵیدان. بەپێی ئەو یاسایەی هەیە، ئەو پیاوەی لەگەڵ ژنی لەشفرۆش رادەبوێرێت، سزای بۆ دیارینەکراوە تەنیا وەک شایەت، رای وەردەگیرێت، بۆیە لەو پرۆژە یاسایەدا سزا بۆ ئەوانیش دیاریکراوە)). فەرهادی وەها درێژە بەقسەکانی دەدات: ((هەر لەو رەشنووسەدا چارەسەریش خراوەتەڕوو(مووچەیەک بۆ ئەو ژنانەی کە لە ماڵەوەن و بێمووچەن، دیاری بکرێت. دابینکردنی شوێنی چاکسازی، بۆ ئەو کەسانەی پەنایان بردووەتەبەر ئەوکارە. دابینکردنی شوێنی تایبەت دوور لەکەسانی تر. دارشتنی یاسایەک بۆ سزادانی ئەو پیاوانەی لەگەڵ لەشفرۆش سێکس دەکەن. بۆئەوانەش کە پێناوی دەکەون. چاودێری گشت سنوورەکان بکرێت، چونکە ٨٠٪ی لەشفرۆشەکان، لەدەرەوەی هەرێم دێن و هۆکارکەش لەبەر ئارامی رەوشی ئاسایشی هەرێمەو بەگونجاوی دەزانن. بە بڕیارێک ئەو کەسانە بنێردرێنەوە شوێنی خۆیان و ناو و وێنەیان لەلیستی رەش تۆمار بکرێت، تا نەتوانن جارێکیتر بگەڕێنەوە هەرێمی کوردستان)).

بریکاری وەزارەتی ناوخۆی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، جەلال کەریم، لەوبارەیەوە دەڵێ: ((لەهەر شوێنێک زانیاری و بەڵگە لەسەر بوونیان هەبێت، کەسەکان دەستگیر دەکەین ودەیاندەینە دادگا)). لەبارەی هاتنی خەڵکی بێگانە بۆ نێو هەرێم بۆ ئەو مەبەستەو چاودێری بازگەکان، گوتی ((خۆ لەنێو چەوانی نەنووسراوە، ئەوە لەشفرۆشە یان کەسێکی ئاساییە، بۆیە، ناتوانین بەبێ بەڵگە کەس تاوانباربکەین)). جەلال کەریم، پێیوایە کە ئەو پرسە تەشەنەی نەکردووە، هەرکەسێک دەستگیرکرابێت، ناوی لەبازگەکان، هەیە. بەرێوەبەری چاکسازی ژنان و منداڵان، پەیمان حوسێن، لەوبارەیەوە دەڵێ، ئەو ژنانەی لەسەر لەشفرۆشی دەستگیرکراون، ئێستا لەبەرێوەبەرایەتییەکەیانن((بەشێکی زۆریان خەڵکی دەرەوەی هەرێمی کوردستانن و روویان کردووەتە، ناوچەی سۆران)). لەیاسای ژمارە٣ـی (بغاء) لە دەستووری کاتی عێراق، (ساڵی ١٩٦٨) دا هاتووە، ئەو کەسەی بەمەبەستی دەستکەوتنی پارە لەشفرۆشی دەکات بەم مادەیە سزادەدرێت. هەروەها ئەو کەسەی دەلالی لەشفرۆشەکەیە، بەپێی (مادەی ٤ـی بغاء) بەزیندانی ٦مانگ کەمتر و ١ ساڵ زیاتر نەبێ سزا دەدرێت.

www.netewe.com



# منداڵێك لەسەر خۆڵ و خاشاك دەژیت

**لەو ریپۆرتەدا دیمەنی منداڵێک لەکوردستان خراوەتەڕوو کە چۆن کاردەکات و هەوڵدەدات ژیانی هاوڕێیەکی کچی هاوتەمەنی کە لەنێو گۆڕستاندا دەخەوێت، رزگار بکات؟ ئایا ئەو منداڵە بەخەونەکانی دەگات کە لەوپەڕی ژیانی ناخۆشیدا بەبێ دایک و باوک، هەست بەیارمەتیدانی منداڵێکیتر دەکات؟ ئەی رێکخراوەکانی منداڵپارێزی و وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی و پەرلەمانی کوردستان، وەڵامیان بۆ دیمەنی ژیانی ئەو منداڵە چی دەبێت؟**

سلێمانی

لە سلێمانی بەشوێنێکدا تێدەپەڕیم کە هێندە بۆنێکی ناخۆشی لێدەهات خەریک بوو تێکدەچووم و لەهەوڵدابووم کە هەرچی خێراترە بەو شوێنە تێپەڕم، بەڵام لەناکاو چاوم بەکوڕێکی بچکۆلانە کەوت کە تەمەنی هەر هەشت نۆ ساڵان بوو. بۆ چەند ساتێک تێیڕامام، ئەو هەر سەری داخستبوو دەتگوت شتێکی ون کردووە. پەتێکی بە دەستەوە بوو و موگناتیسێکی گەورەی بەسەرەکەیەوە بەستبوو و بەسەر زەویدا رایدەکێشا. جلووبەرگێکی شڕۆڵی لەبەردابوو. وەستام و لێیوردبوومەوەو گوتم داخوا ئەو منداڵە خەریکی چییە؟! بەنێو زبڵەکاندا دەگەڕاو موگناتیسەکەشی بەداوی خۆیدا رادەکێشا. دوای چەندجار خولانەوە کاتێک موگناتیسەکەی بەرز کردەوە چەند کوتە ئاسنێکی پێوە بوو. کوتە ئاسنەکانی لێکردنەوەو لەو کیسە بەتاڵەی هاویشتن کە بەدەستیەوەبوو. جارێکیتر دەستی بەگەڕان کردەوە. من کە دوورتر لەوشوێنە وەستابووم، هێندە بۆنێکی ناخۆشم بۆ دەهات کە هەناسەی توند کردبووم. ئەو منداڵە چۆن دەیتوانی بۆماوەیەکی زۆر لەنێو ئەو بۆنەدا بمێنێتەوە؟! دەمویست بزانم داخوا چی لەو کوتە ئاسنانە دەکات؟ بانگم کرد سەرەتا سەرنجێکی نەدامێ و هەر بەکارەکەی خۆیەوە خەریک بوو. چوومە پێشتر و دیسانەوە بەئاماژە بانگم کرد. نزیک بووەوەو بەسەرسوڕمانەوە لێیڕوانیم و پرسی چ کارێکت هەیە؟

لێم پرسی ناوت چییە؟ بەیەک وشە وەڵامی دامەوە: دلاوەر. پرسیم:لەنێو ئەم زبڵەدا خەریکی چی؟ لەکاتێکدا شەرم لەچاوانیدا مۆنجی دەدا، سەری داخست و قاچی لەنێو زبڵەکەدا جووڵاند و وردەوردە بەقاچی هەر زبڵەکانی تێکوەردەدا. پرسیارەکەم دووپاتکردەوە، ئەویش بێئەوەی کە سەر هەڵبڕێت پێیگوتم ئەوانە دەفرۆشم. گوتم خۆ ئەو نەختە ئاسنە پارەیەکت بۆ ناکات. لەوەڵامدا کیسەکەی دەستی راتەکاندو گوتی: تا شەو زۆرتر دەبێت. کەسەیری دەستی راستم کرد بینیم برینێکی تازەی پێوە بوو. لێم پرسی دەستت بۆ وایلێهاتووە؟ خوێنی سەر دەستی سڕییەوەو گوتی: ((کاتێک ئاسنەکانم لە موگناتیسەکە جیا دەکردنەوە دەستم بریندار بوو)). گوتم ئەی بنەماڵەکەتان لەکوێیە؟ لە وەڵامدا گوتی: هیچ کەسێکم نییەو دواتر ئاماژەی بەدوورتر کرد کە سێ منداڵی دیکەش هەروەک ئەو خەریک بوون لەنێو زبڵەکەدا دەگەڕان و گوتی: ((ئێمە پێکەوە دەژین)). پرسیم:ماڵتان لەکوێیە؟ بەپێکەنینەوە گوتی: ((ماڵمان نییە لەژێر پردەکان یان لە قەراخ شەقامەکان، لەهەر

www.netewe.com



فۆتۆ: ڕەفیق شوکری

شوێنێک بێت دەمێنینەوە. پێمگوت، بۆم باس دەکەی چۆن دەژی؟ و چی دەخۆی؟ گوتی: پێشووتر لەدوکانێکدا شاگرد بووم، بەڵام یەکێک لەو منداڵانەی کە لەگەڵمان بوو نەخۆش بوو. داوای قەرزم لەخاوەن دوکانەکە کرد، پێینەدام. منیش بەناچاری لەدوکانەکە دزیم کرد. چاوم لێکرد و گوتم: باشە بۆ ئەو کارەت کرد؟ بەروخسارێکی تێکچڕژاوەوە دەستیکرد بەسوێندخواردن و گوتی هاوڕێکەم نەخۆش بوو و دەبوایە دەرمانی بۆ بێنم. ئاخرەکەی چی لێهات؟ نێوچاوانی تێکناو سەری باداو گوتی: ((هاوڕێکەم گیانی لەدەستداو دواتر خاوەن دوکانەکەش کە زانی بەبێ پرسی ئەو، پارەم لە دوکانەکە هەڵگرتووە، دەریکردم. دوای ئەوە ئیتر نەمتوانی کارێک بدۆزمەوەو بەناچاری رووم لەو کارەکرد کە دۆستەکانم خەریک بوون. بەدرێژایی رۆژ لەسەر شەقام و لەنێو زبڵەکاندا دەگەڕێین و ئاسن و شتیتر کۆدەکەینەوە و شەوانە دەیفرۆشین.


گوتم: پارەکە چی لێدەکەی؟ سۆمایەک لەچاوانیدا دەرکەوت و گوتی: ((هەموومان پارەکەمان لەسەر یەک دادەنێین و بەنیوەی پارەکە بڕێک خۆراک دەکڕین و نیوەکەی تریش کۆ دەکەینەوە. گوتم: ((ئەی بۆچی هەموو پارەکەتان نادەن بە نان و خۆراک، تا برسی نەبن؟ لێیڕوانیم و گوتی ئەو هاوڕێیەم کە گوتم گیانی لەدەستداوە، تەنیا خوشکێکی هەیە، چونکە ئەویش بچکۆلەیە ناتوانێ لەسەر شەقامەکان بخەوێت. هەربۆیە داوامان لە پاسەوانی گۆڕستانەکە کردووە مۆڵەتی پێبدات شەوانە لەوێ بمێنێتەوەو ئێمەش لە بەرامبەر ئەو کارەدا پارەی دەدەینێ. پرسیم خوشکی هاوڕێکەت تەمەنی چەندە؟ شانی هەڵتەکاندو گوتی: پێموایە هاوتەمەنی منە، چونکە بالآی هەر وەک من دەبێت. دڵەخورپەی ئەوەم بوو چۆن کچۆڵەیەک لەو تەمەنەدا کە بەدڵنیاییەوە ئەویش بۆخۆی کۆمەڵێک حەز و ئاواتی هەیە، دەتوانێ شەوانە لە گۆڕستان بخەوێت، گۆڕستانەکانی ئێرە کە لە کەلاوەکان کاولترن؟! پێمگوت: باشە خوشکی هاورێکەت ناترسێ لەوەی کە شەوانە بەتەنیا لەو گۆڕستانە دەخەوێت؟ گوتی: چار نییە. خۆ لەوە باشترە کە لەگەڵ ئێمەو لەسەر شەقامەکان لەنێو مرۆڤی جۆراوجۆر و خراپکاردا بخەوێت. هێشتاش هەر وەڵامەکەی دلاوەر لە زەینمدا دەزرینگێتەوە، سەرەڕای ئەوەی کە تەمەنیشی بچووک بوو، چاوەڕێی ئەوەم نەدەکرد سەرباری ئەو ژیانە پڕژانەی خۆی، بیر لەژیانی کەسێکی تریش بکاتەوە.

دلاوەر، دنیایەکی سەیرو سەمەرەی هەبوو. رەنگە زۆر کەس سەرەڕای ئەوەی کە بۆ خۆیان بەئاسوودەیی دەژین و دەتوانن تەنانەت یارمەتییەکی کەمیش بێت بەکەسانی تر بدەن، بەڵام بەداخەوە رەنگە ئەو یارمەتیانەیان لەبیر کردبێت، بۆیە جیهانی دلاوەر، لەگەڵ جیهانی ئەو کەسانە زەوی تا ئاسمان جیاوازی هەبوو. وەڵامەکەی دلاوەر، بەڕاستی هەژێنەر بوو. پرسیارم کرد: خوشکی هاوڕێکەت ناوی چییە؟ گوتی: مەعسومە. هەرچەندە من مەعسومەم لە نزیکەوە نەدیتبوو، بەڵام روخساری دەهاتە پێش چاوم. جانتاکەم کردەوە گوتم بزانم دەتوانم یارمەتییەکی دلاوەر، بدەم یان نا؟ بڕێک پارەی وردم پێبوو هەرکە ویستم بیدەمێ، لێیڕوانیم و گوتی پورێ! من سواڵکەر نیم. ئەگەر سواڵکەر بوومایە زیاتر لەو بڕە پارەی کە ئێستا پەیدای دەکەم، دەمتوانی لەسەر شەقامەکان بەدەستی بێنم. بەچەشنێک قسەی دەکرد کە وامدەزانی لەگەڵ مرۆڤێکی گەورە قسە دەکەم. ئەو منداڵە وردیلانە، بەو دڵە ساف و بێگەردەیانەوە لەجیاتی خوێندنی وانە لە خوێندنگاکان، وێڵی شەقامەکانن، تابرسێتی نەکێشن. داهاتووی ئەو منداڵانە چی لێدێت؟ کاتێک لەو تەمەنەدا بەمەبەستی چارەسەری هاوڕێکەی دزی کرد، تەنیا لەبەر ئەوەی کە دڵە بچکۆلانەکەی بەرگەی ئازاری دۆستەکەی نەبوو، سبەینێ ئەگەر خێزانی پێکەوە نا، بۆ تێرکردنی سکی منداڵەکانی کە لەدۆستەکەی ئازیزتر دەبێت، چی دەکات؟! ئایا دلاوەر، دڵی دێت موگناتیس و کیسەیەک بداتە دەست منداڵەکانی و وێڵی سەرشەقام و کۆڵانەکانییان بکات؟.

**سارا محەمەد- محەممەد ئەحمەد**

www.netewe.com

# ((میدیا لە توندوتیژی منداڵدا بەرپرسیارە))



سانا سلێمان

**بەهۆی نەبوونی سانسۆر لە کەناڵەکانی تەلەفزیۆن، پەخشکردنی چەندین فیلم و بەرنامەی جۆراوجۆر کاریگەری نەرێنیان لەسەر کەسایەتی و پەروەردەی منداڵ دروستکردوە. شارەزایانی بواری منداڵ و خێزانی هەندێک لەو منداڵانە رەخنە لەحکوومەتی هەرێمی کوردستان و لایەنی پەیوەندیدار دەگرن کە بەو هۆیەوە پەروەردەی منداڵەکانیان لەدەستداوەو تارادەیەک ئەم کەناڵانە کاریگەری دەروونی لەسەر منداڵەکانیان جێهێشتووەو بووەتە هۆی ئەوەی کە زۆرجار لاسایی بەرنامەی تیڤییەکان بکەنەوە.**

هەولێر

تائێستا لەکوردستاندا یاسایەکی تایبەت بەتیڤی و رادیۆکان نییە، ئەوەش بووەتە هۆی ئەوەی کەناڵی تیڤی و رادیۆکان، بەسیستەمێکی رێکخراو، بەڕێوەنەچن و لەکاتی روودانی هەر سەرپێچییەکدا، رووبەڕووی سزاو لێپرسینەوە نەبنەوە. دایک وباوکان، گلەیی ئاراستەی کەناڵە راگەیاندنەکان بەتایبەت تیڤییەکان دەکەن کە کاریگەری نەرێنی زۆری لەسەر پەروەردەی منداڵەکانیان کردووە، چونکە پێیانوایە دیمەنی توندوتیژ و فیلمی ناشیاو، لەهەموو کاتەکاندا پیشان دەدرێن.

زۆرجار بیستوومانە کە منداڵ، بەهۆی بینینی دیمەنی توندوتیژ، تووشی نەخۆشی دەروونی و جەستەیی بووەتەوە. مەحمود و سروە، دایک وباوکی منداڵێکن، نایشارنەوە کە پەروەردەی منداڵەکەیان، لەدەست دەرچووە، چونکە تیڤییەکان، بە پێشکەشکردنی هەندێ فیلم و بەرنامە کاریگەری نەرێنیان لەسەر منداڵەکەیان داناوە. محەمەد تەمەن ٦ ساڵ، لەکاتی قسەکردندا سەیری باوکی دەکات و دەڵێ: ((حەزم لەفیلمی شەڕە. لەقوتابخانەش لەگەڵ هاوڕێکانمدا، لاسایی دەکەینەوە)). کاتێک سەرنجی یارییەکانی محەممەد، دەدەی ئەفلام کارتۆنی توندوتیژ و پلەیستەیشنی هەیە، خۆشترین یاری پلەیستەیشنیش لای محەممەد، ((ئەویارییەیە کە سەری پیاوەکە لەت دەکات)). ماڵ و قوتابخانە، بەرپرسی راستەوخۆی پەروەردی منداڵن. وێڕای کەموکورتییەکانی بواری پەروەردە، مامۆستایانیش ئاماژە بەوەدەکەن، کە کۆنترۆڵی قوتابییانیان، لەدەستداوە. فیلمە دۆبلاژکراو و بەرنامە ((نادروستەکان))ی زۆربەی تڤییەکان، بەهۆکاردەزانن. سۆران عەبدوڵڵا، مامۆستای قوتابخانەیەکی بنەڕەتییەو نایشارێتەوە کە زۆرجار قوتابی، لەقوتابخانە هەمان جوڵەو هەڵسووکەوتی فیلمەکان لاسایی دەکەنەوە. مامۆستا سۆران، باس لەهەڵسووکەوتی قوتابییەک دەکات کە بەمامۆستاکەی گوتووە ((عاشقتم)) بەڕای ئەو مامۆستایە، سەرەکیترین هۆکاری ئەو دیمەنە، فیلمە دۆبلاژکراوەکانن کە بەبێسانسۆر پەخش دەکرێن. پەروەردەی منداڵ، هەمەلایەنەو دەبێت هەموولایەک رۆڵیان تێیدا هەبێت. بوونی کەناڵێکی تایبەت بەمنداڵان، پێویستییەکی گرنگە، تا منداڵ لەجیهانی تایبەتی خۆی دانەبڕێت و تێکەڵی جیهانی گەورەکانی نەبێت. لەکوردستاندا، ژمارەیەکی بەرچاو کەناڵ و بڵاوکراوە هەن. بەڵام کەناڵێکی تایبەت بەمنداڵان دانەمەزراوە کە بوارێکی پەروەردەیی دروست و گونجاو لەگەڵ ئەو جیهانە پاک و بێگەردەی وەرگرتبێت. سەرۆکی بەشی راگەیاندن لەپەیمانگای تەکنیکی هەولێر، د.دلێر ئەحمەد، نەبوونی کەناڵی تایبەت بەمنداڵان، بەکەموکورتی وەسفدەکا و دەڵێ کە کاریگەری لەسەر پەروەردەی منداڵ و هەرزەکار هەبێت و منداڵ خۆی تێدا ببینێتەوە. بەڕای ئەو، کەناڵێکی تایبەت بەپەروەردەو دروستکردنی منداڵ، ئەرکی حکوومەتەو پێویستە دابمەزرێت. د.دلێر، ئاماژە بۆ کەموکورتییەکی تری کەناڵەکان دەکات کە نەیانتوانیووە، لەکاتی پەخشکردنی فیلم و بەرنامەکاندا، رەچاوی تەمەن بکەن. خێزان بەرپرسی پلەیەکی پەروەردەی منداڵەو پێویستە دایک و باوکان، رێگەنەدەن منداڵەکانیان، بینەری ئەو بەرنامەو فیلمانەبن، کە بۆ ئەوان ناگونجێن. هاوکات رێگەنەدرێت ئەو یارییانەش بەکاربهێنن کە کاردانەوەی رەفتاری توندوتیژ دروست دەکەن. توێژەری کۆمەڵایەتی د.سەباح ئەنوەر، بایەخنەدان بەپەروەردەی منداڵ، بەمەترسی بۆ سەر کۆمەڵگا دەزانێت. لەبەرئەوەی ئێستا لەهەر ماڵێکدا، دوو سێ تەلەفزیۆن هەیە، پێویستە دایک و باوک، بەردەوام چاودێری منداڵەکەی بکات و نەهێڵێت سەیری هەموو بەرنامەکان بکات. د.سەباح، ئاماژە بەبەرنامەیەکی بەناوبانگی کوردی دەکات کە لەیەکێک لە کەناڵە کوردییەکان پەخشدەکرێت ((تەنیا لایەنە ناشیرینەکانی کۆمەڵگە، پیشاندەدات. لەکاتێکدا پێشکەشدەکرێت)). بۆیە پێویستە خێزانەکان بتوانن منداڵەکانیان، لەسەیرکردنی ئەو جۆرە بەرنامانە دووربخەنەوە. لەبارەی هەموو ئەو رەخنانەی کە پسپۆڕان، لەنەبوونی کەناڵێکی تایبەت بەمنداڵان دەیگرن، بەڕێوەبەری گشتی رۆشنبیری هونەر، د.شەماڵ حەوێزی، دەڵێ: ((کەناڵی تایبەت بەمنداڵان، پێوستی بەتوانا و تەکنیکی بەهێز، هەیە. ئێمە ئەم توانایەمان نییە. بەپێی بڕیارێکی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران، کەناڵی نەورۆزی وەزارەتی رۆشنبیری، دراوە بە وەزارەتی پەروەردە)). هاوکات بەڕای شارەزایان، پێویستە هەرچی زووە پەرلەمان بیر لەدەرکردنی یاسایەک، بۆ رێکخستنی کاری کەناڵە راگەیاندنەکان بکاتەوە. تێنەگەیشتن لەچەمکی ئازادی، زۆرجار بەهەڵە لێکدەدرێتەوە. لەگەڵ ئەوەی لەهەموو ئەو وڵاتانەی کە ئازادی و دیموکراسی، بەمانا راستەقینەکەی تێیدا بەرقەرارە، تائەو سنوورە ئازادن، کە زیان بەبەرژەوەندی گشتی و کەسانیتر نەگەیەنن. بەپێچەوانەوە لەکوردستان بەرژەوەندی گشتی قوربانی بەرژەوەندی تایبەت



www.netewe.com

دەکرێت. مامۆستای پەیمانگای تەکنیکی بەشی ڕاگەیاندن، بەهات حەسیب قەرداغی، تیشک دەخاتەسەر کاریگەرییە نەرێنییەکانی کۆپیکردنی بەرنامەی کەناڵە بیانییەکان لەکەناڵەکانی کوردستان ( (لەکوردستاندا، کەناڵێکی تایبەت بەمندالآنمان نییە، ئەوەی هەیە، کۆپیکراوی کەناڵێکی بێگانەیە، چونکە کەناڵەکانی ئێمە داهێنان ناکەن. هەندێ لەو بەرنامە کۆپیکراوانەش جۆرێک لەتوندوتیژیان تێدایەو بەبێ ڕەچاوکردنی هیچ سانسۆرێک، چاک و خراپیان کۆپی دەکرێت)). ئاڵۆزی کاری کەناڵەکانی تەلەفزیۆن، بەجۆرێکە پێویستی بەدەرکردنی ڕێنماییەک هەیە کە بەرلەو کارانە بگرێت، تا زیان لەڕەوشی کۆمەڵگە نەدەن. بەرای مامۆستا بەهات، پێویستە وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن، وەزارەتی پەروەردە، وەزارەتی تەندروستی و وەزارەتی کاروباری کۆمەلآیەتی، کۆببنەوەو ڕێنماییەکی دیاریکراو بەناوی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە دەربکەن و ئاراستەی هەمووکەناڵە راگەیاندنەکان بکرێت، تا بەرنامەو کاری کەناڵەکان لەلایەن کەسی شارەزاوە لێکۆڵینەوەی لەسەربکرێت و ڕێگەنەدرێت، دیمەنی توندوتیژ و ناتەندروست بڵاو بکرێتەوە. زۆربەی توێژەران تەمەنی منداڵ لەیەک ڕۆژ تا سیانزە ساڵ، دیاری دەکەن و بەتەمەنێکی هەستیارو مەترسیداری وەسف دەکەن، بەتایبەت لە پێنج ساڵی یەکەمی قۆناغی ژیانیدا، لەوکاتەدا هەموو بنەماو بناغەو بیر و بۆچوون و لێکدانەوەکانی، لەو ماوەیەدا دەبێت. ئەو دیاردانەی کە بەچاو دەبینرێت بەگوێ هەستی پێدەکرێت و ڕۆڵێکی گەورەی لەدروستکردنی داهاتوو و کەسایەتی منداڵ دەبێت. توێژەری دەروونی د.سیروان عەبدوڵڵا چیاوک، هۆشداری دەداتە دایک و باوکان کە لەسەیرکردنی فیلمە کارتۆنیەکان و یاری ئەتاری ئاگاداری منداڵەکانیان بن، بەتایبەت ئەوانەی کە توندوتیژی تێدایە، چونکە ڕەنگدانەوەی نادروستی لەهەڵسووکەوتی منداڵدا دەبێت، چونکە منداڵ بەردەوام لاسایی دەکاتەوە، تا وایلێدێت هەستدەکات ئەم شەڕانگیزیە ڕەوشتێکە لە پەیوەندیکردن لەگەڵ دەوروبەریدا. لێکۆڵینەوە دەروونییەکان دەڵێن، ئەو منداڵانە کاتێک گەورە دەبن دژی کۆمەڵگا رادەوەستن. مامەڵەیەکی شەڕانگێزی لەگەڵ هەموو بوونەوەریکی دەوروبەریاندا دەکەن. هاوکات ئەگەری تووشبونیان بەچەندین، نەخۆشی دەروونی وەک، خەمۆکی وەسواسی دەبێت. یەکێک لەهەڵەکانی پەروەردەکردنی دایک و باوک بۆ منداڵ، ئەوەیە کە ڕێگە بەمنداڵەکانیان دەدەن، تا درەنگانی شەو سەیری بابەتە جۆراوجۆرەکانی تیڤییەکان بکەن. کاتی دیاریکراویان بۆ سەیرکردن نییە. پلانی کات دابەشکردن و بەسەربردنی کاتیان بۆ منداڵەکانیان نییە. بەڕای توێژەران، ئەو منداڵانەی تاکاتی خەوتن سەیری تیڤی دەکات، کاریگەری لەسەر مێشکیان دروست دەکات و بەبەراورد لەگەڵ ئەو منداڵانەی پەروەردەیەکی دروستیان هەبووە، توانای عەقڵییان لاواز دەبێت و ناتوانن لەداهاتوودا لەگەڵ خەڵک و دەوروبەریان بەنەرمی مامەڵە بکەن و چارەسەر بۆ کێشەکان بدۆزنەوە. پێویستە دایک و باوک، هۆشیاربن و ئاگاداری ڕەچاوکردنی پەروەردەیەکی تەندروست بۆ منداڵەکانیان بن.




www.netewe.com

# لە کوردستان ١٤٨٧٨ منداڵ کاردەکەن

**لەکوردستان ١٤٨٧٨ هەزار منداڵ کاردەکەن و زۆرترینیان لەشاری هەولێردان، بەشێکی زۆری ئەو منداڵانە بەهۆی کارکردن لەخوێندن دابڕاون و لەسەر شۆستەکان، رووبەڕووی سووکایەتی و هەڕەشە دەبنەوە. وێڕای بوونی وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی و چەندین رێکخراوی منداڵان، تائێستاش لەکوردستان یاسایەک بۆ قەدەغەکردنی کارکردنی منداڵ نییە.**

هەولێر

٦/١٢ هەموو ساڵێک رۆژی هەوڵدان بۆ رێگریکردن لەکارکردنی منداڵانەو لەو رۆژەدا کۆمەڵەی گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان کارکردنی منداڵانی قەدەغە کردووە. عێراق، لەساڵی ١٩٨٩ چووەتە پاڵ ئەو رێککەوتننامەیەی نەتەوەیەکگرتووەکان. بەپێی یاسای سەرپەرشتیکردنی نەوجەوانان یاسای ٧٦ ساڵی ١٩٨٢ی عێراق، لەبڕگەی یەکەمدا منداڵ وا پێناسە کراوە، ((ئەو کەسەیە تەمەنی لە ٩ ساڵ تێپەڕ نەبووبێت. لە بڕگەی دووهەمدا هاتووە، نەوجەوان ئەو کەسەیە کە ٩ ساڵی تەواوکردووە، تاخوار ١٨ساڵ. بەڵام رۆژانە لەترافیک و سەرشەقامەکان چەندین منداڵی کوڕوکچی تەمەن، خوار هەژدەساڵی دەبینرێت. بەپێی رووپێوێکی رێکخراوی منداڵپارێزی کوردستان کە رێکخراوێکی ناحکوومییەو لەساڵی ٢٠٠٧ ئەنجامیداوە، لەهەرێمی کوردستان ١٤٨٧٨ منداڵ کار دەکەن، زۆرترینیان لەشاری هەولێردان کە ژمارەیان ٨٢٤٦منداڵە. لەکۆی ئەو ژمارەیە ٤١٥٣ منداڵ کارەکانیان مەترسیدارە. ٤٧٤٥منداڵ بەهۆی هەژارییەوە کاردەکەن. ٣٢٦٤ منداڵیش بەبەردەوامی کاردەکەن. ١٦١٩ منداڵ ئارەزووی ئەوە دەکەن بۆ خوێندن بگەڕێنەوەو حەزیان لەکارکردن نییە. بەپێی قسەی پسپۆڕان، کارکردنی منداڵان جێگەی مەترسییە، چونکە لەوانەیە زۆر لەو منداڵانە، بەئاراستەیەکی تردا ببرێن و تووشی لادانی سێکسی بکرێن. رێکخراوی ئەستێرە، رێکخراوێکی ناحکوومیی منداڵانەو لەساڵی ٢٠٠٤، دامەزراوە. بەرپرسی رێکخراوەکە سەیران سەلاح، دەڵێ، بەشێک لەخێزانەکان باری ئابوورییان باشە، بەڵام لەرێی کارکردنی منداڵەکانیانەوە دەیانەوێت خۆیان دەوڵەمەند بکەن. وەک باسی دەکات کارکردنی منداڵ، کاریگەرییەکی زۆری بەسەر کەسایەتییەوە جێدەهێڵێت، سەرەکیترییینیان دابڕانییەتی لەدنیای منداڵی. ئەوەش دەبێتە هۆی ئاڵۆزی باری دەروونی منداڵ. بەڕێوەبەری رێکخراوی ئەستێرە، بەنیگەرانییەوە دەڵێ ((بەشێک لەو منداڵانە، لەلایەن گەورەکان، رووبەڕووی دەستدرێژی سێکسی، دەبنەوە. زۆرجاریش تووشی نەخۆشی پێست و جۆرەها نەخۆشیتر دەبن، چونکە لەپاشماوەی ماڵان و زبڵخانەکاندا، دەگەڕێن)). سەرۆکی سەنتەری خێزان و پسپۆڕی دەروونی سامان سیوەیلی، جەخت لەکاریگەری خراپی کارکردن، لەسەر دەروونی منداڵ دەکاتەوە، چونکە ئەو منداڵەی کاردەکات هەڵسووکەوت و باری کۆمەڵایەتی بەرەو خراپی دەچێت و روودەکاتە پارە پەیداکردن و لەجیهانی منداڵێتی خۆی دووردەکەوێتەوە. روونیشکردەوە کە منداڵ، پێویستی بەچاودێرییە. دابڕانی لەو جیهانەو کارکردنی وایلێدەکات هەست بەکەمی بکات و قۆناغەکانی تەمەنی، بەشێوەیەکی سروشتی تێپەڕنەکات. سیوەیەلی، پێشیوابوو، تێکەڵبوونی منداڵ بەهۆی کارکردنەوە لەگەڵ کەسانی خراپ، وادەکات ئاراستەی رەوشتی بگۆڕدرێت و (( تووشی لادانی سێکسی)) بێت. ئەو پسپۆڕە دەروونییە، ئاماژە بە یەکێکیتر لەکاریگەرییە خراپەکانی کارکردنی منداڵان دەکات و دەڵی، کاتێک منداڵێک کاربکات، وەک گەورە رەفتار دەکات و کە گەورەش بوو، وەک منداڵ، ئەوەش لای کۆمەڵگە نەخوازراوەو دەبێتە کەسێکی نامۆ. بەڕای سامان سیوەیلی، لەکوردستان یاسا لەخزمەتی منداڵدا نییە، چونکە بەپێی یاسا نابێ منداڵ لەخوار تەمەنی ١٥ ساڵییەوە کاربکات.







ئەوەش بەزۆڵمکردن لەمنداڵی دەزانێت، چونکە لەیاسای وڵاتە پێشکەوتووەکاندا، مرۆڤ لەخوار تەمەنی ١٨ساڵییەوە کاری پێناکرێت. جەختیش لەسەر رۆڵی حکوومەت بۆ قەدەغەکردنی کارکردنی منداڵان دەکاتەوە ((دەبێ حکوومەت، لێپێچینەوە لەگەڵ ئەو خێزانانەدا بکات کە کار بەمنداڵ دەکەن و بیمەی کۆمەڵایەتی بۆ ئەو خێزانانە دابینبکات)).

منداڵێک لەکاتی قسەکردندا چەندجارێک بەراکردن دەچووە لای کڕیارەکان و دەهاتەوە. ناوی ئاشکرا نەکرد. بەهەناسەبڕکێوە دەیگووت ((دەوڵەمەندەکان گاڵتەمان پێدەکەن)). کچێکی ١٢ساڵیەو بەهێواشی گوتی: ((ناچارم کاربکەم. هەرچەندە دەترسێم، چونکە پیاوەکان پارەی زۆرم پێدەدەن، بەڵام وەری ناگرم، چونکە دەزانم لەبەرامبەردا چییان دەوێت)). بێستوون، منداڵێکی ئەسمەرە، لەکاتی قسەکردندا پەنجەی خستبووە نێودەمی، ئەو لەشەقامی گشتی هەولێر شەقڵاوە، خەریکی فرۆشتنی کلینێکسە. هەرچەندە لەپۆلی ٤ی بنەڕەتییە، بەڵام دەڵێ))ناچارم کار بۆ دابینکردنی بژێوی ژیانمان بکەم)). بێستوون، لەکارکردن بێزارەو حەزدەکات، وەک هاوڕێکانی قوتابخانەی، ئەو ئەرکانە جێبەجێبکات کە مامۆستا پێیاندەڵێت، بەڵام هەموو جارێک رووبەڕووی قسە ناخۆشەکانی مامۆستا دەبێتەوە، چونکە لەبەر کلینێکس فرۆشتن کاتی وانە خوێندنی نییە. بەپەنجەکانی دەستی دەیویست تەمەنی خۆی بڵێت، بەڵام هەر بۆی لێکنەدرایەوە، سۆما، کچێکی تەمەن ٦ ساڵە، لە یەکێک لە چوارریانەکانی شاری هەولێر، خەریکی فرۆشتنی بنێشت بوو، زوو زوو دەیبردە نێو ئەو ئۆتۆمبیلانەی کە لەترافیکەکە وەستابوون و تکای دەکرد، لێیبکڕن ((هەموومان کاردەکەین وپێراناگەین. باوکم مردووەو دایکیشم جەڵتە لێیداوە. دووخوشک و سێ براین و شت دەفرۆشین)). توێژەری کۆمەڵایەتی هەڵۆ ئەنوەر، توێژینەوەیەکی لەسەر ئەو منداڵانە کردووە کە کاردەکەن لەتوێژینەوەکەدا بۆی دەرکەوتووە کە بەشێکی زۆری ئەو منداڵانە، کارەکانیان سەختەو کاریگەری زۆری بەسەر جەستەیانەوە، هەیە وەک گواستنەوەی کەلوپەل بەپشت هەڵگرتن و گواستنەوەی خشت، کاری پەنچەرچی و ئەمانەو چەندین کاری قورستر کە بەهیچ شێوەیەک لەگەڵ تەمەنی منداڵ و توانایدا ناگونجێت. ئەوەش دەخاتەڕوو، کە تەمەنیان لەنێوان ٥ تا ١٤ ساڵی و سەرەوەیە. پارێزەر فەرهاد گۆمەشینی، تیشک دەخاتە سەر نەبوونی یاسایەکی تایبەت بەرەوشی ژیانی منداڵان و قەدەغەکردنی کارکردنیان لەکوردستان و دەڵێ، ئەوەش پابەندنەبوونە بەرێککەوتننامەی نەتەوەیەکگرتووەکان کە تایبەت بەمافی منداڵەو بۆ نەبوونی بایەخی حکوومەت بەمنداڵ دەیگەڕێنێتەوە. بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەرەپێدانی کۆمەڵایەتی د.عارف حیتۆ، دەڵێ، لەکوردستان یاسایەک بۆ قەدەغەکردنی کارکردنی منداڵ نییە، بۆیە کار بەیاسای عێراقی دەکەین. بەپێی ئەو یاسایە منداڵ ئەو کەسەیە تەمەنی لە ١٥ ساڵ کەمترەو نابێت لەو تەمەنەدا کاربکات، ئەگەر لەسەرووی ئەو تەمەنەوە کار بکات، دەبێت کارەکە سووک بێت و کاریگەری لەسەر جەستەی نەبێت. لەیاسای کارکردن کەلە ساڵی ١٩٨٩، دەرچووە رێگە بەکارکردنی منداڵ نادرێت کەلە خوار ١٥ ساڵ بێت. بەڕای ئەو بەڕێوەبەرە ((دەبێ پێناسەی کار بزانین، چونکە هەندێکجار منداڵەکە یارمەتیدەری باوکیەتی، لەکەلتووری کوردستان و ئیسلامدا دەبێ منداڵ لەتەمەنی زووەوە کاربکات، تافێری کارکردن بێت. ئەوە بیرکردنەوەیەکی دروستە، بەڵام نابێ کاریان پێبکرێت، بەڵکو هۆشیاریان پێبدرێت، تا فێری کارکردن ببن و کاری سەختیان پێنەکرێت)). هاوکات ئاماژەی بەرۆڵی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەرەپێدانی کۆمەڵایەتی کرد کە لەسێ ئاستدا هەوڵیان بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کارکردنی منداڵ، داوە.

یەکەم: دەبێ یاسای کارکردن جێبەجێبکرێت، لەهەر جێگایەکی کارکردندا ببینرێت منداڵی خوار ١٥ ساڵی کاری تێدادەکات، ئەوا سزای خاوەنی ئەو شوێنە دەدرێت.

دووهەم: لەڕێی توێژەرەکانمانەوە، هەوڵی هۆشیارکردنەوەی خێزانەکان دەدەین، بەوەی کە کار بەمنداڵ نەکەن.

سێهەم: یارمەتی ئەو خێزانانە دەدرێت کە کەمدەرامەتن. حیتۆ، وەها درێژە بەقسەکانی دەدات: ((ئێمە لەگەڵ رێکخراوی منداڵپارێز هەر سێ مانگ جارێک توێژینەوەیەک دەکەین، هەر منداڵێک بەهۆی هەژاری خێزانەوە کار بکات، دەیخەینە سەر تۆڕی چاودێری خێزانەوە، ئەگەر لەقوتابخانە دابڕابێت، ئەوە توێژەرەکان هەوڵی گەڕانەوەی دەدەن، ئێمە لەگەڵ چارەسەرین، نەک سزادانی ئەو منداڵانەو خێزانەکانیان)). هەروەها ئاماژەی بەوەکرد کە ئەوان بەنووسراوێک بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسیان ئاگادار کردووەتەوە، بۆ رێگرتن لەبەکارهێنانی منداڵ لەکاتی سواڵکردندا ((ئەرکی وەزارەتی ناوخۆیە بەدوای ئەوەبچێت کە بارودۆخی ئەو منداڵانەی سواڵ دەکەن چۆنە؟ چی بکرێت تا ئەو دیاردەیەسنووردارنبکرێت)).

**ئاڤان فارس جاف**

**فۆتۆ: رەفیق شوکری**







www.netewe.com

# لەجیهاندا رۆژانە 30
# هەزار منداڵی تەمەن خوار
# 5 ساڵی دەمرن





بەپێی لێکۆڵینەوەی ساڵانەی ڕێکخراوی یونسێف، ڕۆژانە ٣٠ هەزار منداڵی خوار تەمەن پێنج ساڵی لەجیهاندا گیان لەدەستدەدەن. کۆمیسیۆنی باڵای یونسێف رایگەیاند کە ڕێژەی مردنی منداڵان لە وڵاتانی هەژارنشین زۆرە، بۆیە داوای لەسەرۆکی وڵاتانی سەرمایەداری جیهان کرد، بۆ کۆمەککردن بەوڵاتانی هەژار دەستی هاوکاری درێژبکەن و هاوسۆزی خۆیان بنوێنن.

یونسێف لەم لێکۆڵینەوەیەدا ئاماژەی بەخاڵێکی گرنگ داوەو دەڵێ: ((لەساڵی ڕابردوودا بەهۆی بەرنامەکانی سیستەمی کوتانی منداڵان، ڕێژەی مردن بەشێوەیەکی بەرچاو لەجیهاندا دابەزیوە. بەپێی راپۆرتێکی یونسێف، لەساڵی ١٩٦٠ تا ٢٠٠٩ ڕێژەی مردنی منداڵانی خوار تەمەن پێنج ساڵ ٦٠٪ دابەزیوە. هەروەها بەپێی ئەو راپۆرتە دەرکەوتووە کەلە ساڵی رابردوودا ڕێژەی مردن لە ١٠ ملیۆن کەمتر بووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا راپۆرتەکە مەترسی مردنی منداڵان لەهەندێک وڵاتدا دەخاتەڕوو کە ڕێژەکەی تێیدا بەرزەو دانەبەزیوە. وەک سیرالیۆن، ئانگۆلا، ئەفغانستان، نیجیریا. هۆکارەکەشی بۆئەوە گەڕاندووەتەوە کە ئەم وڵاتانە هەمیشە دەستەویەخەن لەگەڵ جەنگ و هەژاریدا، بۆیە زیاتر لەهەر چوار منداڵی خوار تەمەنی پێنج ساڵ، یەکێکیان گیان لەدەست دەدات. ١٨٩ وڵات ڕێککەوتننامەی مافی مرۆڤی منداڵیان واژۆ کردووە. لەساڵی ١٩٩٠لەئێران لەنێوان هەزار منداڵ ٣٥ کەس گیانیان لەدەست داوە، بەڵام لەم ئامارە تازەی یونسێفدا پێوانەی مردنی منداڵی خوار پێنج ساڵ لەئێراندا دابەزیوەو ژمارەکە لە ٣٥ـەوە بووەتە ١٧. هەروەها یونسێف لەراپۆرتێکی تریدا دەڵێت: ((گرنگترین هۆکاری مردنی منداڵ لەجیهاندا بەهۆی تووشبوونیان بەنەخۆشی مەلاریا، سکچوون و بەدخۆراکیەو مردنی منداڵانی خوار تەمەن پێنج ساڵیش زیاتر لەوڵاتی ئەفریقای ڕەش بەرچاو دەکەوێت. زۆربەی ئەو منداڵانەی کەدەمرن لەتەمەنی یەک مانگیدان.

کۆمیسیۆنی باڵای یونسێف ئەوەشی ئاشکراکرد بەداخەوە هیچ پرۆژەیەک بۆ نەهێشتنی ئەم دیاردەیە لەجیهاندا نەهاتووەتە ئاراوە. هەروەها ئاماژەی بەوەکردووە کە تارادەیەک سیستەمی تەندروستی کاریگەری باشی لە کەمکردنەوەی ڕێژەی مردنی منداڵان کردووە. بەڕێوەبەری یونسێف گوتی، بڵاوکردنەوەی ئامارێکی لەمجۆرە مایەی شەرمەزارییە بۆ کۆمەڵەی ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان کەلە ساڵێکدا٧،٩١ ملیۆن منداڵی خوارتەمەن پێنج ساڵی بمرێت وئەمە قابیلی قبووڵکردن نییە، لەکاتێکدا بەرەنگاربوونەوەی ئەم دیاردەیە شتێکی سەخت نییەو دەتوانرێت کۆنترۆڵ بکرێت، ئەگەر بەشێوەیەکی جیدیو مرۆڤدۆستانە کاری بۆ بکرێت. نموونەی چارەسەرکردنیش بەوە دەهێنێتەوە کە پاراستنی تەندروستی دایکان لەکاتی سکپڕیدا، دەبێتە هۆی ئەوەی منداڵی ساغ و تەندروست لەدایکببێت. جگە لەوەش هۆشیارکردنەوەی دایکان بۆ پێدانی شیری خۆیان بەکۆرپەلەکەیان یەکێکە لە ڕێگەچارەی پاراستنی منداڵ لەمردن و نەخۆشی، بەتایبەت لەو وڵاتانەی کە سەرچاوەی ئاوی پاکیان بۆ خواردنەوە کەمە.

جگەلەمەش سیستەمی تەندروستی کوتان و دابینکردنی خۆراکی دەوڵەمەند لەڤیتامینەکان، ژیانی منداڵان لەمردن رزگار دەکات. هەروەها یونسێف لەم ئامارەیدا ئاماژەی بەشەش وڵات داوە، کەمترین ڕێژەی مردنی منداڵی هەبووە وەک: سوید، سەنگاپور، ئیرلەندا کەلە هەر (١٠٠٠) منداڵی خوار تەمەن پێنج ساڵ، تەنیا سیانیان دەمرن. کەمی ئەم ڕێژەیەش بۆ بایەخدان بەسیستەمی تەندروستی دایکان و منداڵان، دەگەڕێتەوە. بەپێی داڕشتنی بەرنامەمەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان، دەبێ مردنی منداڵان لەجیهاندا تاساڵی٢٠١٥ بۆ ٣٠٪ دابەزێت.

و. لەهۆڵەندییەوە: حەمەی ئەحمەد بچکۆڵ

سەرچاوە سایتی: هێت کیندرن/ هۆڵاند ئۆنلاین



# دینارا سافینا، ئەستێرەی بەرەو کوژانەوەیە

کچەیاریزانی تێنسی رووسی دینارا سافینا لە پاڵەوانیەتیی رۆلاند گارۆسیشدا چووە دەرەوە و ئەستێرەی بەرەو کوژانەوەیە.

دینارا سافینا، کە یاریزانێکی شۆخ و شەنگی رووسییە و تا ئێستا ١٢ پاڵەوانیەتیی بردۆتەوە، بەم دواییە ئاستی بەرەو داکشانێکی زۆر چووە و خەریکە ئەستێرەی ناوبانگی دەکوژێتەوە. ئەو کە لە پۆلینی دووەمی باشترین کچەیاریزانەکانی جیهانە، لە رۆژانی رابردوو لە قۆناغی یەکەمی پاڵەوانیەتیی رۆلاند گارۆسدا چووە دەرەوە، دوای دۆڕانی بەرامبەر بە کچەیاریزانی ژاپۆنی کایمیکۆ دایت کرۆم.

سافینا کە لە دایکبووی ١٩٨٦ـە، ئەگەر ئاستی خۆی بەرز نەکاتەوە، دوورنییە بەم زووانە ناوی لە یاریگەکانی تێنسدا لە بیر بکرێت و لە پلەکانی پێشەوەی پۆلینیشدا دووربکەوێتەوە.



# لای پیاوان، تۆپی پێ لە ژن گرنگترە

لە راپرسییەکدا کە لە سەرتاسەری جیهاندا ئەنجام دراوە، دەرکەوتووە ٩٠٪ـی پیاوان کاتێک بەیەکەوە دادەنیشن، بە پلەی یەکەم گفتوگۆکانیان سەبارەت بە تۆپی پێ و یاریزانە ناسراوەکانە، باسکردنی ژنانیش بە پلەی دووەم دێت بە رێژەی ٤٥٪ و پاشانیش کارکردن بە پلەی سێیەمی باسی گفتوگۆیەکانی پیاوان دێت، کە رێژەی ٣٤٪ی وەرگرتووە.

تیم ئەلیرتۆن لە دامەزراوەی هاینکین ئینتەرناسیونالی هۆڵەندی، کە چاودێریی راپرسییەکەیان کردووە، لەو بارەیەوە دەڵێت «رەنگە ژنان نەیانەوێت گوێیان لە ئەنجامی ئەو راپرسییە و ئەو هەواڵانە بێت، بەڵام پیاوان لە کاتی کۆبوونەوە و بەیەکگەیشتنیاندا تەنیا شتێک بیری لێ بکەنەوە، تۆپی پێیە».

بە پێی ڕاپرسییەکە، کە لە ١٥ وڵات و بە بەشداریی ٥٣٠٠ هەزار کەس ئەنجام دراوە، دەرکەوتووە کە قسەوباسی نێوان پیاوان، بە تایبەتی لە وڵاتانی چین و رووسیادا بە رێژەی ٩٣ و ٩٤٪ لە بارەی تۆپی پێیە، هەروەها باسی ژنان لە پلەی دووەم و باسی کارکردنیش لە پلەی سێیەمە، بە تایبەتیش لە گفتوگۆی نێوان پیاواندا لە ئەڵمانیا و فەڕەنسا.

وڵاتی ئینگلتەراش رووخساری راستەقینەی خۆی دەرخست، کە وڵاتێکە تێیدا خۆشەویستی بۆ تۆپی پێ شێتانەیە و خەڵکی ئەوێ زیاتر لە خەڵکی هەر شوێنێکی دی، سەیری تۆپی پێ دەکەن و پیاوی ئینگلیزی هەر هەفتەیەک بە رێژەی ٢ سەعات و ٢٢ خولەک سەیری تۆپی پێ دەکات. کاتێکی زۆر زیاتریش لە گفتوگۆ و باسی ئەنجام و کاردانەوە و گۆڵەکان و هێرش و پڕوپاگەندەکانی تۆپی پێی جیهان، دەباتەسەر.

لە دوای ئەویش وڵاتی بەڕازیل دێت، بە جۆرێک پیاوی بەڕازیلی هەفتانە یەک سەعات و ٣٢ خولەک بە دیاری تۆپی پێیەوە دادەنیشتێت، لە دوای ئەوانیش تایلەند، ئێرلەندا و مەکسیک دێن.

٥٧ ٪ـی پیاوان، ئەوانەی بەشداریی راپرسییەکەیان کردووە، ئەوەیان ئاشکرا کردووە کە ئەوەی زیاتر سەرنج و گرنگیان رادەکێشێت، پاڵەوانیەتیی جامی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا (چامپیۆنس لیگ)ـە، کە بەهێزترین پاڵەوانیەتیی تۆپی پێی جیهانە لە ئاستی یانەکاندا.

www.netewe.com

## یارییەکانی مۆندیال زۆری نەماوە دەستپێبکات

# دوازدە ئامۆژگاری بۆ ئەو ژنانەی



دەستپێکردنی یارییەکانی مۆندیالی تۆپی پێ نزیک بووەتەوە، کە چوار ساڵ جارێک رێک دەخرێت و ئەمجارەیان لە ١١-٦-٢٠١٠ لە باشووری ئەفریقیا بە بەشداریی ٣٢ هەڵبژاردەی تۆپی پێی جیهان یارییەکان دەکرێت و ماوەی مانگێک دەخایەنێت.

یارییەکانی مۆندیال بە شێوەیەکی گشتی سەرنجی پیاوان، بە تایبەتی گەنجان رادەکێشێت و زیاتر لە هەر شتێک جێی بایەخی ئەوانە، تەنانەت ئەوانەی حەزیان لە وەرزشیش نەبێت، لە بەرامبەردا بەشێکی زۆری ژنان بە هاتنی مۆندیال بێتاقەت دەبن و تەلەڤزیۆنەکانیان لێ داگیر دەکرێت.

لێرەدا ١٢ خاڵ وەکو ئامۆژگاری بۆ ژنان دەخەینە روو بۆ ئەوەی ئەوانیش مانگێکی خۆش و بێ گرفت ببەنە سەر و لە بەردەم پیاوەکانیاندا خورەوشتی منداڵانە نەنوێنن و کێشە و گرفت دروست نەکەن، بە تایبەتی لەگەڵ ئەو پیاوانەی کە رۆح و گیانیان تۆپی پێ و یارییەکانی مۆندیالە.

یەکەم: هەوڵ بدە رۆژنامە وەرزشییەکان بخوێنیتەوە و سەیری یارییەکانی مۆندیالیش بکەی، بۆ ئەوەی لە بارەی یارییەکانەوە لەگەڵ پیاوەکەتدا قسە و گفتوگۆ بکەیت، ئەگەر ئەمە نەکەی ئەوا پیاوەکەت لەو مانگەدا پشتگوێت دەخات.





دووەم: وای دابنێ لە هەموو کاتەکانی ماوەی مۆندیالدا تەلەڤزیۆنەکە موڵکی پیاوەکەتە، هەروەها پێویستە ئەوەی لە بیر خۆت ببەیتەوە کە دەست بۆ کۆنترۆڵی تەلەڤزیۆنەکە ببەی، بە تایبەتی لە کاتی یارییەکاندا.



سێیەم: واباشە بۆ هاتوچونت لە بەردەم تەلەڤزیۆندا مەشق بکەیت، بە تایبەتی لە کاتی بەڕێوەچوونی یارییەکاندا، ئەمەش بۆ ئەوەی کێشە و گرفت دروست نەکەیت و نەبێت بە شەڕتان.

چوارەم: پێویستە ئەوە بزانیت کە پیاوانی وەرزشدۆست لە کاتی مۆندیالدا، نە دەبینن و نە دەبیستن و نە قسەش دەکەن، تەنیا ئەگەر پێویستیان بە نان یان ئاو بێت، بۆیە پێشبینیی مەکە کە گوێت لێ بگرێت ئەگەر بتەوێت داوای لێ بکەیت، بۆ نموونە: برۆ دەرگە بکەوە یان وەڵامی تەلەفۆن بدەوە، یان بچۆ فلانە شت بکرە.

پێنجەم: واباشە لە بەفرگری ماڵەوەدا هەندێک لەو خواردنانە دابنێی، کە زوو ئامادە دەکرێن، ئەو کاتەشی کە هەندێک لە برادەر و دۆستانەکانی

www.netewe.com

# پیاوەکانیان سەیری مۆندیال دەکەن




پیاوەکەت دێنە ماڵەوەتان بۆ سەیرکردنی یاری، هیچ نارەزاییەک دەرمەبڕە، بۆ ئەوەی ئەویش رێگەت بدات لە کاتی نەبوونی یارییەکان و پشووەکاندا سەیری بەرنامەکانی دیکەی تەلەڤزیۆن بکەیت.

شەشەم: ئەوکاتەی پیاوەکەت بۆ دۆڕانی تیپەکەی خەمبارە، ئاگاداربە نەکەی بڵێی: دەی گوێی مەدێ و ئەوە یارییە و هەر دەبێت یەکێک بیباتەوە، یان بڵێی جاری داهاتوو تیپەکەی تۆش دەیباتەوە و خەم مەخۆ، چونکە ئەمە زیاتر تورەی دەکات و خۆشەویستیشی بۆ تۆ کەم دەبێتەوە، ئەوە بە بیر خۆت بهێنەوە، کە تۆ هەرگیز وەکو ئەو لە بارەی مۆندیال و تۆپی پێیەوە شارەزا نیت، چونکە دوور نییە هەر قسەیەکی ناخۆش، خوانەکات تەڵاق و کێشەی گەورەتری لێ بکەوێتەوە.

حەوتەم: ئەوە بزانە کە پیاوەکەت هیچ کات لاریی لەوە نییە کە تۆش لەگەڵ ئەودا سەیری تەنیا یارییەک و زیاتریش بکەیت و لە کاتی پشووی نێوان گێمەکان یان کاتی ریکلامدا، قسەی لەگەڵدا بکەیت، بەڵام ئەوە بزانە کە ئەو مانگە کاتی بەسەربردنی کاتێکی خۆش نییە لەگەڵ پیاوەکەتدا، بە تایبەتی ئەگەر تۆ ئارەزووت بۆ وەرزش و تۆپی پێ نەبێت.

هەشتەم: تکایە هیچ کاتێک نارەزایی دەرمەبڕە ئەگەر گۆڵەکانی یارییەکانی مۆندیال دووبارە لە تیڤی پەخش کرایەوە، چونکە هەمان گرنگیی یارییەکانی لە لای پیاوەکەتدا هەیە، تەنانەت ئەگەر ١٠٠ جار یەک گۆڵ سەیر بکاتەوە.

نۆیەم: ئەوەت لە بیر نەچێت، کە بە دۆست و هاورێیەکانت بڵێ کە بۆ هیچ بۆنەیەک داوەتتان نەکەن لەو مانگەدا، چونکە دڵنیابە لە کاتی مۆندیالدا پیاوەکەت لەگەڵدا نایەت.

دەیەم: دەکرێت ئەو ئامۆژگارییەی پێشوو لە بیر بکەیت، ئەویش لە کاتێکدا ئەگەر یەکێک لە هاورێیەکانتان بۆ سەیرکردنی یارییەک بۆ ماڵەوە داوەتی کردن، چونکە ئەوکات پیاوەکەت بە دڵنیاییەوە لەگەڵت دێت و کێشەی نییە.


یازدە: لە کاتی پەخشکردنی ((کورتەی رۆژانەی یارییەکانی مۆندیال)) پێویست ناکات بڵێی ((ئازیزم بۆچی سەیری دەکەیت، خۆ تۆ یارییەکانت بینیوە بۆچی دووبارە سەیری دەکەیتەوە)). چونکە هەمان گرنگیی یارییەکانی لە لای پیاوەکەت هەیە. (دەکرێت ئامۆژگاری دووەمیش بە بیر خۆت بهێنیتەوە).

دوازدە: لە کاتی کۆتاییهاتنی یارییەکانی مۆندیالدا نەکەیت لە بەردەمی ئەودا بڵێی: ((سوپاس بۆ خودا کە مۆندیال تەواو بوو، ئەوەی باشە ئەوەیە کە ٤ ساڵ جارێک دێتەوە)). چونکە لە بیر نەکەی، هێندەی پێناچێت یارییەکانی خولی ((ئینگلیزی، ئیسپانیا، ئیتاڵیا و ئەڵمانیا و خولی پاڵەوانانی ئەورووپا و ....هتد... دەستپێدەکەنەوە، کە هەموو وەرزێک هەیە.

لەگەڵ ئەوەی ئەمڕۆ زۆربەی ماڵەکان زیاتر لە ئامێرێکی تەلەڤزیۆنیان هەیە و ئەگەری روودانی کێشە و گرفت بە هۆی داگیرکردنی تەلەڤزیۆن لە لایەن پیاوانەوە کەمترە، بەڵام هەر دەبێت ژنان لە کاتی بەرێوەچوونی مۆندیالدا بە ئەرکی خۆیان هەڵبستن و ڕەچاوی پێداویستی و هەست و حەزی پیاوەکانیان بکەن، بە تایبەتی ئەوانەی کە زۆر حەزیان لە یاریی تۆپی پێ و مۆندیالە.

ئامادەکردن: ئەرسەلان عەبدوڵڵا

www.netewe.com




## نەبوونی تاقیگەیDNA چەند کەیسێکی دادگای دواخست

# ئامێرەکان هەن و کاریان پێ بکرێت

کارنەکردنی تاقیگەی DNA لەهەرێمی کوردستاندا وایکردووەچەندین کەیس لەدادگاکاندا بەهەڵپەسێردراوی بهێڵدرێتەوەو گوتەبێژی ئەنجوومەنی دادوەری هەرێمیش دەڵێت، بەوهۆیەوە ناچارین ئەو کەیسانە لەدادگا دوابخەین. هاوکات گوتەبێژی دادپزیشکی هەولێر هۆکارەکە بۆ مەترسی رێگای بەغدا دەگەڕێنێتەوە کە نەتوانراوە نموونەکان بۆ تاقیگەی بەغدا بنێردرێن.



بەهرە حەمەڕەش

هەولێر

### شیکردنەوەی ترشی ناوەکی DNAچییە؟

DNA کورتکراوەیDEOXY RIBO NEUCLIC ACID ـیە. واتە ترشی ناوەکی کەمئۆکسجین. ترشی ناوەکی DNAبریتییەلە، شریتێکی دووڕیزی پێچخواردوو کەلەنێوهەموو خانەیەکی لەشی مرۆڤدا هەیەو خانەش یەکەی پێکهێنان و فرمانی لەشی مرۆڤە، جگە لەخڕۆکە سوورەکانی خوێن نەبێت کە دوای ١٢٠ڕۆژ ناوکەکەیان ون دەکەن.DNAتایبەتمەندییە بۆماوەییەکانی مرۆڤی هەڵگرتووە کە لەباوکانەوە بۆی ماوەتەوەو لەئەنجامی یەکگرتنی هێلکەی مێ و سپێرمی نێرینە، دروستبووەو خەسڵەتی مرۆڤ، لەمرۆڤێکی دیکە جیادەکاتەوە. بەوهۆیەوە هیچ مرۆڤێک، لەویتر ناچێت. تەنیا دوانەی لەیەکچوو ((هاوڕەگەز))نەبێ کەلە ئەنجامی پیتانی یەک سپێرم و یەک هێلکە، دروستدەبێت.

### بایەخیDNA

لەڕووی پزیشکییەوە DNAسوودی بۆ دەستنیشانکردن و چارەسەرکردنی نەخۆشی بۆماوەیی، هەیە. زانایانی بواری تاوانکاری، سوودییان لەو خەسڵەتە تایبەتەی ترشی ناوەکی وەرگرتووە. جاران بۆ دۆزینەوەی تاوانێک، پشت بەجۆری خوێن، پرۆتین و سیرۆلۆژی، دەبەسترا کە نەدەتوانرا کەسی تاوانبار، بەدڵنیاییەوە دەستنیشان بکرێت، چونکە رێژەی دووبارەبوونەوە زۆر بوو. بۆیە لەناوەڕاستی هەشتاکانی سەدەی



www.netewe.com

رابـــردوودا، بۆیەکەمجار وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا، بەهۆی پشکنینی DNAتاوانبارێکیان دەستنیشانکردو بەبەڵگەی متمانەپێکراو، لەدادگا ناسانديان. دەتوانرێت DNAلەهەموو هەوکردنێک و پاشماوەیەکی مــرۆڤ، بەدەستبهێنرێت. وەک،لیک، ئێسقان، موی پرچ، نینۆک، خوێن و ددان. ئـەو پشکنینە بـەچـەنـد قۆناغێک ئەنجامدەدرێت کە یەکەمجار بەهۆی تێکشکاندنی خانەکەو دەرهێنانی ترشە ناوەکییەکەی بەرێگەی چەند پێکهاتەیەکی کیمیایی. DNA لەدادگا وەک بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگر، بەکاردێت، چونکە ڕێژەی دووبارەبوونەوە تێیدا ئەستەمە. بەتایبەت ئەو سیستەمەی ئێستا بەکاردەهێنرێت کەلە ١٦بوهێڵیە، واتـە ١٦خەسڵەتی بوهێڵی بـاوک و ١٦خەسڵەتی لەدایک وەرگیـراوە. کە کۆی گشتییان دەکاتە ٣٢ خەسڵەت. بەوەش دووبارەبوونەوە تێیدا مەحاڵ، دەبێت. وەک ئەوە وایە کە ناوی کەسێک تا ٣٢باوکانی بنووسیت. بۆیە زۆرئەستەمە کەسێک هەبێت ٣٢ ناوی باوکانی بەیەک بچێت. یەکەی بنچینەیی پێکهاتەی DNAپێیدەگوترێت نیوکلۆتاید کە ئەویش چوارن، A.G.C.T.ئەم ٤نیکلۆتایدە بەملیۆنەهاجار دوو شریتی لێ دووبارەبوونەتەوەو جیاوازی لەریزبوون و بەدوای یەکداهاتنی ئەم نیکلۆتایدانە، وایکردووە کە دوو مرۆڤ لەیەکتر جیاوازبن.

## بوارەکانی بەکارهێنانی DNA

بایەخی DNA بۆ ناسینەوەی تاوانبار لەیاسادا بـەکـاردێـت و گوتەیەک هەیە دەڵێت ((هیچ تاوانێک تەواو نییە)) واتە هەر تاوانبارێک لەکاتی ئەنجامدانی تاوانێکدا، هەڵەیەک دەکـات. واتە بەڵگەیەک بەجێدەهێڵێت کە دەبێتە سەرەداوێک بۆ لێکۆڵینەوە. هەروەها بۆ دۆزینەوەی باوکی بایۆلۆژی بەکاردێت کەبەهۆی پشکنینی DNA دەتوانرێت باوکی راستەقینەی مرۆڤ، بدۆزرێتەوە. لەکاتێکدا کە منداڵێک بزر دەبێت یان گومان لەباوکی راستەقینەی دەکرێت، دەتوانرێت بەو پشکنینەدەستنیشان بکرێت. بایەخیشی بۆ گۆڕی بەکۆمەڵ هەیە، ئەگەر گۆڕێکی بەکۆمەڵ بدۆزرێتەوە دەتوانرێتDNA لەمۆخی ئێسقانیان وەربگیرێت، چونکە مۆخی ئێسقان پتەوەو تاچەندین ساڵ دەمێنێتەوەو پاشان لەگەڵ DNA کەسووکاریدا بـەراورد دەکرێت، تا بزانرێت کەسەکە کێیە. بایەخی تریبیشی هەیە بۆ دۆزینەوەی تەرمێکی نەناسراو، یان پارچەیەک لە لەشی کەسێک کە لەکاتی شەڕ یان تەقینەوەدا، دەدۆزرێتەوە.

## قۆناغەکانی شیکردنەوەی DNA

شارەزا لەبواری DNA ملازم شاخەوان، قۆناغەکانی شیکردنەوەی DNAبۆ ٤ قۆناغ دابەشدەکات:

١. قـۆنـاغـی تـێـکـشـکـانـدن و دەرهێنانی DNA،(EXTRACTION STAGE): بەچەند ڕێگایەک و بەکارهێنانی چەند ماددەیەکی کیمیایی، ئەنجامدەدرێت.

٢.QUANTIFICATION، چەندایەتی: واتە بڕی ئەو DNA بەدەستمان هێناوە چەندە کە بەلایەنی کەمەوە پێویستمان بەنزیکەی یەک نانۆگرام، دەبێت کە لەرێگەی ئامێری REAL TIME PCR ئەنجامدەدرێت.

٣.AMPLIFICATION، گەورەکردن: ئەم قۆناغە بریتییەلە، زیادکردن و گەورەکردنی قەبارەی، شریتی DNAبەملیۆنەهاجار. ئەمەش بەهۆی ئـامـێـری(POLYMERASE CHAIN REACTION) PCR دەکرێت.

٤. شـیـکـردنـەوە، ANALYZING STAGE: بەهۆی ئامێری شیکەرەوەی جینی GENETIC ANALYZER، ئەنجامدەدرێت. دواتر بەپرۆگرامی تایبەت بەرێگەی کۆمپیوتەر، بەچەند ڕەنگ و ژمارەیەک، پرۆفایل و خەسڵەتی بایۆلۆژی مرۆڤەکە دەستدەکەوێت کە ناسنامەی کەسەکەیە.

## کێشەکان بەهەڵواسراوی ماونەتەوە

لەساڵی ٢٠٠٨دا سەرۆکی پێشووی حکومەتی هەرێمی کوردستان نێچیرڤان بارزانی، مژدەی کردنەوەی تاقیگەی DNA، بەهاووڵاتییاندا و بەڵام تائێستاش نزیکەی ٦تاقیگە لەکوردستاندا هەن کە کاریان پێناکرێت، چونکە ((بەشێکی ئامێرەکان تەواو نین یان کەسی پسپۆڕ نییە بیانخاتە گەڕ یاخود پارەی تەواویان بۆ دابیننەکراوە)). بەپێی قسەی گوتەبێژی ئەنجوومەنی دادوەری کوردستان، عەبدولباسط فەرهادی، ئێستا ٦ کێشە لەدادگا بەهەڵواسراوی ماونەتەوە کە دەبێت بەرێگەی ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی DNA، کێشەکە یەکلایی بکرێتەوە. کە هەندێکیان زیاتر لەساڵێکیان بەسەرداچووە ((تاقیگەی DNAدانـراوە، بەڵام کاری پێناکرێت، تەنیا لەکاتی هاتنی شاندی وڵاتاندا دەڵێین، تاقیگەی DNA، هەیە)). وەک ئاماژەیدا لەوڵاتی ئێمە، زیاتر بەدوای رووکەشدا دەچین و بیر لەناوەڕۆکی بابەتەکان ناکرێتەوە. ئەو دادوەرە حکوومەت بەکەمتەرخەم نازانێت لەو بابەتدا چونکە ((حکوومەت تاقیگەی داناوە، کەسی بۆ خولی فێرکردن ناردووەتە دەرەوە، بەڵام کەسانێک دەستیان بەسەر ئەو شوێنانەدا گرتووە کە شارەزاییان لێ نییە)). فەرهادی، دی ئێن ئەی، بەیارمەتیدەرێکی گرنگی دادگا وەسفدەکات کە ١٠٠٪ـی ئەنجامەکان بـەدەسـتـەوەدەدات و دادوەر بەبێ دوودڵی بڕیار دەدات. راشی وایە کە ئەوان وەک دەسەڵاتی دادوەری، ئەرکی خۆیان جێبەجێ کردووەو کەیسەکانیان رەوانەی بەڵگەی تـاوان کـردووە، بەڵام ((چەندینجار دووبـارەی دەکەینەوە، کە بەبێ تاقیگەی DNA کەیسەکان یەکلای ناکرێنەوەو سـەرووی خۆشمان لەوە ئاگادارکردووەتەوە)). فەرهادی، ئەوکەمتەرخەمییە بۆئەوە دەگەڕێنێتەوە کە (( هەندێ کەس، لەپلەی بەرپرسیارێتیدان و وڵاتییان خۆشناوێت)).

یاسای ژمارە ٢٣ ساڵی ١٩٧١دا یاسای رێوشوێنی دادگاییکردنی تـاوان لە هەرێمی کوردستان هەیە، بەڵام هیچ برگەیەک لەو یاسایەدا باسی لەبەکارهێنانی تاقیگەی DNA نەکردووە، بۆیە لایەنگەلی پەیوەندیدار، پێویستی رێکخستنی تاقیگەکان و دابینکردنی کەرەستەکان لەچوارچێوەی یاسایەکدا، بەکاری پەرلەمان دەزانن. شارەزایەکی بواری DNA، کە نەیویست ناوی ئاشکرابکرێت، بایەخی دەرکردنی بڕیارێکی تایبەت بەDNA، خستەڕوو: ((لەکوردستان چەند تاقیگەیەکی دی ئێن ئەی، هەیە کە ئامێرەکانیان تەواوین، پێویستە بەبڕیارێک هەموو ئەوانە لەتاقیگەیەکدا کۆبکرێنەوەو لەچوارچێوەی فەرمانی دادگادا کاربکەن)). ئەندامی لیژنەی یاسایی پەرلەمان، گۆران ئازاد، دەرکردنی یاسایەک بۆ کارکردنی دی ئێن ئەی، لەئێستادا بەپێویست نازانێت ((لەرووی ئاشکراکردنی تاوانەوە یاسا رێگەی بە کارکردنی تاقیگەی DNA، داوە. هەرکاتێکیش تاقیگەکان کەوتنەکار و هـاووڵاتـی ویستی، وردەکـاری منداڵەکەی بزانێت، ئەوا پێویستی بەرێکخستنە، چونکە دوور نییە سەربکێشێت بۆ مەسەلەی کۆپیکردن. ئـەوەش دەرئەنجامێکەو پێویستە بەیاسا رێکبخرێت)). ئەو پەرلەمانتارە وێڕای ئـامـاژەدان بەگرنگییەکانی DNA، رەخنە لەوەزارەتی ناوخۆ دەگرێت و دەڵێت((٣ساڵە وەزارەتی ناوخۆ دەڵێت، کار بەتاقیگەکان دەکەین بەڵام کوا؟)). لەلایەکی دیکەوە بەڕێوەبەری گشتی دیوان لەوەزارەتی ناوخۆ، حاکم تاریق، دەڵێ، لەرێوشوێنی دادگاییکردنی تاوان، ئاماژە بەوەکراوە کە هەر ئامرازێک بۆ ئاشکراکردنی بەڵگەکانی تاوان هەبێت، دەتوانرێت سوودی لێوەربگیرێت، کـەواتـە هـەمـوو ئـەو ئامێرە تەکنۆلۆژیانەش دەگرێتەوە کە لەگەڵ، گۆڕانکاری سەردەمدا دێن ئامێری پشکنینی DNA، یەکێک لەوانەیە. هاوکات نەبوونی یاسایەک تایبەت بە DNA، بە ((بۆشایی تەشریعیی))لەیاسادا وەسفدەکات.

## زیاتر لە٢ملیۆن دۆلاری تێچووە

بەڕێوەبەری گشتی دیوان لە وەزارەتـی ناوخۆ، حاکم تاریق، کارکردنی حکومەت لەو بوارەدا

بەبەردەوام دەزانێت و ئاشکرایدەکات کە ئامێری ئەو تاقیگەیەی ئێستا لە بەڵگەی تاوانەکان هەیە ((خۆمان نەمانکریوە، هێزەکانی هاوپەیمانان بەدیاری بۆیان هێناوین)). هەروەها دەڵێت بەرەزامەندی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران، بینایەکیان بۆ تاقیگەکە بەبڕی زیاتر لە ٢ملیۆن دۆلار دروستکردووە. گوتیشی، کە دوو ئەفسەریان بۆ ماوەی ٦مانگ بەمەبەستی خول بینین بۆ کارکردن بەتاقیگەکە، ناردووەتە بەریتانیا. بۆماوەی ٣مانگ ئەفسەرێکی تریان بۆ ئوسترالیا ناردووە. هۆکاری کارنەکردنیشی بۆ ئەوە گەڕاندەوە ((هەندێ پێکهاتەی کارپێکردنی ئامێرەکانمان ماوە کە نرخیان گرانەو پێویستە لەبازاڕەکانی دەرەوە بیکڕین. هەندێ کەسیتر بۆ پەروەردە بنێرینە دەرەوە، چونکە ئەو تاقیگەیە پێویستی بەکاری گروپییەو بەدوو سێ کادیر بەرێوەناچێت)). بەپێی زانیارییەکانی وارڤین، هەندێ کەس دەیانەوێت، تاقیگەی DNA، ئەهلی دابنێن لەوبارەیەوە حاکم تاریق، ئەوەرەت دەکاتەوە کە رێگە بدرێت تاقیگەی ئەهلی بکرێتەوە، چونکە ئەو تاقیگانە مامەڵەو کاریان لەگەڵ بەڵگەی تاوان و دادگادا دەبێت و تەنیا دەتوانن کار لەگەڵ دەزگای فەرمیدا بکەن.

## بودجە نییە

نەبوونی تاقیگەی DNA، بووەتە گرفت لەبەردەم هەندێ کەیسی دادگا بەتایبەت لەدیاریکردنی باوکایەتیدا، زۆرجار بووەتە هۆی ئەوەی تاوانبار بەسزای خۆی نەگات، یاخود بێتاوانێک سزابدرێت. لەیەکێک لەدادگاکانی کوردستان، ٦ کێشە بەهۆی نەبوونی تاقیکردنەوەی دی ئێن ئەی، ماوەتەوە. دادوەر عەبدولباست، ئاشکرای کرد ((چەندین کێشەمان هەیە، چاوەڕوانی ئەوەین لەدادپزیشکی، تاقیکردنەوەی DNA، یان بۆ بکرێت. بەڵام ئەوان دەڵێن، تەنیا ٦٠٪ـی تاقیگەکەمان تەواوبووە. بەهۆی نەبوونی بودجەی تایبەت کارەکانمان وەستاوەو تەواونەکراوە)). ئەو دادوەرە نەیشاردەوە کە ناچارن ئەو دۆسیانە لەدادگا، دوابخەین. یەکێک لەو کەیسانە ژنێکە بەناوی (ر.م) کە خۆی سووتاندووەو بەوهۆیەوە منداڵێکی ناو سکیشی سووتاوە. بەرلەمردنی گوتەی لەسەر پیاوێک داوە کە ماوەی چەند مانگێک پیاوەکە زیندانیکراوەو دادوەر لەدادگا بڕیاریدا کە کەیسەکە بەشیکردنەوەی DNA یەکلایی بکرێتەوە، بەڵام تائێستا منداڵەکان، لەدادپزیشکی هەولێرن و شیکردنەوەیان بۆ ئەنجامنەدراوە. دادوەر عەبدولباست، دەڵێت لەیەکێک لەدادگاکانی هەرێمی کوردستان، ماوەی چەند مانگێکە بەمەبەستی یەکلاییکردنەوەی کێشەیەک، کەیسێک رەوانەی دادپزیشکی هەولێر کراوە، بەڵام تائێستا کەیسەکە یەکلایی نەکراوەتەوە، بۆ ئەو مەبەستەش دادگا بڕیاریدا کە ئەو کەیسە بەرێگەی شیکردنەوەی DNA، یەکلایی بکرێتەوە. بەپێی زانیارییەکان،چەند کەیسێک لە دادگا بەهەڵپەسێردراوی ماونەتەوە کە تێیدا نازانرێت ئەو منداڵانەی کە لەدایکبوونە باوکیان کێیە؟ لەوانە ژنێک سکی هەبووەو بۆدەستنیشانکردنی باوکی منداڵەکە پێویستی بەتاقیکردنەوەی DNA بووە. ئێستا تەمەنی منداڵەکە یەک ساڵە، بەڵام باوکی نەدۆزراوەتەوە. ژنێکیتر سکپڕ، پێویستی بەشیکردنەوە هەیە، بەڵام ئێستا منداڵەکەی تەمەنی ٦مانگەو شیکردنەوەکە ئەنجامنەدراوە. بەرێوەبەری دادپزیشکی هەولێر د. یاسین کەریم، هۆکاری ئەنجامنەدانی شیکردنەوەی ئەو کەیسانە بۆ ئەوەدەگەڕێتەوە کە ((رێگای بەغدا، مەترسی تێدایەو بڕێکی زۆر لەبودجەی پێویستە، تاقیگەکانی بەغدا گوشاریان زۆر لەسەرەو کاریان زۆرە، بۆیە ناتوانرێت، بۆ بەغدای بەرێبکرێن)). هاوکات بەپێچەوانەی رای د. یاسین، بەرێوەبەری گشتی دیوانی وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان، حاکم تاریق دەڵێت، تاقیگەی DNA، لەبەغدا، کارناکات بۆ هەر کەیسێک ئەگەر بۆ یەکلاییکردنەوەی کێشەکە پێویستی بەتاقیکردنەوەی DNA، هەبوو، دەبێ رەوانـەی دەرەوەی وڵات ((ئوردون)) بکرێت. سەبارەت بەلایەنی بەرپرسیار لەدواکەوتنی چارەسەری کێشەکان دادوەر عەبدولباست دەڵێ: ((لایەنی جێبەجێکار لەو کەمتەرخەمییەدا بەرپرسیارە)).

# ئۆکسیتۆسین و سوودەکانی بەکارهێنانی



نازەنین فایەق فەرەج

وادەی منداڵبوون بریتییەلە، ئازاری یەک لەدوای یەک و کرژبوونی منداڵدان، لەگەڵ فراوانبوونی ملی منداڵدان کە بەهاتنەخوارەوەی بەشە دیارەکەی کۆرپە دەست پێدەکات. یەکێک لەگرنگترین و ترسناکترین ماکی منداڵبوون ئەو خوێنبەربوونەیە کە لەماوەی نێوان لەدایکبوونی کۆرپەو هاتنەدەرەوەی وێڵاش، روودەدات کە تا کاتژمێری یەکەمی دوای هاتنەدەرەوەی وێڵاش، بەردەوامدەبێت. بۆ ئەو حاڵەتەش دەکرێ هانا بۆ ئۆکسیتۆسین ببردرێت.

## ئۆکسیتۆسین چییە؟

ئۆکسیتۆسین، بەشێوەی دەرزی و بەخاخ هەیە، بەڵام حەب نییە. لەکاتی لەدایکبوون بەکاردێ تا تەقەلوسات لە رەحمدا بکات کە بۆ دروستبوونی ژانی منداڵبوون، سوودی هەیە. هەرچەندە منداڵدان گەورەتر بێت کاری ئۆکسیتۆسین زیاتر دەبێت و هەرچەندە منداڵدان بچووک بێت ئەوەندە ئەوکارە زەحمەتترە.
پێویستە بەگوێرەی ژانی منداڵبوونەکە، رێژەی پێدانی ئۆکسیتۆسین، بگۆڕێت. هەروەها لەژنێکەوە بۆ ژنێکی تر جیاوازە، ژن هەیە پێویستی بە ١٠ یونت، یان ٥ یونت، یان ٢ تا٣یونتەو ئەوەش بەگوێرەی حاڵەتەکە دەگۆڕێت. زۆرجار ئۆکسیتۆسین، دوای لەدایکبوون بەمەبەستی وەستاندنی خوێن، بەکاردەهێنرێت.

## ئۆکسیتۆسین زیانی هەیە؟

ئۆکسیتۆسین بەهیچ شێوەیەک زیانی بۆ ژن نییە. تەنیا لەکاتی دووگیانی و منداڵبووندا بەکاردێت. بۆ هەموو ژنێکی دووگیان بەبێ رەچاوکردنی تەمەن و بوونی نەخۆشی شەکرەو پاڵەپەستۆی خوێن بەکاردەهێنرێت.


## سوودەکانی

ژانی منداڵبوون بەهێز دەکات و وادەکات دایکەکە زوو لەمنداڵبوون، رزگاری بێت. هەروەها دوای منداڵبوون، خوێنبەربوون ناهێڵێت و منداڵبوونیش ئاسان دەکات. جگە لەوەش ماوەی هێنانەدەرەوەی وێڵاش کورتتر دەکات. ئۆکسیتۆسین، شیری دایک زیاد دەکات و بۆ کۆرپە بەسوودە.

** پسپۆڕی نەخۆشییەکانی ژنان و منداڵبوون و نەزۆکی

www.netewe.com

# چاودێری دوای نەشتەرگەری سیزاریان



د. تریفە یوسف

منداڵبوون بە نەشتەرگەری سیزاریان، بریتییەلە دەرهێنانی کۆرپە بەنەشتەرگەری لەرێگای کردنەوەی سک و منداڵدانی دایک. ئەمەش بەنەشتەرگەری گەورە دادەنرێت و لەمەترسی بەدوور نییە. هەموو دایکێک دوای منداڵبوون پێویستی بەچاودێری و کات هەیە، تا ئەندامانی لەشی بگەڕێتەوە سەر باری پێشوو، بەتایبەتیش ئەوانەی کە بەنەشتەرگەری منداڵیان دەبێت.

ئەو ژنەی کە نەشتەرگەری دەکرێت، پێویستە بۆ ماوەی سێ تاچوار رۆژ لە نەخۆشخانە بمێنێتەوە. پێویستە لەوماوەیەی کە ژنەکە بەهۆی نەشتەرگەرییەوە لەنەخۆشخانە، ماوەتەوە ئەم رێنماییانە جێبەجێ بکات.

١. دەربڕینی ئێش و ئازار بەشێوەیەکی تەواو و پێدانی دەرمانی پێویست، تا ژانەکەی کەم بێتەوە، یان چارەسەرکردنی هەر هۆیەکیتر ئەگەر هەبێت.

٢. ئامۆژگاری دایک بکرێ، بەوەی شیری خۆی بەکۆرپەکەی بدات کە دەتوانرێت بەزووترین کات ئەو هەنگاوە لەدوای بەهۆشهاتنەوەی لە سڕکەر (بەنج) دەست پێبکات.

* بەکارهێنانی دەست یان سەرینی بچووک لەسەر برین، تا لەکاتی پێکەنینی توندو کۆکە یان پشمین، پاڵپشتی برینەکە بکات لەوەی کە ئازاری پێنەگات.

* لە رۆژی یەکەمی دوای نەشتەرگەرییەکە پیاسەکردن و هاتووچۆ دەستپێبکات. ئەمەش یارمەتی کەناڵی هەرسدەدات، تا زوو بگەڕێتەوە دۆخی جارانی. هاتووچۆکردن لەوحاڵەتە دەبێتەهۆی کەمکردنەوەی غازات، ئێشی سک و نەهێشتنی دروستبوونیBLOOD CLOT کە دەبێتە هۆی جەڵتەی دڵ.

* زانیاری پێدان بەکەسەکە لەبارەی پرۆسەی گەڕانەوەی منداڵدان بۆ جاری پێشوو کە کاتێ خوێن دەبینێت ڕاڕا نەبێت، ئەو خوێنە لەگەڵ تێپەڕبوونی کات کەم دەبێتەوەو رەنگی لەسوورەوە بۆ پەمەیی دەگۆڕێت. دوایی رەنگی رەش دەبێت و بۆ ماوەی چوار تا شەش هەفتە دەمێنێتەوە.

* زۆر خواردنەوەی ئاو و خواردنی باش، تا تووشی قەبزی نەبێت.

* لەکاتی گەڕانەوەی بۆماڵەوە ئاگادار بکرێتەوە، کەوا خۆی لەکاری قورس و هەڵگرتنی شتی قورس بەدووربگرێت، بەجۆرێک ئەگەر شتێکی قورسی هەڵگرت، نابێت کێشی شتەکە لەکێشی منداڵەکە قورستر بێت.

* لەحاڵەتی تووشبوونی بە تاو ئازار دا چاودێری بکرێت، چونکە هەردووکیان هێمای (INFECTION)ـە.

دەبێ ژن دوای منداڵبوون خۆی لەو خاڵانەی خوارەوە دووربگرێت.

١. جووتبوون تا ماوەی چوار هەفتە یان زیاتر (تا بەتەواوی لەش و جەستەو لایەنی دەروونی دەگەڕێتەوە سەر بارودۆخی جاران.

٢. بەکارنەهێنانی ئەو سانتیانەی کەلەنێو لەش دادەنرێ، چونکە هۆکارێکە بۆ (INFECTION).

٣. بەکارنەهێنانی ساونا یان گەرماوی زۆر گەرم.

٤. هەڵنەگرتنی شتی قورس.

٥.زۆر نەڕۆیشتنی بەسەر پەیژەدا.

٦.وەرزشنەکردنی قورس بەبێ راوێژی پزیشک.

لەم کاتانەدا پێویستە سەردانی پزیشک بکات:

- تا لێهاتن.
- ئێش و ئازاری لەناکاو، لەناوچەی سک و جێی برین.
- ناخۆشبوونی بۆنی ئەو خوێنەی کە دەیبینێت.
- قاچ ئەستووربوون و سووربوونەوەو ژانگرتن.
- میز سووتانەوەو گۆڕانی رەنگی میز، بۆ سوور.
- خوێن بینینی زۆر بەجۆرێک کە لەماوەی یەک تا دوو کاتژمێر، پێویستی بەسانتی گۆڕین بێت.
- لەکاتی بینینی پارچە خوێنی گەورە.
- ئەستووربوون و هەبوونی ئازار لە مەمکەکاندا.
- هەستکردن بەدڵتوندی و خەمۆکی.

**پسپۆڕی نەخۆشییەکانی ژنان و منداڵبون

www.netewe.com



# پاڵەپەستۆی خوێن بکوژە نادیارەکەی مرۆڤ

# ڕێگرتن و چارەسەر و ڕێنمایی پێویست

هەولێر

پاڵەپەستۆی خوێن، یەکێکە لەنەخۆشییە بڵاوەکان و لەکاتی خاوبوونەوەو کرژبوونی دڵ، ڕوودەدات. بەقسەی پسپۆڕێکی نەخۆشییەکانی هەناو ٩٠٪ـی هۆکارەکانی ئەو نەخۆشییە دیارنییە، بۆیە ناونراوە بکوژە نادیارەکەی مرۆڤ.

## پاڵەپەستۆی خوێن چییە؟

پاڵەپەستۆی خوێن، بریتییەلەو پەستانەی تەوژمی خوێن کە دەیکاتە سەردڵ و بۆرییەکانی خوێن، واتا خوێنبەرەکان. پاڵەپەستۆی خوێن، لەهەموو کەسێکدا هەیەو ڕێژەییە، دوو جـۆرەو لەکاتی خاوبوونەوەو کرژبوونی دڵ، ڕوودەدات. لەکاتی خاوبوونەوەی ماسوولکەی دڵ، لەنێوان ٦٠ تا ٨٥ میلیمەتر جیوە، ئاساییە. لەکاتی کرژبوونی ماسوولکەی دڵ، لەنێوان ١٠٠ تا ١٤٠، بەرزدەبێتەوە. ئەگەر هاتوو پاڵەپەستۆی خوێن، لە ١٤٠-٩٠، زیاتر بوو، ئەوا پاڵەپەستۆی خوێنی بەرزە، بەڵام ئەگەر کەسێک پاڵەپەستۆی ٩٠-٦٠ کەمتر بوو، ئەوا پاڵەپەستۆی خوێنی نزمە. بەشێوە باوەکەی لەنێو خەڵکدا، یەک ژمارە لادەدرێت، بۆ نموونە کە دەگوترێت پاڵەپەستۆی خوێنت ١٧ـیە، واتا ١٧٠ ملیمەتر جیوەیە.

## هۆکارەکانی

پسپۆڕی بواری نەخۆشییەکانی هەناو، د. عومەر سـورچـی، ڕایدەگەیەنێت کـە ٩٠٪ـــی هۆکاری بـەرزبـوونـەوەی پاڵەپەستۆی خوێن، دیارنییە، بۆیە ناوی بکوژە نادیارکەی مرۆڤی لێنراوە. وەک باسیدەکات، زانایانی بـواری دەروونـی، حاڵەتی زکماکی، هۆکاری ژینگەیی، خوێ خواردن، سستی کاری گورچیلەکان و چەند هۆکارێکی تریان بۆ بەرزبوونەوەی پاڵەپەستۆی خوێن، دەستنیشان کـردووە. ١٠٪ـــی هۆکارەکانیتر بەهۆی هەوکردن و ئـاوسـانـی گورچیلە، تووشبوونی گورچیلە بەکیس و تەسکبوونەوەی خوێنبەری گورچیلە، ڕوودەدات. هەروەها نەخۆشیی گلاندەکان، ڕژێنی دەرەقـی، زۆربوونی هۆرمۆنی گەشەکردن، ڕژێنی ئەدرینال چەند هۆکارێکیتری پاڵەپەستۆی خوێنن. بەشێوەیەکی گشتی ژن، لەکاتی دووگیانیدا زیاتر تووشی پاڵەپەستۆی خوێن دەبێت. خواردنی حەبی ئازارشکێن ((مسکن))، بەکارهێنانی ڕێگاکانی دژی سکپڕی، خواردنی حەبی دیکسۆن و هۆکاری زکماکیش وەک، گیرانی خوێنبەری دڵ، ئاڵۆزی دەروونی و بەرزبوونەوەی گوشاری مێشک، هۆکاری ڕوودانی ئەو حاڵەتەن. عەلی محەممەد، لەنێو بازاری گەورەی هەولێر، دوکاندارەو تووشی بەرزبوونەوەی پاڵەپەستۆی خوێن، هاتووە. هۆکاری تووشبوونی بۆ شڵەژانی باری دەروونی دەگەڕێنێتەوەو دەڵێ»سێ سـاڵ لەپۆلی شەشەمی وێـژەیـی دەرنـەچـووم و بەوهۆیەوە وازم لەخوێندن هێنا. ئەمەش تووشی نەخۆشی و نیگەرانی کردم. ئێستا پاڵەپەستۆی خوێنم، بەرزدەبێتەوە)).

## هۆکارەکانی نزمبوونەوەی پاڵەپەستۆی خوێن

پسپۆڕانی بواری نەخۆشییەکانی هەناو، جەخت لـەوەدەکـەنـەوە کە هەندێ مـرۆڤ، لە زکماکدا پاڵەپەستۆی خوێنیان نزمە، بەتایبەت لەتوێژی گەنجاندا. هەندێ حاڵەتیش هۆکاریان دیارە، وەک سکچوونی بەردەوام، ئارەقەکردن، ڕشانەوەی زۆر و خوێنبەربوون، لەگەڵ ئەو کەسانەی کە نەخۆشی



www.netewe.com

شەکرەیان هەیەو کۆنترۆڵیان نەکردووە. چونکە زۆر میزکردن، دەبێتە هۆی نزمبوونەوەی پاڵەپەستۆی خوێن. زۆرجار بەکارهێنانی دەرمان، دەبێتە هۆی دابەزینی پاڵەپەستۆی خوێن. سانا یاسین، ٢٤ ساڵەو فەرمانبەرە. ئەو دانیشتوی شاری هەولێرە. وەک ئاماژەیدا، بەردەوام پاڵەپەستۆی خوێنی نزمە ((هەرکاتێک پێوانەی پاڵەپەستۆی خوێنم کردبێت، ٨٠/٥٠یە، بەڵام دکتۆر پێیگوتم، ئەو حاڵەتە ئاساییەو زیانی نییە، بەڵام دەبێ میوەو ئاوی زۆر بخورێت)). هالە سابیر، ٢٨ساڵ، دانیشتووی گەڕەکی مامۆستایانی هەولێرە، تووشی نزمبوونەوەی پاڵەپەستۆی خوێن، بووە. دکتۆر هۆکاری هاڵەی بەوە دەستنیشانکردووە کە ((بەهۆی دووگیانییەوە، تووشبووم، دوای منداڵبوون پاڵەپەستۆی خوێنم ئاسایی بووەتەوە)).

## تەمەن

تەمەن، لەسەر تووشبون بەپاڵەپەستۆی خوێن، کاریگەرە، بەڵام زۆرجار بەهۆکاری جۆراوجۆر گەنجانیش دەگرێتەوە. بەرزبوونەوەی پاڵەپەستۆی خوێن، زیاتر تووشی کەسانی تەمەن ٥٠ ساڵی دەبێت. ئەگەر کەسێک لەتەمەنی گەنجیدا تووشی پاڵەپەستۆی خوێن بوو، دەبێ بەزووترین کات هۆکاری تووشبوونی بۆ دەستنیشان بکرێت. شێرزاد ئەحمەد، ٥٧ساڵ، نیشتەجێی گەڕەکی زانکۆی شاری هەولێرەو پیشەی کاسبکارە. ئەو ماوەی دووساڵە تووشی بەرزبوونەوەی پاڵەپەستۆی خوێن بووە. لەبارەی هۆکاری تووشبوونی بەو حاڵەتە دەڵێ: (( هەموو جۆرە خواردنێکم دەخواردو بیرم لەبەسەرچوونی تەمەن نەدەکردەوە، تا تووشی پاڵەپەستۆی خوێن بووم)). هاوکات پێیوایە کە بۆماوەیی کاریگەری بەسەرەوە هەیە، چونکە زۆربەی ئەندامانی بنەماڵەکەی پاڵەپەستۆی خوێنیان هەیە.

## خواردن

هەمیشە پسپۆڕان، جەخت لە رێکی بەرنامەی خواردن و تەندروستی دەکەنەوە. زۆربەی نەخۆشییەکانی وەک، پاڵەپەستۆی خوێن، شەکرەو زیادبوونی رێژەی چەوری، بەهۆی خواردنی ناتەندروست و زیاد و کەمی رێژەی خواردنەکانە. د.عومەر سورچی، دەڵێ کە چەوری، خوێ و زیادی کێشی لەش سێ هۆکاری کاریگەری بەرزبوونەوەی پاڵەپەستۆی خوێنن. هەروەها هەڵچوونی کتوپڕ بەشێوەیەکی کاتی دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی پاڵەپەستۆی خوێن، بەڵام دەتوانین بڵێین، بارگرژی دەروونی درێژخایەن بەبەردەوامی بۆ بەرزبوونەوەی پاڵەپەستۆی خوێن، هۆکارێکی سەرەکییە. هاوکات خەڵکانێک هەن کە بەبەردەوامی گرژ و پەست و تووڕەن، بەڵام پاڵەپەستۆی خوێنیان ئاساییە. لەیاسای پزیشکیدا، دەبێ پاڵەپەستۆی خوێن، ١٢-٨، کەمتر بێت. ئەگەر ١٤-٩ بوو، پێویستی بەچارەسەرە.

## مەترسییەکان

پاڵەپەستۆی خوێن، یەکێک لەنەخۆشییە کوشندەکانە، زۆرجار کاریگەری لەسەر یەکێک لەئەندامانی جەستە دەکات:

* مەترسی لەسەر شەبەکەی چاو: زۆرجار پاڵەپەستۆی خوێن، دەبێتە هۆی تێکدانی تۆڕی چاو و لەوانەیە کەسی تووشبوو کوێر بکات.

* مێشک: دەبێتە هۆی خوێنبەربوونی دەماغ، سەکتەی مێشک و مردنی لایەکی لەش (شەلەل بوون).

* دڵ: دەبێتە هۆی ئەستووربوونی ماسوولکەی دڵ و گیرانی خوێنبەری دڵ، لەئەنجامدا تووشی جەڵتەی دڵ و پەککەوتنی ماسوولکەکانی دێت.

* گورچیلەکان: دەبێتە هۆی کرژبوون و لەکارکەوتنی گورچیلەکان.

## پلەی ترسناک

ئەگەر پاڵەپەستۆی خوێن، ١١-٨ بەرزتربوو، ئەوا ترسناکە. هەمیشە مەترسی زیاتر لەسەر ئەو کەسانەیە کە پاڵەپەستۆی خوێنیان بەرزدەبێتەوە. لەحاڵەتی دابەزینیدا ئەگەر، هۆکاری وەک خوێنبەربوونی هەبێت، ئەوا ترسناکە، بەڵام ئەگەر بێ هۆکار بوو، ئەوا ترسناک نییە.

## ڕاڕایی

زانایانی بواری دەروونزانی دەڵێن، ٧٠٪ی هەموو نەخۆشییەک، هۆکارەکەی لایەنی دەروونییە. بۆیە خۆپاراستن لە ڕاڕایی، بۆ چارەسەری ئەو حاڵەتە بەباشترین رێگا دەزانرێت. د.عومەر، بەباشی نازانێت کە خەڵک بەردەوام بیر لەو نەخۆشییە بکاتەوە، ڕۆژانە چەندینجار پێوانەی پاڵەپەستۆی خوێن بکات و ڕاڕا بێت، بەڵام پێوانەکردنی پاڵەپەستۆی خوێن یەکجار لەڕۆژێکدا بۆ ئەوانەی ئەو نەخۆشییەیان هەیە بەباش دەزانێت ((ئێستا ئامێری پاڵەپەستۆی شاراوە لەلای دکتۆرەکان هەیە کە جیاوازە لەو ئامێرەی کە لەماڵان هەیەو پێوانەکردن بەو ئامێرە زۆر باشە)). هەروەها دەڵێ باشترین شێوازی پێوانی پاڵەپەستۆی خوێن، لەکاتی خەوتنە.

## بەرەنگاربوونەوە

لایەنە پەیوەندیدارەکان و وەزارەتی تەندروستی وڵاتانی پێشکەوتوو، بۆ بەرەنگاربوونەوەی نەخۆشی پاڵەپەستۆی خوێن، رێنمایی پێویست پێشکەشی هاووڵاتیان دەکەن. بەبۆچوونی پسپۆڕان، وەرزشکردن بەیەکێک لەچارە گرنگەکانی پاڵەپەستۆی خوێن دادەنرێت، بەتایبەت بەپێ ڕۆیشتن و مەلەکردن، بەڵام وەرزشی لەشجوانی و بۆکسێن، زیانیان هەیە. هەروەها خواردنی سەوزەو میوە، بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەو نەخۆشییە گرنگە، چونکە ئەو پۆتاسیۆمەی کەلە سەوزەو میوەدا هەیە، وادەکات پاڵەپەستۆی خوین لەلەشدا کەمبێتەوە. هەروەها دوورکەوتنەوە لەخواردنی چەور، سوێر و سوورکراوە، بەڵام چەوری ماسی و گوێز و باوی، سوودبەخشە.

## چارەسەر

بۆ چارەسەرکردنی پاڵەپەستۆی خوێن، پێویستە سەرەتا راوێژ بەپزیشکی پسپۆڕ بکرێ تا بزانرێ ئایا پاڵەپەستۆی خوێنی، کاتی یان بەردەوامە. چونکە زۆرجار پاڵەپەستۆی خوێن، کاتییەو بەهۆی ترسەوە تووشی بووە. بۆئەوەش پێویستە ماوەی دوومانگ سەردانی پزیشکی پسپۆڕ بکرێ، ئەگەر بەدرێژایی ئەو ماوەیە پاڵپەستۆی خوێنی هەبوو، ئەوا تووشی ئەو نەخۆشییە هاتووە، ئەگەر ئەوحاڵەتە نەبوو دەبێ هۆکارەکەی بزانرێت. چونکە هەندێجار، بەهۆی پاڵەپەستۆی خوێنەوە هەندێ لەئەندامانی لەش وەک، چاو، مێشک، دڵ و گورچیلە، تێکدەچن. هەندێجاریش خواردنەوە کحولییەکان و جگەرەکێشان، دەبێتە هۆی تووشبوون بەپاڵەپەستۆی خوێن. بۆ چارەسەری سەرەتایی، ئەگەر پاڵەپەستۆی خوێن بەرزبوو، ئەوا دەبێ کەسەکە پاڵبکەوێت و قاچی بەرزبکاتەوە، تا خوێن لە ڕانی و قاچی بچێتە دڵی و لەوێشەوە بۆ نێو دەمارەکانی سەری بچێت. هەروەها گێژبوون و سەرسووڕانی کەم ببێتەوە. لەو حاڵەتەدا پێویستە تەماتە یان خەیاری سوێر بخوات. کاتێک خوێ باشە کە لەش پێویستی پێبێت، بەتایبەت لەحاڵەتی سکچوون و رشانەوەدا. لەکاتی بەرزبوونەوەی پاڵپەستۆی خوێندا پێویستە کەسەکە پاڵبکەوێت، تا ماسوولکەکانی لەشی خاو ببێتەوە، هەروەها دڵنەواییکردن و خواردنی میوەو ئاو، لەو کاتەدا پێویستە.

www.netewe.com



# ئاسانترین ڕێگە بۆ دابەزینی کێشی مرۆڤ

لە لێکۆلینەوەیەکی زانکۆی شیکاگۆ دا دەرکەوتووە کە بۆ دابەزینی کێشی لەشی مرۆڤ، خەوتن باشترین ڕێگەیە. زانایانی پزیشکی بواری وەرزش و خۆراک ڕایانگەیاندووە کە خەو لە دابەزاندنی کێشی جەستەی مرۆڤ، کاریگەرییەکی زۆری هەیە، بەڵام ئەو کەسەی کە لەو ڕێگەیەوە کێشی دادەبەزێنێت، دەبێ ئاگاداری شێوازی ژیان، جۆری خۆراک و وادەی خەوتنی بێت. د.لویس ئارۆن، دانەری کتێبی لاوازی دەڵێت، ئەوکەسەی زۆر دەخەوێ، بەدڵنیاییەوە قۆناغ بە قۆناغ کێشی بەرەو دابەزین دەچێت. لە لێکۆڵینەوەیەکدا کە پۆلێک لە لێکۆڵەران لەزانکۆی شیکاگۆ، ئەنجامیان داوە تێیدا هاتووە کە کەمخەوی دەبێتە هۆی دروستبوونی گرفت لە ڕێکبوونی هۆرمۆناتی لەشدا. هەروەها دەبێتە هۆی کەمدەردانی ماددەی لیبتین کە ئەو ماددەیە بۆ هەستکردن بەتێربوون لە خواردن، یارمەتیدەری لەشە. لەگەڵ زیادبوونی ماددەی گریلین کە ماددەیەکە هانی برسێتی دەدات و وادەکات مرۆڤ هەست بەبرسێتی و گەڕان بەدوای خواردندا بکات. تەنانەت ئەگەر کەسەکە برسیش نەبێت وایلێدەکات بەدوای خۆراکی باش و زیاتر دا بگەڕێت، بۆیە خەوتن بەدابەزێنەری کێشی مرۆڤ، دادەنرێت. لەو لێکۆڵینەوەیەدا ئەوەش خراوەتەڕوو کە ٦ کاتژمێر خەوتن لەشەودا باشترین جۆری خەوتنە.

## بۆچی منداڵەکەت درەنگ فێری قسەکردن دەبێت؟

بەردەوام سەیرکردنی تیڤییەکان لەلایەن منداڵانەوە کاریگەری خراپی لەسەر ژیری و زوو قسەکردنیان هەیە.

لە توێژینەوەیەکدا کە لەسەر ئەو منداڵانەی زۆر سەیری تیڤییەکان دەکەن ئەنجامدراوە، دەرکەوتووە کە ئەو منداڵانە ناتوانن بەشێوەیەکی زۆر ئاسایی لەتەمەنی خۆیاندا قسە بکەن. واتا لەبری ئەوەی لەتەمەنی یەک ساڵیدا، فێری قسەکردن ببن، تا تەمەنی ٣ساڵی فێری قسەکردن نابن. هەروەها کاریگەری خراپی لەسەر ئاستی ژیری منداڵان هەیە. ئەم توێژینەوەیە ئەمساڵ لەلایەن چەند پسپۆڕێکی ئەمریکی، لەسەر ١٠٠ منداڵی تەمەن ٦مانگی تا ٤ ساڵ، ئەنجامدراوە کە بێسانسۆر و بەبەردەوامی سەیری تیڤییەکانیان کردووە. توێژینەوەکە ماوەی ٦ مانگی خایاندووە.

ئەوتوێژینەوەیە دەریخستووە کە ئەو منداڵانەی بەڕێژەیەکی زۆر سەیری تیڤییەکان دەکەن زیرەکی مێشکیان بەشێوەیەکی ئاسایی کار ناکات و درەنگیش فێری قسەکردن دەبن. هۆکارەکەشی بۆ بێسانسووری لەسەیرکردنی تیڤییەکان دەگەڕێتەوە، چونکە وایکردووە ئەو منداڵە نەتوانێت بەشێوەیەکی ئاسایی بیربکاتەوەو لەدەرەوەی بیرکردنەوەی خۆی، بیربکاتەوە. ئەوەش بووەتە هۆکاری ئەوەی بەشێوەی سروشتی خۆی، ژیرییان گەشە نەکات و درەنگ فێری قسەکردن ببن. بۆیە ئامۆژگاری دایک و باوکان دەکەن کە ڕێگەنەدەن منداڵەکانیان بەبەردەوامی سەیری تیڤییەکان بکەن. هەروەها بۆ هەڵبژاردنی کەناڵ و بەرنامەی گونجاویش چاودێریان بکەن.

www.netewe.com



**خوێنەری بەڕێز، بۆ وەڵامدانەوەی هەرپرسیارێکی تەندروستی لەسەرجەم بوارەکاندا، دەتوانیت پرسیاری تایبەت بۆ فایلی تەندروستی بنێریت. لەلایەن کۆمەڵێک پزیشکی پسپۆڕەوە وەڵامی شیاوت دەست دەکەوێت.**

# پزیشکی وارڤین

* کەی و چۆن شیر بەدیار دەکەوێت؟
پسپۆڕی نەخۆشییەکانی ژنان د. درەخت ئەرشەد: مەمکی دایک سێ تا چوار ڕۆژ دوای منداڵبوون ژەکی لێدێت و شیری بۆ دەچێت. لەوکاتەدا مەمک، هەڵئاوساو و ڕەقدەبێت، ئەگەر دەستی لێبدرێت دەتوانرێت هەست بەبوونی تۆپی بچووک بکرێت کە تا نزیک ژێرباڵ درێژ دەبێتەوەو ئەو تۆپە بچووکەش هێشووە شیرەکانن. هەروەها لوولەکانی خوێن لە مەمکدا هەڵدەئاوسێن و لەڕێگای پێستەوە خوێنهێنەری شیرباو دەردەکەوێت، بەمەش مەمکەکان زۆر ئازاری دەبێت و دایک هەست بەئازاری دەکات.

* چۆن خۆمان لەهەوکردنی کۆئەندامی میز بەدوور بگرین؟
پسپۆڕی نەخۆشییەکانی هەناو د. یوسف بەهائەدین: بۆ قەدەغەکردنی کۆبوونەوەی میکرۆبەکان لەجۆگەکانی میزدا، دەبێ ڕۆژانە بەلانیکەمەوە یەک لیتر و نیو ئاو بخورێتەوە. هەروەها پاککردنەوەی دەرچەی زێ و کۆم، گرنگە. میزکردنی ڕاستەوخۆ دوای جووتبوونیش گرنگە، تا ئەو میکرۆبانەی کتوپڕ هاتوون، لەگەڵ میزکردندا دەربچن.

* پاش منداڵبوون باشترین ڕێگای دژەسکپڕی چییە؟
پسپۆڕی نەخۆشییەکانی ژنان د.تریفە یوسف: پێویستە لەڕێگەی پزیشکەوە باشترین ڕێگە بۆ ئەو حاڵەتە دیاری بکرێت، چونکە لەولەب نابێ لەدوای بیست تا بیست و پێنج ڕۆژ کەمتر بەکاربهێنرێت، ئەوەش بەو مەرجەی کە لەدایکبوونەکە بێکێشە ڕوویدابێت. بەکارهێنانی حەبەکانی دژە سکپڕی باشترین ڕێگایە، چونکە نۆ مانگی سکپڕیی و ماوەی لەدایکبوون و ئەو گۆڕانکارییە هۆرمۆنییانەی بەسەریدادێت، جەستەی ژن هیلاک دەکات.

**خوێنەرانی بەڕێز بۆ زانیاری زیاتر دەتوانن پەیوەندی بەم ناونیشانەی خوارەوە بکەن:**

**ناونیشانی گۆڤار: هەولێر- شاری خەونەکان**

تەلەفۆن: 0662647813
ئیمێل: SHELAN_YASEN@YAHOO.COM

# ئەو هاوڕێیەی بەهێواشی دەتکوژێت



شیلان یاسین

لەجیهاندا، ساڵانە ٤ ملیۆن کەس دەبنە قوربانی جگەرەکێشان و ژمارەی قوربانییەکانی جگەرە لەقوربانیانی خواردنەوە کحولی و ماددە بێهۆشکەرەکان زیاترە. بەپێی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی، لەوڵاتانی عەرەبیدا ڕێژەی جگەرەکێشان لەنێوان منداڵانی هەرزەکار گەیشتووەتە٢٣٪، بەڵام ئەو ڕێژەیە لەعێراق، بەهۆی ناجێگیری باری سیاسی و ئابووری گەیشتووەتە ٣٠٪. لەتەواوی جیهانیش ڕێژەکە ٩٪ زیادی کردووە. هەروەها٧٠٪ـی ئەوانەی ئاڵوودەی ماددە بێهۆشکەرەکانن بەهۆی جگەرەکێشانەوە تووشبوون. بەپێی ئاماری ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی ١،٨ ملیار کەس لەجیهاندا جگەرە دەکێشێت.

هەولێر

## زیانەکانی جگەرەکێشان

بەبڕوای پسپۆڕان، ماددەی نیکۆتین کە لەجگەرەدا هەیە بۆ ئەو کەسەی دەیکشێت دەبێتە هۆی خێرابوونی لێدانی دڵ و کرژبوونی مولولەکانی خوێن، بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن و زیادبوونی یەکەم ئۆکسیدی کاربۆن، لەلەشدا. زیانەکانی جگەرەکێشان، بەهۆی زیاد و کەمی ڕێژەی جگەرەکێشان لەکەسێکەوە بۆ کەسێکیتر دەگۆڕێت. پسپۆڕی نەخۆشییەکانی هەناو د.یوسف بەهائەدین، لەوبارەیەوە دەڵێت: ((زیانە تەندروستییەکانی جگەرەکێشان، بەپێی ژمارەی جگەرەکان، ماوەی جگەرەکێشان و هەڵمژینی دووکەڵی، جیاوازە. چونکە لەهەر جگەرەیەکدا، نزیکەی ٤٠٠٠ ماددەی کیمیاوی هەیە کە ٤٠٠یان ژەهراوین)).

## نەخۆشییەکان

پسپۆڕان ئاماژە بەو نەخۆشییانەدەکەن کە بەهۆی جگەرەکێشانەوە دووچاری مرۆڤ دەبێت:

- نەخۆشییەکانی کۆئەندامی سووڕان (دڵ و لوولەخوێنییەکان).

نەخۆشییەکانی کۆئەندامی سووڕان، دەبێتە هۆی مردن کە لەئەنجامی جگەرەکێشانەوە دروستدەبێت، چونکە کاتێک کۆلسترۆڵ و چەورییەکانی دیکە لە لوولەخوێنییەکان دەنیشن، دەبێتە هۆی تەسکبوونەوەو ڕەقبوون، یان گیرانی بۆرییەکانی خوێن. کاتێک ڕەقبوونی بۆرییەکانی خوێن (خوێنبەرەکان) دروست دەبێت، خوێنی مەییو بەرهەمدێت، ئەم مەییوە بەهۆی جووڵەی خوێنەوە دەچێتە زۆربەی خوێنبەرەکانی لەشەوە.

- ڕەقبوونی خوێنبەرەکان، لەکەسانی جگەرەکێش زووتر و زیاتر سەرهەڵدەدات.

بەهۆی گیرانی خوێنبەرەکانی مێشکەوە مرۆڤ، تووشی ئیفلیجی و جەڵتەی دەماغ STROKE دەبێت.

- ئەگەر خوێنبەرەکانی گورچیلە بگیرێت، دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن، یان لەکارکەوتنی گورچیلە.
- گیرانی خوێنبەرەکانی قاچ کە لەوانەیە ببێتە هۆی گارگرین.
- بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن، لەلای خۆیەوە یارمەتی جەڵتەی دڵ و جەڵتەی دەماغ دەدات.
- کاریگەری زۆر خراپی لەسەر تووشبووانی نەخۆشی ڕەبۆ هەیە، چونکە جگەرە دژی چارەسەری دەرمانەکانی ڕەبۆ دەوەستێتەوەو حاڵەتی نەخۆشییەکە زیاتر دەکات، یان ئەگەری باشتربوونی کەم دەکاتەوە.

* لوولە خوێنەکانی چاو بۆ دووکەڵی جگەرە، زۆر هەستیارن، لەوانەیە تێکبشکێن و ببێتە هۆی هەوکردن و خورانی چاو و لێڵبوونی بینین.

* جگەرە ڕێژەی تووشبوون بەبرینی گەدەو دوانزەگرێ، زیاد دەکات. زۆربەی ئەو کەسانەی تووشی ئەو هەوکردنە بوون، لەکاتی جگەرە کێشاندا ئازاریان زیاتر دەبێت.

* دەبێتە هۆی لاوازکردنی هەستی تامکردن لەدەمدا، دروستکردنی تامێکی تاڵ بەبەردەوامی و لاوازبوونی هەستی بۆن کردن. بەپێی ئامار و هەواڵە تەندروستییە جیهانییەکان، ڕێژەی مردن و تووشبوون بەنەخۆشی جگەرەکێشان، لەمردنی ئاسایی زیاترە. محەممەد غازی، ٤٢ساڵ، دانیشتووی گەڕەکی تەیراوەی شاری هەلێر، پیشەی مامۆستایە دەڵێت، ماوەی ٩ساڵە بەهۆی جگەرەکێشانەوە تووشی برینی گەدەبوومەو بەردەوام هەست بەژان دەکەم. ئەو مامۆستایە ئاماژە بەقسەی دکتۆر دەکات کەپێیگووتووە بەهۆی جگەرەکێشانەوە تووشبوەو یەکێ لەڕێگاکانی چارەسەرکردنی ((دەبێ واز لە جگەرەکێشان بهێنم، بەڵام ناتوانم، چونکە لە تەمەنی ١٦ساڵییەوە دەیکێشم)). ڕەسوڵ حوسێن، پیاوێکی بەتەمەنی دانیشتووی گەڕەکی کورانی هەولێرە. ئەگەرچی بەوردی نازانێت تەمەنی چەندە، بەڵام دەڵێت سەرووی ٧٠ساڵییم. ئەو بەهۆی جگەرەکێشانەوە تووشی ڕەبۆ بووە»لەوەتەی بەبیرم دێت جگەرە

www.netewe.com

دەکێشم. ئەگەرچی تووشی رەبۆ بووم، بەڵام ناتوانم وازی لێبێنم، بەردەوام تەنگەنەفەسم و جاری وا هەیە هەناسەم توند دەبێت، زۆرجار هەوڵمداوە وازی لێبێنم، خێزانەکەشم دەیانەوێت هاوکاریم بکەن و رێملێبگرن، کەچی ناتوانم، بەڵام ئێستا جگەرەکێشانم کەم کردووەتەوەو لەماوەی ٢رۆژدا ١ پاکەت دەکێشم)).

### جگەرە و شێرپەنجە

پسپۆڕان جەخت لەوەدەکەنەوە کە زۆربەی جۆرەکانی شێرپەنجە وەک، شێرپەنجەی سییەکان، قورگ و دەم، بەهۆی جگەرەکێشانەوەیەو رێژەی تووشبوان بەمجۆرە نەخۆشییانە لە جگەرەکێشێک بەبەراورد لەگەڵ ئەوانەی کە جگەرە ناکێشن، زیاترە. پسپۆڕی نەشتەرگەری گشتی، د. بۆتان عەبدولقادر، روونیدەکاتەوە کە پەیوەندی نێوان جگەرەکێشان و شێرپەنجەی سی، پەیوەندییەکی زۆر بەتینەو ٩٠٪ـی شێرپەنجەی سی بەهۆی جگەرە کێشانەوەیە. ئەو رێژەیە لەو کەسانەی کە جگەرەیان نەکێشاوە ٠،٥ ٪ـە. هەرچەندە ماوەی جگەرەکێشان و ژمارەی جگەرە زیاتر بێت، مەترسی تووشبوون بەشێرپەنجەی سی زیاتر دەبێت. هەروەها هەڵکێشانی دووکەڵی جگەرەو ماوەی جگەرەکێشان، کاریگەرن.

### شێرپەنجەی دەم

پسپۆڕی نەخۆشییەکانی دەم و ددان د. رزگار محەممەد، دەڵێت، جگەرەکێشان رێژەی تووشبوون بەشێرپەنجەی دەم، چوار ئەوەندە زیاتر دەکات. ئەو شێرپەنجەیەش لەسەر لێو یان لەژێر زمان بەدیاردەکەوێت. نەخۆشییەکانی ناو دەم وەک، هەڵئاوسانی پووک، ناخۆشی بۆنی هەناسەو کەوتنی ددانەکان، هەروەها زیادبوونی ترش و برینی نێو دەم، بەهۆی جگەرەکێشانەوە تووشی مرۆڤ دەبێت. هەروەها رایدەگەیەنێت کە بەشێوەیەکی گشتی شێرپەنجە زیاتر کەسانی جگەرەکێش دەگرێتەوە وەک:

*شێرپەنجەی ملی منداڵدان لە ژنان.
*شێرپەنجەی گورچیلە.
*شێرپەنجەی سورێنچک.
*شێرپەنجەی میزڵدان.
*شێرپەنجەی مەمک.
*شێرپەنجەی پەنکریاس.
*نەخۆشییەکانی کۆئەندامی هەناسە، وەک هەوکردنی درێژخایەنی بۆرییەکانی هەناسە، هەڵئاوسانی سییەکان، هەناسە تەنگی، کۆکەو بەڵغەم.

### کاریگەری لەسەر پرۆسەی سێکسی

توێژینەوەکان دەریانخستووە کە پیاوانی جگەرەکێش لەتەمەنی ٣٠ تا٤٥ ساڵی بەبەراورد لەگەڵ ئەو کەسانەی جگەرەناکێشن، بەرێژەی ٥٠٪، توانای کرداری سێکسییان کەم دەبێتەوە، چونکە نیکۆتینی نێو جگەرە دەبێتە هۆی مەیینی خوێن و گیرانی بۆرییەکانی خوێن. یەکێک لەو بۆرییانەش بۆری خوێنبەرەکانی چووکە ( ئەندامی نێرینەی زاوزێ) کە دەبێتە هۆی تەسکبوونەوەو گیرانی ئەو خوێنبەرانەو رۆیشتنی خوێن کەمتر دەکات. ئەو تەسکبوونەوەیە بەتێپەڕبوونی کات زیاد دەکات. بەپێی توێژینەوەیەک کەلە بەریتانیا ئەنجامدراوە دەرکەوتووە کە ١٢٠٠٠٠ پیاو، بەهۆی جگەرەکێشانەوە تووشی پەککەوتنی سێکسی بوون.



### سکپڕی

پزیشکان هۆشداری بە هاووڵاتییان دەدەن کە بۆ پاراستنی تەندروستی خۆیان و نەوەکانیان، جگەرە نەکێشن. پسپۆڕی نەخۆشییەکانی ژنان، د.عەتیە حەمە سەعید، دەڵێ، جگەرەکێشی ژنی سکپڕ، وێڕای زیانەکانی بۆ جەستە، کۆرپەلەش رووبەڕووی نەخۆشی دەکاتەوەو ئەگەری لەبارچوونی کۆرپەلە بەرێژەی ٦٠٪ زیاد دەکات. تێکچوونە ئەندامییەکانی بەرێژەی ٤٠٪ زیاد دەکات. هەروەها زیادبوونی رێژەی تووشبوونی کۆرپەلە بەنەخۆشییەکانی هەناسەو ئەگەری مردنی منداڵەکە دوای لەدایکبوون زیاتر دەبێت و زۆرجاریش دەبێتە هۆی تەواونەبوونی کاتی سکپڕی و لەدایکبوونی پێشوەختە. هەروەها لەئەنجامی جگەرەکێشاندا کێشی منداڵەکە کەمدەبێت و گەشەی سییەکانی، ئاسایی نابێت.

### جگەرەکێشانی ناڕاستەوخۆ

شارەزایان ئەوە روونده‌کەنەوە کە جگەرەکێشی ناڕاستەوخۆش تووشی، زیان دەبێت، واتە ئەو کەسانەی لەگەڵ مرۆڤی جگەرەکێشدا دەژین. د.باران کەمال، پسپۆڕی نەخۆشییەکانی ژنان و منداڵبوون و نەزۆکی، دەڵێ، ئەو کەسانەی کە ئەندامێکی ماڵەکەی یان شوێنی کاری، لەتەنیشتییەوە جگەرە دەکێشێت، وا لەو کەسە دەکات ئەویش تووشی زیانی تەندروستی بێت. چونکە کێشانی شەش جگەرە لە نزیک کەسێکی جگەرەنەکێش، وەک ئەوە وایە کە کەسەکەیش جگەرەیەکی کێشابێت. ئەو دکتۆرە دەڵێت زیانەکانی جگەرەکێشان لەژن بەبەراورد لەگەڵ پیاودا زیاترە، چونکە ژنەکە تووشی شێرپەنجە ملی منداڵدان و کەمبوونەوەی حەزی سێکسی و تێکچوونی پێست و دەم و لێوی دەکات. بەسمە عەزیز، ٥٧ساڵ، دانیشتوی هەولێرەو بەرەگەز عەرەبە. ئاماژە بەوە دەکات کە بەهۆی جگەرەکێشانەوە تووشی شێرپەنجەی ملی منداڵدان بووە ((سێ مانگ بەرلە ئێستا دکتۆر نەشتەرگەری بۆ کردم، بەوهۆیەوە تەندروستیم باشە)).

www.netewe.com

# تێکەڵاوی تکەی گۆشت

## ئامادەکردن

سەرەتا گۆشتەکە لەنێو رۆندا سوور دەکرێتەوە، بیبەری رەش و شیر و دۆشاوی بەسەردا دەکرێت. ئینجا سنگ و باڵ و تەماتەکە دەبژێنرێت، پاشان هەمووی دەخرێتە سەر بەلەمێکی گەورە، بەمشێوەیە خواردنی یەک کەس ئامادە دەبێت.






ئامادەکردنی:

ریستۆرانتی سوڵتان

(وەعدەت کەمال)


## بینجی یەمەك
## (خواردنێکی تورکییە)


## پێداویستییەکان

٥٠گم گۆشتی بەرخ
٥٠گم سنگی مریشک
٥٠گم تەماتەی برژاو
٢٠گم باڵی مریشک
یەک پارچە گۆشت بە هەویر (لحم بالعجين)
برنج+ تەماتە + پیاز+ خەیار+ بیبەر

# ناساندنی ١٠٠ جۆر خواردنی بەسوود

بەڕێزان و خولیایانی گیا دەرمانی، باری بژێویتان هەر جۆرێک بێت، گران نییە گەر هەندێک گۆڕانکاری سادە لەسیستەمی خواردەمەنییەکانتاندا ئەنجام بدەن، کە بۆ باشترکردنی باری تەندروستی خۆتان باشە. ڕەنگە ئێوە زیاتر مەیلتان بەلای خواردنە ئامادەکراوەکانەوە (CAN FOOD) هەبێت و ئەوانەتان پێی باشتر و خێراتر بێت، بەڵام چاک بزانن هەرسکردن و بەکاربردنیان لەلایەن لەشەوە ئاسان نییە. چونکە ماددەی پارێزەر (ADVOCATE MATTERS)ی ناو قوتووەکان، ئاوێتەی کیمیایی ئاڵۆز و زیانبەخشن کە زۆر خواردنیان هۆکاری سەرەکی دروست بوونی شێرپەنجە جۆربەجۆرەکانە (VARIOUS CANCERS). ئێمە هەمیشە وا ڕاهاتووین کە چ شتێک بەتام و خۆشە ئەوەیان باشە! جا ئەگەر پڕیش بێ لە سێ ژەهرە سپی یەکە. (مەبەستم خوێ و شەکر و چەورییە). تا نەخۆش نەکەوین نرخی لەشساغیمان نازانین. خۆپاراستن لە چارەسەر باشترە، ئەمە ئامۆژگاری پزیشکانی بەویژدانە. خوێنەری بەڕێز ئەو کۆمەڵە خواردنەی بۆمان ئامادەکردوون ١٠٠ دانە لەوخواردنانەیە کەوا ئێمە ڕۆژانە دەیانبینین و دەیانخۆین، بەڵام نازانین چییان تێدایەو بۆچی باشن؟ دەکرێ وەک دەرمان بەکاربهێنرێن یا نە؟ بەهیواین لەگەڵ هەر ژمارەیەکی وارڤیندا لەم خشتەیە سوود وەربگرن.

100 COR MÎWEY BE SUD

| ناو: | گرنگترین مادده: | گرنگترین سوود: |
|---|---|---|
| ٢٨ - بەری قەیسی  | ڤیتامین: C، کالیسیۆم $Ca^{++}$، مەگنیسیۆم MG، پۆتاسیۆم $K^{+}$، ئاسن FE، بۆرۆن BO، ترشی فۆلیک (FOLIC ACID)، بیتاکارۆتین. | خواردنێکی نموونەییە بۆ کرداری ڕەوانی لەڕێڕەوی کۆئەندامی هەرس GIT SYSTEM دا، دژە ئۆکسێنێکی بەهێزە ANTI OXIDAN. |
| ٢٩ - تیرە ماسی (ڕەنکە)  | کالسیۆم $Ca^{++}$، مەگنیسیۆم MG، هەروەها سەرچاوەیەکی گرنگی ترشە چەورییە بنەڕەتییەکانە ESSENTIAL AMINO FATS، بەتایبەت (ئۆمیگا سێ). | پاککەرەوەیەکی گرنگی چەوری خوێنە، هەربۆیە دەورێکی زۆر گرنگ دەبینێ لە تەندروستراگرتنی کۆئەندامی سوڕان CARDIO VASCULAR SYSTEM. |
| ٣٠- فاسۆلیا  | ترشی فۆلیک (FOLIC ACID)، کالیسیۆم $Ca^{++}$، مەگنیسیۆم MG، فسفۆر S، پۆتاسیۆم $K^{+}$، پرۆتینی ڕووەکی. | دەوڵەمەندە بەریشاڵی ڕووەکی کە قەبزی لادەبەن، پاککەرەوەی ڕێڕەوی کۆئەندامی هەرسە، دابەزێنەری چەوری ( کۆلیسترۆڵ )ە، چالاککەرەوەی بەکتریا سوودبەخشەکانی کۆڵۆنە. |
| ٣١-چەوەندەر  | ڤیتامین: C، ترشی فۆلیک (Folic Acid)، کالیسیۆم $Ca^{++}$، ئاسن Fe، مەگنیسیۆم Mg، مەنگەنیز Mn، فسفۆر S، پۆتاسیۆم $K^{+}$ | پاککەرەوەی ڕێرەوی کۆئەندامی هەرسە CLEANING GIT. بەردی گورچیلە RENAL STONE و ژەهراوییبوونی جگەر LIVER POISONING لا دەبات. |



سیراجەددین مەحمود


سەرچاوە:

1- Kurdish heritage – SMD; 2006.

2- www.academiainternational.com


www.netewe.com



# تارا جاف

# دەنگێك ناسكتر لە سروە و سەما لەسەر ریتمی قورینگ

کۆڵن



**سیروان رەحیم**

سەرەتا

ئەو هەمیشە ناسکییەکی لەگەڵە لەناسکی پەلکە گیا دەچێ. نەک هەر دەنگی لە سروە ناسکترە، بەڵکو خۆی یان با بڵێم هەموو بوونی وەها ناسکن، نەک کاتێک گۆرانی دەچڕێ، بەڵکو کاتێک دەئاخڤێ یان لەهەمان بنمیچدا دانیشتووە بەچەشنێکی بەرچاو ئارامی بەبەرانبەر دەبەخشێ. ئەو توخمێکە بۆ خاوبوونەوەی هەڵچوون و گرژبوون خولقاوە. هەوێنی هێمنییە، نەک هەر بەچەنگەکەی، بەڵکو بەدەنگی و بەئامادەبوونیشی.

تارا جاف، ساڵی ١٩٥٨ لەشاری بەغدا لەدایکێکی ترک و باوکێکی کورد لەدایک دەبێت. باوکی تارا، جەلالی حامی بەگی جاف، ئەو کاتە لەئانکارا کار دەکات. لەسەیرانێکدا خاتوو تورکان ئۆکان دەناسێت، ئەو ناسینە پاش مانگێک دەگات بەوەی زەماوەندی لەگەڵ بکات و پێکەوە خێزان دروست بکەن. ئەوان دوو کچ و دوو کوڕیان دەبێت. تارا سێهەمی منداڵەکانیانە.

بێ ناڵە نییە سانیەیەک تاری روبابم!

گۆران

## یەکەمین دیداری موزیک

ئەوکاتەی بۆ یەکەمجار باوکی تارا، مامۆستایەکی پیانۆ بۆ شیرینی کچی جۆر دەکات تا لەماڵی وانـەی موزیکی پێبڵێت، ئەم تەمەنی شەش ساڵان دەبێت. ئەوە یەکەمین دیدەنی تارایە لەگەڵ موزیک، یەکەمین ژووانەو هەرگیز لەبیری ناکات. شانبەشانی شیرینی خوشکی، تارایش فێری پیانۆژەنین دەبێت. تـارا، بۆ ماوەی دوو ساڵ فێر پیانۆژەنین دەبێت، پاش ئەوەی دەستبەرداری پیانۆ دەبێت، خۆی فێری گیتار دەکات. گیتار دەژەنێت و ئیتر بەردەوام دەبێت، بەردەوامبوونێک کە ئەمڕۆ دەبێت بەدەنگێکی ئاسمانی و لەساماڵی دڵی حەزکەرانیدا هەمیشە لە فریندایە. تارا، ناچار دەبێت ساڵی ١٩٧٦ عێراق بەجێ بهێڵێت و بەرەو لەندەن دەرچێت. ئەمە چیرۆکی نەوایەکی سەرهەڵگرتووە، ئەو کە لە بەغدا قۆناغی ئامادەیی تەواو کردووە، لەشاری لەندەن دەروونزانی دەخوێنێت و تەواوی دەکات. لە لەندەن بەردەوام دەبێت لەگیتارژەنین، گۆرانی ئینگلیزی دەچڕێت و لەگەڵ مۆزیکڤانانی وڵاتەکە کار دەکات.

## چەنگ

بۆ یەکەمجار کاتێک تـارا، چەنگ ((هارپ)) دەبینێت، منداڵەو لەسەردانێکی مۆزەخانەی بەغدا لەگەڵ خێزانەکەیان چەنگی سۆمەری دەبینێت. چرکەیەک هەیە لەژیاندا مرۆڤ تێیدا عاشق دەبێت. ئیتر عاشقی کارێک، هونەرێک یان مرۆڤێک، بۆ تارا، ئەو چرکەیە لەو مۆزەخانەیەدا دێتە ئاراوە، ئەو لەو ساتەدا فریشتەی موزیک ئاوێتەی گیانی دەبێت و دەیکات بەعاشقی چەنگ. دوو هۆ هەن وادەکـەن تـارا، عاشقی چەنگ بێت:

یەکەم: دیداری ئەو چەنگە لەمۆزەخانەی بەغدا.

دووهەم. هەبوونی قەوانی چایکۆفسکی.

ئەم دوو شتە پێکەوە تارا، دەکەن بە سەوداسەری موزیک.

کاتێک ماڵیان لـە بـەغدا دەبێت، قەوانی چایکۆفسکییان دەبێت، قەوانی بالێتی ((قورینگ زێ)). هەبوونی ئەو قەوانە لەماڵ زەمینەیەکی ئەفسوناوی بۆ تارا، دەرەخسێنێت. لەو موزیکی بالێتەدا چەنگ هەیە. بەتایبەتی لەبەشێکیدا چـەنـگ ئامێرێکی چـالاک و دیـارە. تارا دەڵێ: ((ئەوەندە لێدانی ئەو قەوانەم دووبارە کـردبـۆوە، هەرگیز بـاوەڕ ناکرێت چەندجارم گوێ لێ گرتووە. کاتێک هەمووان دەخەوتن من قەوانەکەم دەخستەسەر و لەگەڵ موزیکدا دەستم بەسەما دەکـرد. لەخەیاڵگەی خۆمدا دەبووم بەقورینگ و چاوەڕوانی فریادرەسێک بووم. باشم لەبیرە کاتێک بەردەوام بەدەم موزیکی قورینگی زێوە سەمام دەکردو خۆم وەکو قورینگ دەهاتە بەرچاو)).

ئەو دوو رەوشە، بینینی چەنگ لەمۆزەخانەی بەغداو قەوانی قورینگی زێ، تـارا، دەکەن بەئەڤینداری بەردەوامی موزیک. تارا، خۆی کە کچی و مەنگییەکی بەفرئاسا ژیانی لەئامێزی گرتووە، دواتر چەنگ دەکاتە ئامێز و هاوکاتیش بەدەنگێک، نەوایەک، ناسکتر لە سروە سترانی پرێەڤین دەچڕێت.

تارا، دەڵێ: ((کاتێک لەخەیاڵی خۆمدا تەماشای چەنگە سۆمەرییەکەم دەکردەوە، حاڵی دەبووم دیرۆکێکی چەند کۆنی هەس. کاتێکیش بەراوردم دەکـرد بەچەنگی نـاو قـەوانـەکـە، کە ئێستا زیندووەو چاوگی ئەو دەنگە پڕ ئەفسوونەیە، هەستێکی هەژێنەرم بۆ ئەو دەنگە پڕ سۆزەی موزیک لەلا دروست دەبوو. بەردەوام دەمپرسی، دەبێ چەنگم هەبێت و فێری ژەنینی بم؟. لە لەندەن لەگەڵ هاوڕێ ئایرلەندییەکانم دەچوومە بـاڕی ئایرلەندییەکان، ئـەوان لەو جێگەگەلە هەمیشە موزیکی زیـنـدوویـان هەیە. رۆژێک تەماشام کرد ژنێکی ئایرلەندی چەنگی ئایرلەندی دەژەنـێ. چـووم قسەم لەگەڵ ئەو ژنە کرد،

www.netewe.com

دەستم بەئامێرەکەدا هێنا. بۆم دەرکەوت ئەمە هەر خەیاڵ نییە، من دەتوانم چەنگم هەبێت و فێری ژەنینی ببم. دەتوانم ئەو کارە بکەم. پاشان کەوتمە گوهداری موزیکی بریتۆن، وێڵش، ئایرلەندی، چونکە هەموو موزیکەکانی ئەوان ئامێری چەنگی تێدایە)).

تارا، وەها درێژە بەقسەکانی دەدات: (( پاش لێکۆڵینەوە و سۆراخی زۆرم، بۆم دەرکەوت گرینگترین چەنگ لەمێژوودا، چەنگی ئێرانییە، بەڵام ئەمە لەسەدەی حەڤدەوە نەماوە. گەلێک لە شاعیرانی سەردەمی خۆی، چ فارس چ کورد باسیان لەو ئامێرە کردووە. دەمگوت: بزانە ئەو ئامێرە چۆن سەریهەڵداوەو چۆن لە گەڕاندا بووە. لە سۆمەرەوە بەرەو ئێران، پاشان بەرەو ئەورووپا بەگشتی)).

تارا، فێری ژەنینی ئەو ئامێرە بوو. ئەو چەنگەی ئێستایش دەیژەنێ چەنگێکە ئایرلەندی. ((حەڤدە ساڵە سەرقاڵی ژەنینی ئەم ئامێرەم. ئیتر بووە بەهاوڕێم، بەهیچ جۆرێک لێکدانابڕێین. بووین بە یەک، ئەو ئامێرە ئیتر بەشێکە لە من. بێ ئەو ناتوانم هیچ بکەم. بەردەوام ئەم ئامێرە ها لە تەکمدا. هەمیشە پێکەوە بینەری جۆراوجۆر دەبینین)). تارا بەسیمای پڕ ئەڤینەوە سەبارەت بە چەنگەکەی وەها دەدەوێت.

## یەکتر ناسینمان :

ویستم لەم نووسینەدا شتێک سەبارەت بەمێژووی تارا بنووسم، بەڵام نەیهێشت. بە هێمنی گووتی، پێویست ناکات، ژیان بۆ من ئێستایە، نەک رابردوو. ئێستا گرنگە. با نەگەڕێینە دواوە.

ئێمە کە پرۆژەیەکی هاوبەشمان هەیە، تارا هەشت شیعری من دەکات بە گۆرانی، بڕیارە لەچەند شوێنێک بیکەین بەئێوارە کۆڕ و پاشان وەکو بەرهەمێکی هاوبەش بڵاوبیێتەوە، جاری یەکەم لەکۆتایی نەوەدەکاندا لە بروکسل- بەلجیکا یەکترمان بینی. شوێن میدیاتێڤی و بۆ کاری هونەری بوو. پاشان ساڵی ٢٠٠١ لە ڤێستیڤاڵی فیلمی کوردی لە لەندەن. دواتریش لە هەمان فێستیڤاڵی فیلمی کوردی لە لەندەن، ساڵی ٢٠٠٤ تارام بینی چۆن پاش ژەنینی ٧٢ خولەک بەردەوام چەنگ هاوشانی فیلمێکی بێدەنگ پەنجەکانی لە سەما ناکەون. تارا، لەو فێستیڤاڵەدا بەشێوەیەکی زیندوو چەنگی دەژەند، لەگۆشەیەکەوە چاوی لە فیلمەکە دەکرد و بەردەوام لەسەر کەشی دیمەنەکان بەچەنگەکەی بەشدار بوو. کاتێک فیلمەکە تەواو بوو، تارا، چاوی سوورهەڵگەڕا بوو، چونکە زۆر نزیک لە پەردەی سینەماکە دانیشتبوو، ناچاریش بوو بەردەوام دیمەنەکان ببینێت. ئەو فیلمە ناوی ((زارێ))یە، ساڵی ١٩٢٦ لەئەرمەنستان بەرهەم هێندراوە. باس لەچیرۆکی خۆشەویستی کچ و کوڕە کوردێک دەکات،»زارێ و سەیدۆ«. رەنگبێ یەکەم فیلم بێت سەبارەت بە کورد.

لەزۆر کۆنفرانس، فێستیڤاڵ و چالاکیدا تارا، چالاکانە ئامادەیە. چ ئامادەبوونێکی جوان و لەبار بوو کاتێک لە کۆنفرانسی کەرکوک لە مانگی یەکی ٢٠٠٧دا، لە لەندەن، تارا، بەچەنگەکەی ئاوازەکانی عەلی مەردانی، دەژەند و ئامادەبووانی دەبردەوە بۆ کۆڵان و شەقامەکانی کەرکووک.

دەربارەی ئازادی ژن، تارا، پێیوایە مرۆڤ دەبێت ئازاد بێت، ئیتر چ ژن چ پیاو. ئازادی بە مێشک، لە مێشکی خۆیدا و لەبیرکردنەوەی خۆیدا. کاتێک ئێمە بەو ئازادییە گەیشتین، دەتوانین کۆمەڵگای ئازادمان هەبێت. زۆر بە کورتی لەسەر ئازادی قسە دەکەم. مەبەستم ئازادبوون لە مێشکدا، بیرکردنەوە و رەفتاری دور لە رق و ئازاردانی ئەوانی ترە.

## حاڵەتی روحی

موزیک دروستکەری حاڵەتێکی روحی ئارامە. بێدەنگبوونی مێشک، حاڵەتی روحی دەگەیەنێت لای ئەم. پیاسەیەک لەناو سروشدا بەو حاڵەتەمان دەگەیەنێت. ئەو دەڵێت، مەبەست لەحاڵەتی روحی لای ئەم شتێکە جودا، تارا، لەروانگەیەکی دینییەوە تەماشای ئەم بابەتە ناکات. بەڵکو مەبەست هارمۆنی و جۆرە جێگیربوون و کپییەکە لەناوخۆی مرۆڤدا. جیاوازییەکیش هەیە لەنێوان موزیک ژەنین و هونەرەکانی دی، موزیک پێویستی بە زمان نییە. موزیک تاکە هونەرێکە دەتوانێ لەئاستەنگی زمان بەسانایی بپەڕێتەوە. مێشک، زمان، وشە، واتە خۆپەرستی ((ئیگۆ)) دەخاتە لاوە. کاتێک مرۆڤ بە روح گوهداری موزیک دەکات دەچێتە جۆرە خەڵوەتێکی تایبەتەوە. دەچێتە رووبەری بێدەنگەوە. دەچێتە ئاستێک مێشک دەتوانێ وشەو دەسەڵاتی ئاخافتن تێپەڕێنێت. واتە بیرکردنەوە لەخۆ و خۆپەرستی دەگوزەرێنێت. موزیک تاکە هونەرە دەتوانێ ئەو رەوشە ساز بکات بۆ مرۆڤ و وا بکات مرۆڤ بچێتە ئەو رەوشەوە.

دەروێشان بۆ موزیک بەکاردەهێنن؟ بۆ ئەوەی بگەن بەحاڵەتی خۆلەبیر کردن، خۆپەرستی وەلانێن. بەدرێژایی زیکر دەروێشەکان یەک وشە بەکاردەهێنن. بەڵام بەو حاڵەتە روحییە ئارامییەکی وەها بەدەستدەخەن کە بە وشەو بە زمان ناتواندرێ بەدەستبخرێت. ئارامی هەموو بوون دادەگرێت. کێشە ئەوەیە، کە لە زێدی ئێمە تەنها تەکیەو خانەقا هەن بۆ دەستەبەرکردنی ئەم رەوشە روحییە. کۆمەڵی ئێمە زانیاری سەبارەت بەو شتانە نییە، یان زۆر کەمە، گوێگرتن لە موزیکی خۆڕوو، موزیکی بێ وشە وادەکات بیر لەخۆپەرستی نەکەینەوە. موزیک وادەکات بیر لەشتە پووچ و بێواتاکان نەکەینەوە، موزیک هۆکارە بۆ ئەوەی حەزە هەرزانەکان لەخۆمان داماڵین. موزیک نەخۆشەکان، لێوبەبارەکان و مرۆڤە غەمگین و بێدڵەکان دەلاوێنێتەوە.

تارا دەڵێت: ((تۆ تەماشا بکە، شمشاڵەکەی قالەمەڕە چ ئارامییەک دەبەخشێ! بێ ئەوەی وشەی لەگەڵ بێت، چۆن دەتوانێ روحمان بدوێنێ و بمانخاتە ئەو رەوشەوە کە باسمان کرد.

## ئەی دەنگی ئاسمانی تا ئێستا تۆ لە کوێ بوویت؟**

ئەمە دەنگی سترانبێژێکە دەستری یان ((بولبولەکەی فەسڵی خەزانە***))و ((دڵی دێوانەی)) دەناڵێنێ؟

زۆرن ئەوانەی نابێ گۆرانی بڵێن و کەچی دەیڵێن. هەیشن وەکو تۆ دەبێ گۆرانی بڵێن و درەنگ دەست پێدەکەن. تۆ دەبێ گۆرانی بڵێیت، تۆ کە خاوەنی دڵی دێوانەو ئەو دەنگە بەسۆزەی، دەبێ گۆرانی بڵێیت و دەروونمان پڕ بکەیت لەشنەی خۆشەویستی.

دەنگی تۆ ئاوێتەیەکە لەسۆزی لایەلایە، سروەی سەرمەدی سروشت و خۆزگەگەلی ئەڤینداران. ئەی دەنگی بێ گرێ و گۆڵی ئاسمانی، تائێستا لەکوێ بوویت؟ تائێستا ((دڵەی دێوانەی)) تۆ چلۆن بێ چریکەی دڵگیر سرەوتی گرتبوو؟ لەکوێ بوویت؟ دەنگت لەئامێزی چ گوڵێکی کێویدا ئارامی گرتبوو؟ چ کانیەک دەستبەرداری سروەی دەنگت نەدەبوو؟ چ دارستانێک دەیەویست هاودەمی هەمیشەیی دەنگت بێ؟

تارا، ماڵت ئاوا چرایەکی ترت لەماڵی سترانی کوردیدا پێخست. ماڵت ئاوا بۆ ئەو چرا گەشەی دەنگت کە دڵ و دەروون گەش دەکاتەوە.

تارا، با دەنگت بێ، ستران بێژە، دەنگی تۆ: گوڵزاری ستران پڕ بۆنتر و ئامێزی ئاوازان رەنگینتر دەکات.


*چایکۆفسکی (١٨٤٠-١٨٩٣)دانەری موزیکی رووس. یەکێک لە بالێتە بەنێوبانگ و پڕ واتاکانی چایکۆفسکی ناوی قورینگی زێیە (SWANLAKE)

** ئەم چەند وشەیەم لەکاتێکدا نووسیوە کە تارا گۆرانی ((دڵی دیوانەم))ی بڵاوکردەوە.

*** نیوەبەیتێکی مەحوی-یە.

www.netewe.com

# ئەتەکێتی میوانداری



کنێر عەبدوڵڵا

ڕێساکانی ئەتەکێتی تایبەت بەمیوانداری جۆربەجۆرن، بەڵام ئەگەر هاتوو بۆ نانی نیوەڕۆ یان ئێوارە بۆ ئاهەنگێک بانگهێشتکرایت. بۆ ئەوەی بەڕێکترین شێواز ماوەی میوانداریيەکە تەواوبکەیت. پێویستە ڕەچاوی ڕێساکانی ئەتەکێتی میوانداری بکەیت.

ڕێساکان:

١ .ئەگەر حەساسیيەتت هەبوو بەجۆرێکی دیاریکراو لەخواردن یان نەخۆشی هەستیاری ( (حساسییە ))ت هەبوو، پێویستە بەرلە چوون و ئامادەبوونت ئاگاداری خاوەن بانگهێشتەکە بکەیت و داواکارییەکانت بۆ جۆری خواردنەکە لەسنووری گونجاودا بەخاوەن بانگهێشت بڵێیت.

٢ .ئەگەر قبووڵی بانگهێشتەکەت کرد، سەبارەت بەجۆری بانگهێشت بۆ پۆشینی جلووبەرگی گوونجاو رارا مەبە. بەڵام ئەگەر هاتوو ئاهەنگی شت برژاندن بوو، پێویست بەپرسیارکردن و خۆئامادەکردنی جیاواز ناکات. ڕێسای گشتی بەردەوام بۆ جۆری ئاهەنگ، ئەوەیە کە لەکاتی هەڵبژاردنی جلووبەرگدا، کاتەکەی شەو بێ یان ڕۆژ لەخەیاڵتدا دایبنێی. ئەگەر شەپقەت لەسەربوو، لەکاتی دانیشتنت لەسەر مێزی نانخواردن شەپقەکە دابنێ.

٣ . لەهەندێ شوێن، دەستهەڵگرتن لە نانخواردن بۆ وەڵامدانەوەی تەلەفۆن، شیاو نییە. بەڵام لەهەندێ شوێن ئاساییە. بۆیە پێویستە لەوکاتەدا پێشتر هەوڵی زانینی دابوونەریتی خاوەن خوانت کردبێت. لەکاتی نانخواردندا پەلە مەکە، هەوڵی مژین یان ساردکردنەوەی خواردنە گەرمەکە مەدەو فوی لێ مەکە. لەکاتێکدا کە خواردن لەدەمتدابوو، قسە مەکە، لەکاتی نانخواردندا لووتت مەسڕە، ئەگەر حاڵەتێکی پەلەت هەبوو، داوای یارمەتی و دوورکەوتنەوە لەخوانەکە بکە.

٤ . ئەو کەس و لایەنەی کە بۆ نانخواردن، بانگهێشتت دەکەن، نیشانەی بایەخدانیانە بە تۆ، دەکرێت تۆش بایەخیان پێبدەیت، بەئاڕاستەکردنی سوپاس و پێزانین. ئەوەش لەڕێگای ناردنی کارتی سوپاس یان پۆستی ئەلەکترۆنی یاخود قسەکردنێکی تەلەفۆنی. چۆن بۆت گونجا.

٥ . ئەگەر هاتوو کەسەکەت ناسی دیارییەکی گونجاوی بۆ هەڵبژێرە کە بتوانێت لێی سوودمەند بێت. مەرج نییە دیارییەکە لەڕووی نرخەوە گران بێت. بەڵام ئەگەر ئەو کەسەت نەناسی، کڕینی چەپکێ گوڵ بەسەو باشترە دیارییەکە ڕاستەوخۆ، لەگەڵ سپاسدا پێشکەش بەخاوەن بانگهێشتەکە بکەیت.

٦ . لەکاتی بانگهێشتکردندا بۆ شوێنێک، کەسێک لەگەڵ خۆتدا مەبە کە بانگهێشتنەکرا بێت. بێگومان ئەوە بەسەر منداڵیشدا جێبەجێ دەکرێت.

٧ .دەست مەکە بەخواردن و خواردنەوەی هەر شتێک گەر ئامازەت لەخاوەن بانگهێشتەکەوە وەرنەگرتبێت، کاتێک خاوەن بانگهێشت چنگاڵی بەدەستەوە گرت، تۆش دەست پێدەکەی.

٨ .پێویستە کاتی گونجاو بۆ بەجێهێشتنتی داوەتەکە هەڵبژێریت. ئەگەر بۆ نانخواردنی نیوەڕۆ یان ئێوارە بانگیهشتکرابووی، کاتی بەجێهێشتنت لەو شوێنەدا هێمای خاوەن بانگهێشتەکە دیاری دەکات. بەهیچ شێوەیەک داوای بردنەوەی خواردنی پاشماوەکە نەکەیت.

٩ .لەگەڵ دانیشتنت لەسەر مێزەکە، ئەو دەستەسڕەی کەلە سەر مێزەکە دانراوە، بیخە سەر هەردوو ڕانت، بۆ ئەوەی جلووبەرگت بپارێزێ لە ڕژانی شۆربا یان هەر شلەمەنییەکی دیکە.

١٠. پاش تەواوکردنی خواردنەکە پێویستە پشوو بدەیت. لەکاتی دانیشتندا هەوڵ مەدە، ئانیشکت لەسەر مێزەکە دابنێی. بەڵکو ڕێک لەگەڵ جەستەت ڕایگرە.

Kner_abdullah@yahoo.com

# خۆشترین ڕۆژم گەیشتن بەهەڵکەوت زاهیر بوو

**پرۆفایل**

ناو: ناسلی

ساڵ و شوێنی لەدایکبوون: هەولێر ساڵی ١٩٨٩

شوێنی نیشتەجێبوون: سوید

کارکردن: کاری میوزیک و گۆرانی لەگەڵ هونەرمەند هەڵکەوت زاهیر.

باری خێزانی: سەڵت



وارڤین: ئارەزووت دەکرد لەکام گۆرانیبێژ بچیت؟

ناسلی: ناسلی.

وارڤین:چ شتێک تورەت دەکات؟

ناسلی: پابەندنەبوون بەکات.

وارڤین: خەونی داهاتووت چییە؟

ناسلی: بەردەوامبوون لەکاری هونەری وسەرکەوتنم لەگەڵ هەڵکەوت زاهیردا.

وارڤین: جوانکاریت کردووە؟

ناسلی: نە.

وارڤین: ئەستێرەی بەختت چییە؟

ناسلی: دووانە.

وارڤین: خۆشەویستیت کردووە؟

ناسلی: دنیا بێخۆشەویستی نابێت.

وارڤین: حەزت لە چ جۆرە کوڕێکە؟

ناسلی: کوڕێک کە ئەو تایبەتمەندییانەی کە من دەمەوێت، تێیدا هەبیت.

وارڤین:گەر کوڕێک پێتبڵێ جوانی، تۆ چی پێدەڵێیت؟

ناسلی: سوپاسی دەکەم.

وارڤین: خۆشترین ڕۆژی تۆ کەی بوو؟

ناسلی: گەیشتن بە هەڵکەوت زاهیر.

وارڤین: بەجلووبەرگی کام وڵات سەرسامی؟

ناسلی: هەموو جلێکی جوان.

وارڤین: تاچەند حەزت لە جلی کوردییە؟

ناسلی: بێگومان زۆر.

www.netewe.com

# شانۆی کوردی و بوێری ژنا

ڕەنگە لەلای زۆربەی خوێنەران شاراوە نەبێت، مێژووی شانۆی کوردی مێژوویەکی دووورودرێــژ نییە. سەرەتاکانی دەرکەوتنی ئەم هونەرە لەکۆمەڵگای کوردستاندا هێشتا سەدەیەکی تێنەپەڕاندووە، وەلێ لەگەڵ ئەوەشدا ڕەهەندگەلێکی جۆراوجۆری بۆ باس و تاوتوێکردن خستووەتە ئـاراوە. یەکێک لەو ڕەهەندانە پرسی ژنە. لەڕاستیدا پرسی ژن، لە شانۆی ئێمەدا لەدوو لایەندا خۆی بەرجەستە کردووە: یەکەم، بەشداری ژنانی هونەرمەند لە ڕەوتی بزاڤی شانۆ، لەسایەی هەلومەرجێکی ژیاریی دواکەوتوودا.

دووهەم: نمایشکردنی ڕەوشی ژیانی ئافرەتە لەئاستی هەموو ڕکێفەکانی کۆمەڵگایەکی تەواو پیاوسالاریدا. بۆ هەردوو بواریش ژنی کورد بوون و کارایی خۆی سەلماندووە. ڕاستە لەسەرەتادا پیاوان ڕۆڵی ژنانیان لەسەر شانۆ بەرجەستە کردووە، بەڵام زیاتر لەنیو سەدەیە ژنی کورد بە سەر تەختەی شانۆ کەوتووەو بوێرانەو بەگیانێکی پڕ لەهیواو داهێنانەوە هەنگاوی ناوە. لەساڵی ١٩٣٠ـەوە کچانی سلێمانی لەقوتابخانەی زەهرا سەرئامەد بـوون و دوو شانۆگەرییان بەناوی((دایک و مـرۆڤ چی بچێنێت ئەوە ئەدوورێتەوە)) پێشکەشکردووە کە تەواوی کارەکتەرەکانی لەلایەن کچانەوە پێشکەشکراوە. پاشان هەر لەم شـارەدا توانستی هونەریی و ئەکادیمی ژنانی هونەرمەندی شانۆکار جارێکیتر لەرێگای چەردەیەک لەناوە درەوشاوەکانی وەک (گوڵزار عومەر، نەرمین ناکام، بەدیعە دارتاش، عەتیە محەمەد ئەمین، گەزیزە عومەر، نیگار حەسیب، فرمێسک مستەفا، خەرمان هیرانی، ژیان ئیبراهیم، میدیا ڕەئووف و شادان فوئادو...هەتد) سەلمێندراوە. تەنانەت ناویان نراوەتە سەر تیپەو هۆڵی شانۆیی وەک (هۆڵی بەدیعە دارتاش) و (تیپی شانۆی هاوڕێیانی گەزیزە)، ئەوە سەرەڕای توناکانی هەموو ئەو خانمە شانۆکارانی دیکەی شارەکانی کوردستان.

ژنی کورد، پرسە تایبەتییەکانی لەکارەکانیدا خۆی فەرامۆش نەکردووە. ئەوەتا لەگەڵ ئەو بەشدارییە جومگەیی وبنچینەییەدا کە لەنێو پەیامی شانۆی کوردیدا لەپێش ڕاپەڕین نواندوویەتی، لەرووبەڕووبوونەوەی سەختی شانۆی کوردی لەگەڵ سیاسەتی قڕکردنی گەلی کورد و سڕینەوەی ناسنامە نەتەوەییەکەی، بەدەیان ڕۆڵ و بەرهەمی ناوازەی سەبارەت بەپرسگەلی ژنان لەدوای ڕاپەڕین ئامادە و پێشکەش کردووە. بێگومان ئەم پرۆسێسە نەک بەتەنیا سەروەرییە بۆ ژنی کورد، بەڵکو بەسەرکەوتنێکی بابەتیانەش لەرەوشی شانۆی کوردیدا دادەنرێت. کارێکی ئاسان نییە لە هەلومەرجێکی کۆمەڵایەتی سەخت و ساتەوەختێکی مێژوویی پڕ لە ئاریشەو دژواردا ئەم ئامادەییە هەبێت، ئەگەر بوێرییەکی گەورەو ئیرادەیەکی مەزنتری لەدوواوە نەبێت. هەر ئەم بوێرییەشە زەمینەی بۆ ژنی کورد ڕەخساندووە کەلە ژیانی ڕووناکبیری کۆمەڵگاکەیدا، تەریب و بێنەوا نەبێت و دەنگ و ڕەنگی خۆی لەنێو بینراوە شانۆییەکەی کوردستاندا بەدیار بخات.




ئەرسەلان دەروێش

## ناسلی

وارڤین: حەز بەدەنگی کام گۆرانیبێژ دەکەیت؟
ناسلی: میرا.
وارڤین: تاچەند حەز بەمکیاژ دەکەیت؟
ناسلی: زۆر نا.
وارڤین: حەز بە چ سەیارەیەک دەکەیت؟
ناسلی: مارسیدس.
وارڤین: حەز بە چ وەرزێک دەکەیت؟
ناسلی: زستان.
وارڤین: کام ڕەنگت لا جوانە؟
ناسلی: سپی.
وارڤین :حەز لە چ خواردنێک دەکەیت؟
ناسلی: دۆڵمە و مەقلوبە.
وارڤین: گەر گۆرانیبێژ نەبواییت حەزت دەکرد ببیتە چی؟
ناسلی: نمایشکردنی جلووبەرگی مۆدە.
وارڤین: حەز لەچ ژمارەیەک دەکەیت؟
ناسلی: ٨
وارڤین: لەگەڵ وەرزشکردن چۆنیت؟
ناسلی: باشم.
وارڤین: بەڕای تۆ جوانی لەسەرکەوتنی هونەرمەند دا کاریگەرە؟
ناسلی: مەرج نییە.

www.netewe.com

# له درامای (کەرکووک٤)ـدا 30 ژن بەشدارە بە 150 ئەڵقە پەخش دەکرێت



کەرکووک

درامای (کەرکووک ٤) لەدەرهێنانی هونەرمەند ناسر حەسەنەو باس لەپێکەوە ژیانی خەڵکی شاری کەرکووک، بەهەر چوار نەتەوە، کورد، تورکمان، مەسیحی، عەرەب و ئاشووری، دەکات. هاوکات ئەو درامایە، نەهامەتییەکانی ژیانی خەڵک، لەسەردەمی رژێمی بەعس، دەخاتەڕوو.

ئەو درامایە لە ٤بەش پێکهاتووەو لەرووداوەکانی ١٧ـی تەموزی ساڵی ١٩٧٩دەست پێدەکات. باس لەو گۆڕانکارییانە دەکات کە بەهۆی هاتنە سەرحوکمی سەدام حسێن، بەسەر ژیانی خەڵکی کەرکووکدا، هاتووە. بەپێی لێدوانی دەرهێنەری درامای کەرکووک ٤، ناسر حەسەن بۆ وارڤین، «دراماکە چواربەش لەخۆدەگرێ و بە (١٢٠تا ١٥٠) ئەڵقە پەخشدەکرێ و هەربەشێکی نزیکەی ٣٠ بۆ٣٤ ئەڵقەدەبێت». بەشی یەکەمی دراماکە باس لەمێژووی شاری کەرکووک، لەقۆناغەکانی ساڵانی (١٩٧٩_١٩٨٤) دەکات.((ئەو بەشە زیاتر باس لەجەنگی عێراق و ئێران دەکات)). قۆناغی دووەم، ژیانی خەڵکی کەرکووک، لە١٩٨٨ تا راپەڕینی ١٩٩١دەخاتەڕوو کە تێیدا باس لە شاڵاوەکانی ئەنفال و جەنگی کەنداو دەکات. قۆناغی سێهەم، دەستپێکی قۆناغی دوای راپەرینی بەهاری کوردستان، لەمیانەی ساڵانی (١٩٩١_٢٠٠٣) دەگێڕێتەوە کە زیاتر باس لە ئابڵوقە ئابوورییەکەی عێراق بەتایبەت کەرکووک دەکات کە چۆن لەلایەن رژێمی بەعسەوە پشتگوێخراوە. بەشی چوارەمی دراماکە زۆر لە واقیعی ئەمڕۆی کوردستان نزیکە، بەڵام ئەو بەشە هێشتا تەواو نەبووە.

## ئەکتەرەکان کەرکووکین

هونەرمەند ناسر حەسەن دەڵێت، زۆربەی ئەکتەرانی بەشداربوو لەدرامای کەرکووک٤، خەڵکی شارەکەن، بەگشتی ١٨٠ ئەکتەر تێیدا بەشدارەو تەنیا ٤یان خەڵکی شاری سلێمانین و ئەوانیش ((هەریەک لەهونەرمەندان، جیهاد دڵپاک، نەرمین کاوانی، ئازاد جەلال و عەتیە محەممەد)) ـە. سەبارەت بەپشتگیری ئەو درامایە، ناسر حەسەن، گوتی: ((بەڕێوەبەرایەتی بەشی سینەما لە وەزارەتی رۆشنبیری، پشتگیریمان دەکات. دەبووایە بەشی درامای نەورۆزتیڤی کاری ئەو درامایەی جێبەجێ بکردایە، بەڵام نەیتوانی، بۆیە وەزارەتی رۆشنبیری بڕیاریدا بۆ ماوەیەکی کاتی، کاری دراماکە بێنێتە بەشی سینەما)). لەبارەی پەخشی دراماکەشەوە دەڵێ، تائێستا دیار نییە لەچ کەناڵێک، پەخش دەکرێ.


## کارێکی سینەماییە

راوێژکاری هونەری و ئەکتەر، لەدرامای کەرکووک ٤، جیهاد دڵپاک، دەڵێ، کە ئەم درامایە، بەسیستەمێکی تازە کاری بۆدەکرێت و بەکامێرای (ئێچ دی پی دوو) وێنە دەگیرێت.((بۆیە دەتوانین بڵێین، کارەکە زیاتر سینەماییە، نەک دراما بێت. ٪٩٠ـی ئەو درامایە لەشاری کەرکووکدا وێنەی دەگیرێت. هەروەها ناوچەکانیتری کوردستانیشی تێدایەو بەشێک لەفیلمەکەش لەشاری بەغدا، وێنەی دەگیرێت، چونکە هەندێ لەگەنجەکان لەبەغدا، خوێندن تەواودەکەن)).

## کەموکورتی تێدایە

لەبارەی بەهێزی ناوەڕۆک و تێکستی دراماکە، هونەرمەند ئازاد جەلال، دەڵێت، دراماکە کەموکورتی تێدایە، چونکە ئەو درامایە، یەکەم کاری سعود ئەحمەدە، بەڵام بەهاوکاری هەمووان، دەتوانرێت ئەو کەموکورتییانە پڕ بکرێتەوە. عەتیە محەمەد، ژنە ئەکتەرێکی بەشداربووی ئەو درامایەیە، تێکستی دراماکە بەباش دەزانێت ((تێکستەکەم خوێندەوەو بەدڵمە، بۆیە بڕیارمدا بەشداری تێدا بکەم)). لەبارەی بوونی خۆشەویستی لەنێو دراماکە، سعود ئەحمەد ئاشکرایکرد کە پەیوەندی

www.netewe.com







کوردستان کەرکوک- ٢٠١٠. چەند دیمەنێک لە دراماکە

فۆتۆ: ڕەفیق شوکری

خۆشەویتی نێوان کوڕ و کچ لەنێو دراماکەدا هەیە. وەک باسی کرد کە کچە تورکمانێک حەزلە کوڕە کوردێک دەکات و برای کچەکە هاوڕێی کوڕە کوردەکەیە. هەروەها دووکچیتر لەقۆناغی دواناوەندین و پەیوەندی خۆشەویستیان لەگەڵ دوو کوڕی نەتەوەکانیتر هەیە. سروە حوسێن، ڕۆڵی کچێک بەناوی دنیا دەبینێت و عاشقی کوڕێک دەبێت، بەڵام وەک خۆی دەڵێ بەهۆی ((سیستەمە دیکتاتۆرییەکەی بەعس))، بەیەک ناگەن. هونەر فاتح، ڕۆڵی شوفێری تاکسییە کە پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ کچێکدا هەیەو لەئاکامدا بەهۆی چوونە سەربازی لەیەک دادەبڕێن.

### ٣٠ئافرەت بەشدارە

ناسر حەسەن، ڕۆڵی ژن لەو درامایەدا بە گەورە وەسف دەکات و دەڵێ کە نزیکەی ٣٠ ژن تێیدا بەشدارەو لەبوارە سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکاندا ڕۆڵ، دەگێڕن. بەقسەی ناسر حەسەن، لەو درامایەدا ڕۆڵی زەحمەت و ماندووبوونی ئەو ژنانەیان پیشانداوە کە هاوسەرەکانیان کوژراون، ((بە پاقلەفرۆشتن و هەژاری هەولی پێگەیاندنی، منداڵەکانیان داوە)). هەروەها لەبەشی دووهەم و سێهەمی دراماکەدا، لەدامودەزگاکانی حکوومەتدا کاردەکەن. هونەرمەند عەتیە محەمەد، ڕۆڵی خۆی ئاشکرادەکات کە ڕۆڵی میمی فاتمە، بە بەپاقلە فرۆشتن، منداڵەکانی بەخێودەکات و لەکاری سیاسیش بەردەوامە.

### تێکستنووسیش ڕۆڵ دەبینێت

سعود ئەحمەد، کە نووسەری تێکستی دراماکەیە. هاوکات ڕۆڵی موختاری گەڕەکێک دەبینێت، خاوەنی سێ خانووەو سەنتەری ڕووداوەکانی نێو گەڕەکەکەیە. ئازاد جەلال، ڕۆڵی ڕەزا ئەفەندی، دەبینێت. کەسێکی ناسراوەو خاوەن ئەزموونێکی زۆرە، بەبێ جیاوازی نەتەوەو ئایین، پەیوەندی بەهەموو گەنجەکانی ئەم شارەوە هەیە. لەلایەنی کۆمەڵایەتییەوە، پەیوەندییەکی تایبەتی لەگەڵ خەڵکدا، هەیە. جیهاد دڵپاک، ڕۆڵی دەروێش، دەبینێت کە کاراکتەرێکی بەناو شێتەو گوزارشت لەئێش و ئازاری هەموو نەتەوەکانی کەرکوک دەکات. پێشبینی هەموو ڕووداوەکان دەکات و قسەی لەسەر هەموو ڕووداوەکان هەیە. کەرکوک٤ لە شەش مانگی داهاتوودا، بەشی یەکەمی تەواودەبێت و ئێستا یەک لەسەر سێی دراماکە وێنەگیراوە. ناسرحەسەن دەڵێ، ئەگەر دوای تەواوبوونی بەشی یەکەم پشتگیری بکرێت، لەوێنەگرتنی بەشەکانیتری دراماکە، بەردەوام دەبێت.

# هونەرمەند دانیا عەلی

## ئەو ژنەی لەتۆڵەی هەڵەبجەدا ڤان ئانراتی 16ساڵ زیندانی کرد



رۆشنە عومەر

هونەرمەند دانیا عەلی لەهەڤپەیڤینێک لەگەڵ وارڤیندا باس لەوەدەکات کە خەریکی ئامادەکردنی کلیپێکی گۆرانیەکی نوێیە بەناوی ((عەشق)) و لە وڵاتی سربیا کاری میوزیکی بۆ کردووە. دانیا، هەروەها باس لەچۆنیەتی بەسزاگەیاندنی ڤان ئانرات، ئەو بازرگانە هۆڵەندییەی کە چەکی کیمیاوی بەحکوومەتی عێراقی فرۆشت.

تایبەت

هونەرمەند دانیا عەلی نیشتەجێی هۆڵەندایەو یەکەم گۆرانی خۆی بەناوی ((چاپیدی/ چاپیدی)) لەساڵی ١٩٩٥ تۆمارکردووە. ئەم گۆرانیە لوریەو هی ناوچەی خانەقینەو لەگەڵ هونەرمەند بارزان وەهاب بەدوێت گوتوویەتی و لەلایەن دەرهێنەر ئاکۆ عومەرەوە کلیپی بۆکراوە. ئیتر لەوکاتەوە بەستایلی رۆژئاوایی پۆپ، گۆرانی دەڵێت. دانیا، بەهۆنراوەکانی شاعیر ئیسماعیل خورماڵی سەرسامەو تائێستا پێنج لەهۆنراوەکانی کردووەتە گۆرانی. تازەترین کاری ئەو هونەرمەندە کلیپکردنی گۆرانییەکە بەناوی ((چرا))و لەوبارەیەوە دەڵێت: ((کاری میوزیکی لەلایەن میوزیکژەن نزار لەسلێمانی بۆکراوەو تەنیا کاری مۆنتاژی ماوە)). هەروەها باس لەگۆرانیەکی تری دەکات بەناوی ((عەشق)) کە لەوڵاتی سربیا میوزیکژەن (هارس لێو) کاری میوزیکی بۆکردووەو کاری دەنگیشی لەستۆدیۆی یاد میدیا لەهەولێر بۆکراوە))گۆرانی عەشق، بەشێوازی تەکنۆ کراوەو دەرهێنانی کلیپەکەش شاهۆ تەیبە. سەبارەت بەوەی بۆچی تائێستا بۆ کۆمپانیا ئەورووپییەکان سپۆنسەری هونەرمەندانی کوردنین؟ دانیا دەڵێ: ((کاری گۆرانیبێژی کورد لەلایەن کۆمپانیا ئەورووپییەکان سپۆنسەر ناکرێت، چونکە میوزیکی کوردی نەگەیشتووەتە ئەو ئاستەی کە وڵاتانی دەرەوە پێی ئاشنابن. هەروەها وڵاتانی تریش زۆرن کە نەیانتوانیووە ئەو سنوورە ببڕن و بگەنە ئەو ئاستەی کە تاکی ئەورووپی گوێیان لێبگرێت)). لەبارەی گلەیی جەماوەر و بینەر کە ئاراستەی لاوازی کلیپەکانی ئێستای هونەرمەندانی کورد دەکرێت، دانیا، ئاماژە بەوەدکات کە زۆر هونەرمەندی بەتوانا لەهەرێمی کوردستان هەیەو کارەکانیشیان زۆر جوانە، بەڵام توانای مادیدیان باش نییە، تا بتوانن کلیپی باش بکەن. ئەو هەریەک لە شاهۆ تەیب، هەردی عومەر، ئاسۆجەمال، بەکرفەرج، ئاکۆ عومەر و ئامانج کەمال، بەدەرهێنەری بەتوانا لەبارەی کلیپکردن وەسف دەکات. زۆرێک لەشارەزایانی تێکست و ئاواز رەخنە لەوەدەگرن کەلە کلیپەکانی ئێستای هونەرمەنداندا رەچاوی گونجاندنی تێکست و ئاواز ناکرێت، هونەرمەند دانیاش هۆکارەکە بۆ نەبوونی تێکستی گۆرانی باش و لاوازی پەیوەندی نێوان شاعیر و هونەرمەند دەگەڕێنێتەوە و دەڵێ: ((ئێمە زیاتر لەرێگای تەلەفۆن وئیمێڵەو هۆنراوەکانمان پێدەگات و چەند جارێکیش تێکستەکە دەستکاری دەکرێت، ئەمەش وادەکات کە پێکبەستەی نێوان ئاواز و تێکست لاوازبێت)). لەتەوەرێکی تری ئەم هەڤپەیڤینەدا دانیا، باس لەوەدەکات کە یادگاری زۆری لەهەڵەبجە جێهێشتووە ((برینێکی قووڵەو تائێستاش ئازارەکەی لەجەستەم دایە)). ئەو لەکاتی کیمیابارانی هەڵەبجەدا بریندارببووەو نەشتەرگەری لەهۆڵەندا بۆ ئەنجامدراوە. دوای ئەوەی بەرێگەی ناوەندی چاک کە داکۆکی لە کەیسی هەڵەبجەو ئەنفال دەکەن ئاگادار دەکرێتەوە کە تاوانبار ڤان ئانرات ئەو بازرگانە هۆڵەندییەی کە لەساڵی ١٩٨٨ چەکی کیمیاوی بەحکوومەتی عێراق فرۆشتووە، وەک یەکەم هونەرمەندی کورد سکاڵای لەسەر تۆمارکرد و بەسزای گەیاند ((من باشترین بەڵگەو شاهێدبووم بۆ بەسزاگەیاندنی ڤان ئانرات، لەگەڵ دوو برینداری تری خەڵکی هەڵەبجە لەدادگای گشتی لاهای سکاڵامان لەسەر تۆمارکرد ودادگاش بە١٦ ساڵ و نیو زیندانی کرد)). هەروەها دەڵێ، زۆر خۆشحاڵم بەو بڕیارەی دادگا، چونکە ئەو سزایە لەدادگای هۆڵەندا قورسترین سزایە. دانیا، باس لەوەدەکات کە زیندانیکردنی ڤان ئانرات بووە جێگەی سەرنجی میدیاکانی هۆڵەنداو بایەخی زۆریان بەو پرسە دا. دانیا،



www.netewe.com



حه زه كات بەشداری لەفلیمێک لەسەر کارەساتی هەڵەبجەبکات، بـەڵام وەک خۆی دەڵـێ، متمانەی بەخۆی نییە، ((کاری ئەکتەر وائاسان نییە تا گۆرانیەکی چوار خولەکی کلیپ دەکەین، چوار مانگمان پێدەچێت)). هەروەها ئاماژە بەوەدەکات کە لەتەمەنی ١٨ساڵی ژیانی هاوسەری پێکهێناوەو بەوهۆیەوە فریای زۆر شت نـەکـەوتـووە، تا ئەنجامی بدات چونکە ((زوو دڵیان بردم، بەڵام ئێستا زۆر بەختەوەرم لەگەڵ هاوسەرەکەم و یەکترمان زۆر خۆشدەوێت)) . لەبارەی پەیوەندی هـونـەری لـەگـەڵ هونەرمەندانی کـورد، ئەو دەڵێت پەیوەندیم لەگەڵ هەموو گۆرانیبێژەکان باشە. دانیا، بەپێویستی دەزانێت کە زیاتر پشتگیری گۆرانیبێژی ژن بکرێت و بەتایبەت لەمیدیاکاندا بەیەکسانی سەیر بکرێن. دانیا بەشی ((دینامیک و دیزاین)) واتا جوانکاری رازانـدنـەوەی گوڵی سروشتی لەپەیمانگایەکی هۆڵەندا تەواوکردووەو حەز دەکات بگەڕێتەوە هەرێمی کوردستان، تا لەوبوارەدا زانیاری بەتاکی کورد بگەیەنێت ((حەزدەکەم لەکوردستان وانەی رواندنی گوڵ و جوانکاری فێری ئارەزوومەندان بکەم کـە چـۆن لـەیـاد و بۆنەکاندا گوڵ دەڕازێندرێتەوە)).

**پرۆفایل**

دانیا عەلی، لە هەڵەبجەی شەهید لەدایک بووەو لەکارەساتی کیمیابارانی ساڵی ١٩٨٨ بریندار بووە.

بەشی وێنەکێشانی پەیمانگای هونەرەجوانەکانی سلێمانی تەواوکردووە.

بەشی ڕازانـدنـەوەی گوڵی لەپەیمانگایەکی هۆڵەندی تەواو کردووە.

دانیشتووی هۆڵەندایە.



www.netewe.com

# هێدی فایەق



### کاری ئێستات و پێناسەیەکی کورتی کارەکەت؟

دۆبلێر و جێبەجێکار لە تەلەفزیۆنی نیولاین

### چۆن بوو کاری بێژەریت هەڵبژارد؟

ئـارەزووی خـۆم بـوو. باوکم و هاوڕێکانم هاندەرم بوون.

### خۆشترین 10 گۆرانی بەڕای تۆ:

١-کانی: ئەی خودا
٢- نوێنەر ئەحمەد: دوعا
٣-خالید رەشید: خۆشەویستی
٤-گۆران سالْح: دەردی دڵ
٥-شێرکۆ تاڵیب: تەنیا وەرە
٦-مەرزیە فەریقی: بەڵێن بدە
٧-زیاد ئەسعەد:پێی بڵێن
٨-کەریم کابان: تەمەن
٩-سەلاح داودە: ئاشقی مەست
١٠-هانی: سەندرێلا

### نزیکترین یان خۆشەویستترین کەست؟

خۆشەویستترین و نزیکترین کەسم، باوکم و ئەژینی هاوڕێمە.

### پڕۆفایل

**ناو**: هێدی فایق عومەر
**ڕەگەزنامە**: کوردستانی
**باری خێزانی**: سەڵت
**ئاستی خوێندەواری**: بڕوانامەی دیپلۆم
**شوێنی نیشتەجێبوون**:هەولێر



www.netewe.com

# ئەستێرەکان

## کاوڕ



٣/٢١-٢٠-٤

لەکارەکەتدا فشارێکی زۆرت لەسەر دەبێ و هەست بەماندووبوون دەکەیت. کارەکانت بەو شێوەیە بەڕێوەناچێت کەپلانت بۆدارشتووە. لەڕووی سۆزدارییەوە هەموو تووڕەبوونەکانت بەسەر خۆشەویستەکەتدا بەتاڵ مەکەرەوەو لەگەڵیدا زیاتر لەسەرخۆبە.

## گا



٤/٢١ -٢٠-٥

هەست دەکەیت ئەمڕۆت پڕە لەڕووداوی جیاواز، کۆمەڵێک کێشەی زۆر و ڕووداو لەیەککاتدا ڕووبەڕووت دەبنەوە. لەڕووی سۆزدارییەوە گومانە زۆرەکانت دەبێتە هۆی دوورکەوتنەوەی خۆشەویستەکەت لێت.

## دوانە



٥/٢١- ٦/٢١

کێشەکانی کارەکەت بەرەوزیادبوون دەچێت. پێویستە زیاتر هێمن بیت و لەگەڵ هاوڕێیانی کارەکەتدا هیچ بەریەککەوتنێکت نەبێت. لەگەڵ خۆشەویستەکەت واقعی بەو داوای هیچ کارێکی مەحاڵی لێ مەکە.

## قرژاڵ



٦/٢٢- ٧/٢٢

ئەمڕۆ بەزیرەکی و خێرایی لەکارە داهێنەرەکانتدا جیادەکرێیتەوە، تواناییەکی زۆرت دەبێ لەدۆزینەوەی چارەسەری خێرا بۆ کێشەکان. لەڕووی سۆزدارییەوە خۆشترین کاتەکانت لەگەڵ خۆشەویستەکەتدا بەسەردەبەیت.

## شێر



٧/٢٣-٨/٢٢

تۆ بیرلە هیچ شتێکیتر ناکەیتەوە جگە لە کارەکەت، ئەمەش کاریگەرییەکی خراپی داناوە لەسەر باری تەندروستیت. پێویستە ئەمڕۆ گرنگییەکی زیاتر بدەیت بەلایەنی تەندروستیت، لەڕووی سۆزدارییەوە هەستدەکەیت خۆشەویستەکەت گۆڕاوە لەگەڵتدا پێویستە لەمبارەیەوە گفتوگۆی لەگەڵدا بکەیت.

## گوڵەگەنم



٨/٢٣-٩/٢٢

ئەمڕۆ دەکەویتە ژێر کاریگەری کۆمەڵێک فشارەوەو کارەکانت کەڵەکەدەبن و نازانیت کام کارەیان لەپێشەوە ئەنجامبدەیت. لەڕووی سۆزدارییەوە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ خۆشەویستیت بۆ دڵدارەکەت زیاد دەبێ و زیاتر لەیەک نزیک دەبنەوە.

## تەرازوو



٩/٢٣-١٠/٢٣

شارەزا ییەکەت یارمەتیت دەدات بۆ باشتر بەڕێوەچوونی کارەکانت، بەمەش دەرگای کارکردنی باشتر لەبەردەمتدا دەکرێتەوە. کێشەیەکی بچووک لەخێزانەکەتدا ئەوە ناهێنێت وا خەمبار دەربکەویت، لەڕووی سۆزدارییەوە خۆشەویستی بیروهۆشت داگیردەکات چێژ لەوهەستە جوانەت وەربگرە.

## دووپشک



١٠/٢٣-١١/٢١

چالاکییەکانت کەم دەبێتەوەو هەست بەخەمۆکی دەکەیت. کەمێک پشوو بدە تا چالاکییەکانت بگەڕێتەوە سەر باری پێشوو. باشتر وایە ئامۆژگاری کەسە نزیکەکانت بەهەند وەربگریت چونکە لەبەرژەوەندی تۆدایە، لەڕووی سۆزدارییەوە هەوڵبدە زیاتر لە خۆشەویستەکەت نزیک بیتەوە.

## کەوان



١١/٢٢-١٢-٢١

لەلایەن هاوبەشەکانتەوە دەستپێشخەرییەکی نوێ دەخرێتە بەردەمت، بەوردی لێیبکۆڵەرەوە پێش ئەوەی هەر بڕیارێک بدەیت، ئەمڕۆ پەیوەندی بەهاوڕێیەکی سەردەمی خوێندنگەتەوە دەکەیت، وشە جوانەکانت ناکۆکی نێوان تۆ و خۆشەویستەکەت ناهێڵێت کەخەریک بوو بەرەو جیابونەوە دەچوون.

## گیسک



١٢/٢٢-١/١٩

ڕووداوێکی کتوپڕ ڕوودەدات کە بەبڕوای خۆت کاریگەری نێگەتیڤی لەسەر داهاتووت دەبێت. کەمێک ڕەشبینی ڕووت تێدەکات، هەوڵبدە دان بەخۆتدا بگریت و ڕەشبینی لەسەر کارەکەت ڕەنگ نەداتەوە. لەڕووی سۆزدارییەوە پێویستە بەبێترس گوزارشت لەهەستی خۆت بکەی بەرامبەر بەخۆشەویستەکەت.


## سەتڵ



١/٢٠-٢/١٨

ئامادەی گۆڕانکارییەکی گەورەبە کە لەژیانتدا ڕوودەدات. باری تەندروسیت زۆرباش دەبێ، بەڵام ئاگاداربە لەدەستی نەدەیت. لەڕووی سۆزدارییەوە هەست بەترس دەکەیت بەرامبەر وتەکانی خۆشەویستەکەت.

## نەهەنگ



نەهەنگ ٢/١٩-٣/٢٠

هەوڵبدە لەگەڵ هاوڕێیانی کارەکەت باشترین پەیوەندیت هەبێت. وەک خۆت بیری لێدەکەیتەوە گەشت و گەڕان هەموو شادییەکان نین. لەکاتی گفتوگۆکردن و هەڵسووکەوت لەگەڵ خۆشەویستەکەت زیاتر هێمن بە.

www.netewe.com

# EZEL

## ئەو پیاوەی بکوژانی دەناسێت و ئەوان هەستی پێ ناکەن

# DRAMA

ئەزەل، درامایەکی تورکییەو رووداوی کەسێک بەناوی عومەر، دەگێڕێتەوە کە لەلایەن نزیکترین هاوڕێکانییەوە خیانەتی لێکراوەو بەوهۆیەوە زیندانیکراوە و کوژراوە. عومەر، ئەو پیاوەی کە هاوڕێکانی پیلانی کوشتنیان بۆ دانا، لەلایەن ئەوان بەکوژراوی جێهێڵدراو تۆمەتی ئەوەشیان خستەپاڵی کە کەسێکی کوشتووە، بۆیە خرایە زیندان و دواتر هەواڵی مردنی راگەیەندرا.

جەنگیز، نزیکترین هاوڕێی ئەزەل بوو کە بۆ بەدەستهێنانی ئیشان، خۆشەویستەکەی عومەر، خیانەتی لێ کردو ئەوی خستە زیندانەوە. ئیشان، خۆشەویستەکەی ئەزەل بوو، بەڵام خیانەتی کرد و لەگەڵ جەنگیز، هاوسەرگیری کرد. عەلی، ئەو پیاوە بکوژەیە کە یارمەتی جەنگیزی لەکوشتنی عومەر داوەو پارێزەری جەنگیزە. ئەزەل، ئەو پیاوەی کە ناوی عومەرە، بکوژانی دەناسێت، بەڵام بکوژانی هەست ناکەن کە ئەو عومەرەو نەمردووە. دوای ئەوەی کەلە زیندان رادەکات خۆی لەکەسووکاری نەناس دەکات. ئەزەل، بۆ بەدەستهێنانی بەڵگەیەک کەلە دادگا بێتاوانی خۆی بسەلمێنێ لەوەی کە تۆمەتی کوشتنی پیاوێکی خراوەتە پاڵ، جارێکیتر هاوڕێیەتی جەنگیز، عەلی، ئیشان و بەهار دەکات و خۆی لەدایک و باوکی راستەقینە نەناس دەکات. ئیشان، هەستی خۆشەویستی بۆ ئەزەل دەجووڵێت، بەڵام نازانێ کە ئەو عومەرەو خۆشەویستەکەی پێشووتریەتی و نەمردووە. مەمەد، برای ئەزەلەو رۆژنامەنووسە. ئەو



www.netewe.com




بەردەوام بەدوای ئەوەیە کە لەرێگەی رۆژنامەوانییەوە بەدواداچوون لەوە بکات کە کێ عومەری کوشت و سەروەت و سامانەکەی چی لێهات؟، بەڵام مەمەد، نازانێت کە ئەزەل، برایەتی و نەمردووە. ئیشان، بەردەوام دەڵێت رابردوو بەدوامەوەیەو هەست بەنارامی ویژدانی دەکات کە خیانەتی کردووە، بۆیە هیچ کات دڵی بەجەنگیزی هاوسەری خۆش نییە. ئەزەل، کاتێ ئیشان، دەبینێت هەموو رووداوەکانی بیردێتەوە، لەکاتێکدا ناتوانێت پێی بڵێت کە خۆی عومەرە. دوای ئاشکرابوونی راستی رووداوەکە، لەدادگا دەسەلمێنرێت کە عومەر بکوژ نەبووەو نەمردووە، جەنگیز و عەلی، شۆک دەبن و بەو هۆیەوە ئەزەل، بێتاوان دەردەچێت و جارێکیتر ئیشان، بەدەست دەهێنێتەوە. ئەوەی لەو درامایە دەخوێندرێتەوە ژێری ئەزەلە کە دەتوانێت بەئارامی لەگەڵ رووداوەکان مامەڵە بکات، تا ئەوکاتەی بکوژانی دەداتە دادگا و تۆڵەی خۆی دەسەنێتەوە. خاڵێکیتری دراماکە هەستکردن بەتاوانە کە هەمیشە ویژدانی هاورێکانی ئەزەل، ئازار دەدت کە لەپێناو کچێک و سەروەت و ساماندا خیانەتیان کرد. خاڵێکیتر پەیوەستبوونی ئیشانە بەرابردوو کە هەمیشە وەک کابووسێک لەخەودا دیتەوە یادی و هەست بە تاوان دەکات و هەمیشە دەچێتە ئەو شوێنەی کەلە رابردوو لەگەڵ عومەر، لێی ژیاوە. لەکۆتاییدا ئەو دەنگەی لەناخەوە بەجەنگیز، ئیشان و عەلی دەڵێت ئەزەل دەگەڕێتەوە ئەمە دەبێتە واقیع و عومەر بەنەمری دەمێنێتەوە.

# حزب و رەخنە



**بەهرە حەمەڕەش**

ئەوکاتانەی حیزب دەبێتە، کارگەی بەرهەمهێنەری، بت و ئەندامانی بێبەرهەم و دەست لەسەر سنگ، پەروەردە دەکات. بەفەرمانی ئاغاکانیان، بەڕەش بڵێن، سپی، بە سپی، بڵێن، رەش، ئەوکاتەیە کە حزب تووشی کارەسات و دووڕیانی مان و نەمان دەبێت، چونکە هەر دەزگاو دامەزراوەو رێکخراوێک، ئەندامانی چالاک و رەخنەگری پەروەردە نەکرد، دوچاری دۆگمابون و سەرلێشێوان، دەبێت. هەرکاتێک کەسانێکی هەلپەرست، بەرژەوەندی حزبیان کردە، قوربانی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیان حزب، فۆرمی دیوەخان وەردەگرێت، یەکێک ئەمر دەکات، ئەویتر جێبەجێی دەکات. بەمجۆرە، لێدانی دڵی حیزب، لاواز دەبێت و سەرجەم ئەندامانی دووچاری نەخۆشی دەبنەوە. ئەوەش کێشەکان دەگەیەنێتە ئاستێک کە کوشندەو بێچارەسەر دەبن. کەلتووری رەخنەو رەخنەقبووڵکردن، بزوێنەری هزرو کردارو بەرهەمهێنەری چینێکی پڕجووڵەو کارویستە. بەپێچەوانەوە رۆتین روودەکاتە کون وکەلەبەرکانی حزب و کەڕوو دەگرێت. پێویستە کۆبوونەوەکانی حزب، جێی رەخنەو رەخنە قبووڵکردن بێت، چونکە ئەگەر وانەبێت بەپێچەوانەوە ئەندامانی حزب، بەتایبەت چینی هەژار، کە هەمیشە لەچاوەڕوانی گۆڕانی بارودۆخدان و داینەمۆی هەموو شۆڕشێکن، تووشی بێهیوایی و بێزاری دەبن. ئەوکاتانەی حزب، بووە دیوەخانێکی گەورەو هەمووان بەفەرمانی ئاغایان، گوت، بەڵێ، دەبێتە دوژمنی چینی چەوساوە. ئەو حزبەی دەیەوێت لەگۆڕەپان، بمێنێت، دەبێ هەمیشە لەنوێبوونەوەو جووڵەدابێت، لەهەوڵی دانانی سیستەمی نوێ و لەگەڵ خەمەکانی خەڵکدا بژیت. پێویستە ئەندامانی حزب فێری کەلتووری رەخنەگرتن و رەخنە قبووڵکردن بکرێن، چونکە هەرکەس حزبەکەی خۆی خۆشبوێت، دەبێ رەخنەی لێبگرێت، بەو مەبەستەی پێگە جەماوەرییەکەی بەرفراوانترو خزمەتی باشتر پێشکەشی نیشتمان و جەماوەرەکەی بکات. ئەو حزبەی کە مەبەستی خزمەتکردنی هاووڵاتییان بێت، کەسانێک لەئاستی بەرپرسیارێتی دانانێت کە هەمیشە لە فکری بەرژەوەندییە تەسکەکانیان و پشوو و سەفەری دەرەوەی وڵاتدا بن. حزبی سەرکەوتوو ئەو حزبەیە کە تێڕوانینی بۆ رەوشی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا لەو ئاستەدا بێ کە خۆی بەخوڵقێنەری مرۆڤەکان نەزانێت. هەرحزبێک نیازی لەدەستدانی پێگە جەماوەرییەکەی نەبێ، نابێت خەڵکی بگەیەنێتە ئەو بڕوایەی بڵێ»خۆزگەم بەپار». حزب، دەبێ رێز لەئیرادەو بۆچوونی جەماوەر بگرێت، دیوارە ئەستوورەکانی نێوان خۆی و خەڵک بشکێنێت، فەلسەفەی جەماوەر، وزەی بەردەوامی دەسەڵات و حکوومەتەو حزب دەبێ هەمیشە لەدەستی نەدات. بەپێچەوانەوە کۆمەڵێک ئاغاو خۆشخوان، دروستدەبن و حزب دەخەنە خەوێکی خۆشەوە، بەهیوای بەردەوامی بارودۆخ. ئێمە خەڵکی وڵاتێکین کە لێوانلێو لەتوندوتیژی، رق، یەکترچەوساندنەوەو یەکتر قبووڵنەکردنین. رەخنە بەشەڕ، شەڕ بەئاشتی، رەخنەگر بەگێرەشێوێن دەزانین. تا فێری کەلتووری رەخنەگرتن و یەکتر قبووڵنەکردن نەبین، شتەکان وەکو هەن، ئاڵۆزتردەبن. دوورو نزیک کەلتووری شوڤینی بەعس لەشێوازی بیرکردنەوەو هەڵسووکەوتمان زاڵە. بەڵام پێویست بوو دەسەڵاتی نۆزدەساڵەی کوردستان، توانیبای هەموو ئەو رق و کینانە بسڕێتەوەو بەجێی شەڕ، خەڵکی فێری رەخنەقبووڵکردن کردبا. پێویستە کەلتووری لێبوردەیی، جێی کەلتووری هەڕەشەو شەڕ بگرێتەوە. ئەوەی ئینتیمای بۆ خاک و نەتەوەکەی هەبێت، بەهیوای بەرەو باشترچوونی رەوشی هاووڵاتیان و بووژانەوەی وڵات، رەخنە لەدەسەڵاتەکەی دەگرێت، ئەو دەسەڵاتەی وڵاتەکەی خۆشبوێت، رێگە بەچینی شارەزا دەدات بۆ کارکردن و گوێ بۆ رەخنەی رۆشنبیران دەگرێت. ئەو حزبەی ئامانجی خزمەتکردنی وڵات بێت، دەبێ هاووڵاتیانی خۆشبوێت. ئەو بەرپرسەی رێز لەپۆلیسێکی هاتووچۆ ناگرێت و بەنایاسایی لەگڵۆپی سوور دەدات، بناغەی شێواندنی وڵات و لەقبوونی یاسا دادەڕێژێت. ئەو بەپرسەی شەوان پاسەوانەکانی، بەردەرگای مەکتەبی شەوان، دەگرن و قوتابیان هەراسان، دەکەن و تەنیا لەتاقیکردنەوەکان، بەشداری دەکات، دیمەنێکی ناشیرنی حزب دەداتە چینی قوتابی. ئەو بەرپرسەی چەند مانگ جارێک، سەفەری دەرەوەی وڵات، دەکات و هاووڵاتییەک، بەهۆی نەخۆشی و بێبەرنامەیی سلکی تەندروستی، گیان لەدەستدەدات، نیشتمانێک لە رق و دەریایەک لە گلەیی، لەدەروونی هاووڵاتییان جێدەهێڵێت.

www.netewe.com